وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ڕاگەیاندنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

نامەیەکە پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن دا

**خوێندکار**

**سەلمە فاتح تۆفیق**

**سەرپەرشتیار**

**پ.د نەزاکەت حسێن حمە سەعید**

خەرمانان/٢٧٢٢ کوردی تەمموز/٢٠٢٢زایینی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (1) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (2) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (3) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (4) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(5)

سورة العلق: اية (١–٥)

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار ( سەلمە فاتیح تۆفیق) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

**سەرپەرشتیار: پ.د. نەزاکەت حسێن حمە سەعید**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆر**

**ڕیکەوت: ٢٩/ ٥/ ٢٠٢٢**

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

**ناو: پ.ی.د. سەلام نەسرەدین محمد**

**سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن**

**ڕێکەوت: ٢٩/ ٥/ ٢٠٢٢**

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (سەلمە فاتیح تۆفیق)مان بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاساو بڕیارەکاندا) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( زۆر باش ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن / تەلەفزیۆن) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. هێمن مجید حسن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٨/٨/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. بەهات حسیب قەرەداخی
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٠/٧/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. کاوە عبدالرضا محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت : ٢٠/٧/٢٠٢٢

واژۆ:
ناو: د. نەزاکەت حسێن حمەسعید
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٢٠/٧/٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٤/٩/٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

- بە دایکی شیرینم: ئەو ژنەی، کە هەموو ژیانی کرد بە قوربانی و بێ پشت و پەنا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا و منداڵکانی بە بێ باوک پەروەردە کرد.
- بە رۆحی پاکی بەرزەفڕی (شەهید فاتیح)، ئەو پیاوەی، کە هەمیشە بە خەیاڵی نازی ئەوەوە دەژیم.
- هاوسەری ئازیزم: کە هەمیشە بووە بە چیایەکی بەهێز و لەپشتم بووە.
- خوشک و برا ئازیزەکانم.
- ئەو ڕاگەیاندکارانەی، کە بەبەرپرسیارێتیەوە کاری میدیایی دەکەن.

**توێژەر**

## سوپاس و پێزانین:


- سوپاس و پێزانینی بێپایانم بۆبەڕێز (پ.د.نەزاکەت حسێن)، کە وەک سەرپەرشتیارێک و مامۆستایەکی دڵسۆز هەمیشە هاوکار و پشتیوانم بووە.
- سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم، کە بە سەرنج و تێبینییەکانیان هاوکارییان کردم و توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندکرد، بەتایبەتی (پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید، پ.ی.د.حەکیم عوسمان، پ.ی.د.فوئاد عەلی، پ.ی.د.کاروان مەحەمەد، پ.ی.د.سامان جەلال).
- بۆ بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی بەڕێز( سامان ئەحمەد بەکر) بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، کە هاوکارییان کردم لە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوەکەم.
- بۆسەرجەم پەرلەمانتاران و پەیامنێرانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، کە هاوکارم بوون لە بەشی مەیدانی توێژینەوەکەم.
- بەڕێزان (د.نەوزاد عەلی ئەحمەد) ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان،و (پ.ی.د.تریفە عومەر ئەحمەد)، لەباری زمانەوانی و خاڵبەندیدا بە توێژینەوەکەدا چونەتەوە.
- بەڕێز (فوئاد ئەحمەد سلێمان) بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، هاوکار و پشتیوانیەکی بەردەوامم بووە لە توێژینەوەکەم.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی، کە هاوکارییان کردم لە وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکان و دەستخستنی سەرچاوەکانی توێژینەوەکەبەتایبەتی( دەریا عبدولوەهاب).

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا)، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێویە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زانینی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، هەروەها زانینی ئەوەی ئایا ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بووەتە پردێکی بەهێز لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بە ئامانجی هەوڵدان بۆ ناساندن و خستنەڕووی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان بە جەماوەر، چونکە پەرلەمان گەورەترین و باڵاترین دامەزراوەی سیاسی و یاسایی هەر وڵاتێکە، سەرچاوەی سەرەکی یاساکانە بۆ دەستەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەریی. بێگومان سەرجەم یاساکان بۆ بەرژەوەندیی خەڵکە، بۆیە مافی تەواوەتی خەڵکە ئاگاداری ئەو یاسایانە بێت، کە لەبارەی ژیان و گوزەرانیانەوە دەردەچێت، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە بتوانێت یاساکانی بە خەڵک بناسێنێت و وێنەی ڕاستەقینەی ناو پەرلەمان و حزب و لایەنەسیاسییەکان و نوێنەرانی گەل بە جەماوەر پیشانبدات، بۆئەوەی جەماوەر بەرچاوی ڕۆشنتربێت لە ئەدای کاری نوێنەرەکانی لەناو پەرلەمان، ئەگەر خۆی ڕاگەیاندنێکی بەهێزی هەبێت، یان سوود لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی تر وەربگرێت. ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی میدیایە لە بەشداریکردنی سیاسی و بەبازارکردنی سیاسیدا، هەروەها بۆ زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، دەرخستنی ئاستی هەماهەنگی بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانە بۆ بەبازارکردن و ناساندنی یاسا و بڕیار و کار و چالاکییەکانی پەرلەمان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە. بۆ لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بە ڕێکاری ڕووپێوی بەستووە، لەڕێگەی پیادەکردنی ئامڕازی (فۆرمی ڕاپرسی)یەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانە، سامپڵی توێژینەوەکە ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و پەیامنێری ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییانەیە، کە ڕوماڵی ڕووداوەکانی پەرلەمان دەکەن، لە ئەنجامی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی هەردوو فۆڕمی ڕاپرسیی تایبەت بە نموونەی توێژینەوەکە (پەرلەمانتاران و پەیامنێران) گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان لە ئاستی پێویستدا نییە، کەمجار هەوڵی ناساندن و بەبازارکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی داوە.

2. ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی پێویست سوودی لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان وەرنەگرتووە، بەڵام هەندێکجار بۆ ناساندن و بەبازاڕکردنی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکانی بەشداری بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کردووە.
3. ململانێ سیاسییەکان، بۆ دەستخستنی زانیاری لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان ڕێگری لە پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کردووە، لەهەمانکاتدا ڕێگریش بووە لە گەیشتن و ناسینی یاسا و بریارەکان بە خەڵک.
4. ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وەک پێویست نەیتوانیوە بێلایەن بێت و هاوسەنگی خۆی بپارێزێت لەگەڵ پەرلەمانتاران و پەیامنێرانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات،
5. ڕاگەیاندنی پەرلەمان کەمجار هاوکاری پەرلەمانتارانی لە پێدانی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان کردووە، بەڵام زۆرجار هاوکاری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی لەمبارەیەوە کردووە..
6. کار و چالاکیەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، خۆی لە پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان چڕکردووەتەوە، زانیاری پێویست و وردەکاریی کاری لیژنەکان و گفتوگۆی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان بۆ جەماوەر و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ناخاتەڕوو، ئەمەش وایکردوە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان خۆیان هەندێکجار بایەخ بە تاوتوێی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان نەدەن.
7. هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان، تاڕادەیەک باشە، بەڵام هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە عەرەبی و بیانییەکان لە ئاستێکی خراپدایە.
8. ڕاگەیاندنی پەرلەمان، هەندێکجار بووەتە پردێکی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بەڵام کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئامانجی قسەکردن لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان، بوونەتە پردێکی بەهێز لەنێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر.

# پێڕستی بابەت


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان |
| --- | --- |
| أ | بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ |
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ت | بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن |
| ث | پێشکەشە بە |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| ح | پوختەی توێژینەوەکە |
| د | پێڕستی بابەت |
| ز | لیستی ئەوخشتانەی لە تیۆری نامەی توێژینەوەکەدان |
| س | لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە |
| س | یەکەم: لیستی خشتەی تایبەت بە سامپڵی پەرلەمانتاران |
| ش | دووەم: لیستی خشتەی تایبەت بە سامپڵی پەیامنێران |
| ص | لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە |
| 1 | پێشەکی |
| 3 | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە** |
| 4 | کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە |
| 4 | گرنگی توێژینەوەکە |
| 5 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 6 | جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە |
| 6 | کۆمەڵی توێژینەوەکە |
| 6 | سامپڵی توێژینەوەکە |
| 7 | سنووری توێژینەوەکە |
| 7 | ئامرازەکانی توێژینەوەکە |
| 7 | ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە |
| 8 | ئاستی جێگیری توێژینەوەکە |
| 8 | ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە |
| 9 | ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە |
| 9 | دیارکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە |

| | |
|---|---|
| 12 | تویێژینەوەکانی پێشوو |
| 19 | **بەشی دووەم: ڕۆڵی و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن و بازارگەریی سیاسیدا** |
| 20 | **باسی یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردنی سیاسیدا** |
| 20 | یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردنی سیاسیدا |
| 25 | دووەم: ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا |
| 27 | سێیەم: توانای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا |
| 30 | چوارەم: ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا |
| 32 | **باسی دووەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بازارگەری سیاسیدا** |
| 38 | **باسی سێیەم: تەلەفزیۆن و دەرکەوتن وگەشەکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان** |
| 45 | **بەشی سێیەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان** |
| 46 | **باسی یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاسادانان** |
| 46 | یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و مێژووی دامەزراندنی |
| 49 | دووەم: ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان |
| 52 | سێیەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان |
| 55 | چوارەم: پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان |
| 64 | پێنجەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاسادانان |
| 68 | **باسی دووەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەرک و تایبەتمەندییەکانی** |
| 68 | یەکەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی |
| 74 | دووەم: کەناڵی تەلەفزیۆنی پەرلەمانی لە پەرلەمانی بەشێک لە وڵاتان |
| 80 | سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی |
| 82 | چوارەم: ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی |
| 84 | پێنجەم: ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی |
| 85 | شەشەم: ئامرازەکانی کاراکردنی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی |
| 87 | **باسی سێیەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان** |
| 87 | یەکەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان |

| | |
|---|---|
| 95 | دووەم:پەیوەنـدی نێوان بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیـانـدنی پەرلەمـان وکەنـاڵە تەلەفزیۆنییەکان |
| 101 | **بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** |
| 102 | یەکەم: خستنەڕووی فۆرمی ڕاپرسی یەکەم؛ تایبەت بە پەرلەمانتاران |
| 125 | دووەم: خستنەڕووی فۆرمی ڕاپرسی دووەم، تایبەت بە پەیامنێران |
| 146 | دەرئەنجام |
| 148 | ڕاسپاردەکان |
| 150 | پێشنیازەکان |
| 151 | سەرچاوەکان |
| 157 | پاشکۆکان |

## لیستی ئەو خشتانەی لە تێزری نامەی توێژینەوەکەدان



| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 63 | خشتەی (أ) یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان |
| 81 | خشتەی(ب) تایبەتمەندی میدیای پەرلەمانی |

# لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## یەکەم: لیستی خشتەی تایبەت بە سامپڵی پەرلەمانتاران



| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 102 | تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە |
| 104 | بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە میدیا |
| 106 | تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان |
| 109 | تەوەری دووەم: توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان |
| 111 | تەوەری سێیەم: توانای پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان |
| 114 | تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی داتا و زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران |
| 117 | وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ هەرچوار تەوەرەکە |
| 118 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 119 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 121 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لە تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 123 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی لایەنی سیاسی لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە |

## دووەم: لیستی خشتەی تایبەت بە سامپڵی پەیامنێران


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 125 | تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە |
| 126 | بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە میدیا |
| 128 | تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەشداری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان |
| 131 | تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان |
| 134 | تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە پێدانی داتا و زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان |
| 137 | تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان |
| 140 | وەڵامدانەوەی پەیامنێران بۆسەرجەم تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 141 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 142 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە |
| 144 | ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لە تەوەرەکانی توێژینەوە |

# لیستی پاشکۆکانی توێژینەوەکە



| لاپەڕە | ناونیشانی پاشکۆکان |
|---|---|
| ض | 1- فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت پەرلەمانتاران |
| ک | 2- فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە پەیامنێران |
| أأ | 3- ڕواڵەتە ڕاستی توێژینەوەکە |
| ب ب | 4- ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە |
| ت ت | 5- خشتەی ناوی پەیامنێران |
| ث ث | 6-نووسراوی بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان |
| ج ج | بەرگ و پوختەیەک بە زمانی عەرەبی |
| ر ر | بەرگ و پوختەیەک بە زمانی ئینگلیزی |

## پێشەکی:

ڕاگەیاندن وەک زانستێک لە دونیادا، گرنگی زۆری پێدەدرێت و لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی درروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بیر و ڕەفتاری تاکەکان هەیە حزب و لایەنە سیاسییەکان تەلەفزیۆن وەک هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاردەهێنن، هاوکات پارتە سیاسییەکان هێز و توانا و پێگەیان بە بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی دیاریدەکرێت، چونکە پەرلەمان گەورەترین و باڵاترین دامەزراوەی یاسایی و سیاسیی هەر وڵاتێکە، کە دەرکردن و پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکانی تێدا دەردەچێت، بۆیە لەم توێژینەوەدا باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لە بەشدارپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و کەناڵەکانی میدیا لە ناساندنی پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان و ئەو یاسایانەی، کە پەسەندیدەکات، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە بوونی هەماهەنگی لەنێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بە ئامانجی ناساندن و بەبازاڕکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان، لەم ڕوانگەیەشەوە کۆمەڵێک پرسیار دەخاتەڕوو کە گرنگترینیان بریتیەلە : ئایا ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بووەتە پردێکی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمان و پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی ناساندنی یاسا و بڕیارەکان؟

بە ئامانجی زانینی ئاستی ئەو پەیوەندییە و دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن و بەبازاڕکردنی سیاسیدا، کە پشتی بە ڕێبازی وەسفی و میتۆدی ڕووپێوی بەستووە، لەڕێگەی ئامرازی (فۆرمی ڕاپرسی)یەوە خراوەتەڕوو، کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە پەرلەمانی کوردستان و میدیاکارانی هەرێمی کوردستانە و سامپڵی توێژینەوەکەش ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، خولی پێنجەم و پەیامنێرانی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانیە کوردیانەیە، کە لەلایەن کەناڵەکانەوە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و چالاکییەکانی پەرلەمان ڕاسپێردراون، هەروەها لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە وەک پەیامنێری تایبەتمەند بۆ ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەرلەمان پشتڕاستکراونەتەوە، ئەم توێژینەوەیە جگە لە بەشی یەکەم، کە میتۆدنامەی توێژینەوەکەی تێدا خراوەتەڕوو، بنیاتی توێژینەوەکەش بەشی دووەم و سێیەم توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لە بەشی دووەمدا لەژێر ناونیشانی( ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن و بازارگەریی سیاسیدا)، توێژەر لەباسی یەکەمدا ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا خستووەتەڕوو، هەروەها ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لەم پرۆسەیەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و توانای ئەو ئامرازانە لەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لەپرۆسەی بەشدارکردنی سیاسیدا بەرجەستەکراوە ، لە باسی دووەمدا ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لە بازاڕگەریی سیاسیدا خراوەتەڕوو، لە باسی سێیەمیشدا تەلەفزیۆن وچۆنیتی گەشەکردن و دەرکەوتنی لە هەرێمی کوردستاندا لەخۆدەگرێت، بەشی سێیەمی

توێژینەوەکە تایبەتە بە پەرلەمانی کوردســـتان و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی، کە لەســـێ باس پێکهاتووە، لەباســـی یەکەمدا شـــرۆڤەی پەرلەمان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پڕۆســـەی یاســـادانان‌دا کراوە، پەیوەست بە دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان و مێژووی دروستبوون و خول و لیژنە و ئەویاسا و بڕیارانەی کە دەریکردوە کراوە، هەروەها باس لە پڕۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردســـتان کراوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەو پڕۆســـەیەدا خراوەتەڕوو، باســـی دووەم تایبەتە بە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەرک و تایبەتمەندییەکانی، لێرەدا باس لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەرک و ئامانج و تایبەتمەندیەکانی، هەروەها پەرلەمانی وڵاتانی دونیا چۆن ڕوومالّی میدیای دەکەن بۆ کارەکانیان، لەگەڵ کاراکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کراوە، باســـی سێیەمیش تایبەتە بە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و چۆنێتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی لە پەرلەمانی کوردســـتان، هەروەها پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بە ئامانجی ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان شیکراوەتەوە.

بەشـی چوارەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە و خسـتنەڕوو و شـیکردنەوەی زانیارییەکان لەخۆگرتووە، لەکۆتایی توێژینەوەکەشـدا دەرئەنجام و پێشـنیار و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە

جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

کۆمەڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە

ئامرازەکانی توێژینەوەکە

ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە

ئاستی جێگیری توێژینەوەکە

ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە

ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

دیارکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

## 1- کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە:

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا هۆیەکی گرنگە بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکان، لەو ڕێگەیەوە زۆرترین کاریگەری لەسەر جەماوەر دروستدەکەن، بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئامرازێکی باشن بۆ بەبازاڕکردن و ناساندنی کاڵا و بیر و فیکر و ئایدیای حزب و لایەنە سیاسییەکان، پارتە سیاسییەکان هێز و توانا و پێگەیان بە بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پەرلەمانی دیاریدەکرێت، چونکە پەرلەمان باڵاترین دامەزراوەی یاسایی و سیاسیی هەر وڵاتێکە، کە دەرکردن و پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکانی تێدا دەردەچێت، تاچەند ئەم دامەزراوەیە (پەرلەمان) سوودی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەرگرتووە بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی لەپێناو بەبازاڕکردنی بەرنامەی سیاسیی حزبی بەشدار لەناو پەرلەمان و هۆشیاریی یاسایی لەلای جەماوەردا، هەروەها تاچەند هەماهەنگی لەنێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییەکان بە ئامانجی ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان هەیە، بۆ سەلماندنی شەفافیەت و خستنەڕووی ڕوون و ڕاشکاوانەی کاری پەرلەمانی، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەدا ئەم پرسیارانە دەخاتەڕوو:

1. تا چەند پەرلەمانی کوردستان و دامودەزگا سیاسییەکانی کوردستان سوودیان لە ڕاگەیاندن بۆ بەبازاڕکردن و ناساندنی پڕۆژە و کارەکانیان بینیوە؟
2. ئایا ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بووەتە پردێکی بەهێز لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئامانجی خستنەڕووی یاسا و بڕیارەکان؟
3. ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، تاچەند هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی خستنەڕووی کاری پەرلەمان و ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی هەیە؟
4. تاچەند دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی لە پڕۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا هەبووە ؟

## 2- گرنگی توێژینەوەکە:

- بۆ ئاستی زانستی هەرێمی کوردستان:

توێژینەوەیەکی زانستیە، یەکێکە لە توێژینەوە دەگمەنەکان، کە لەسەر ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی کراوە، لە ڕوانگەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پڕۆسەی بەشداریکردن و بەبازاڕکردنی سیاسەتدا، ئەم توێژینەوەیە لەسەر دامەزراوەی

پەرلەمان دەکات وەک دەزگایەکی باڵای یاسایی و سیاسیی، لە پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەکۆڵێتەوە.

- بۆ بواری پسپۆڕی ڕاگەیاندن:

ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەمایەکی گرنگ و زانستی لەبواری میدیا، بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی و دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لەبواری میدیادا و کەلێنێک لە کتێبخانەی ڕاگەیاندن لە کوردستان پڕدەکاتەوە.

- بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان:

ئەم توێژینەوەیە دەبێتە نموونە و ڕێنیشاندەرێکی ئەکادیمی تا دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو ڕێگەیەوە بە شێوازێکی زانستی مامەڵە لەگەڵ پەرلەمان و ڕومالی دانیشتن و چالاکییەکانی پەرلەمان بکەن.

- بۆ پەرلەمان:

ئەم توێژینەوە دەبێتە بنەمایەکی زانستی گرنگ تا پەرلەمانی کوردستان و ڕاگەیاندنی پەرلەمان سوودی لێببینێت، بۆئەوەی زیاتر کاری لەسەر بکات و کەموکورتییەکانی پڕبکاتەوە و پەیوەندییەکانی بەشێوازێکی زانستی و ئەکادیمی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕێکبخاتەوە.

## 3- ئامانجی توێژینەوەکە:

١. زانینی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

٢. دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنە لە پڕۆسەی بەشداریکردن و بەبازاڕکردنی سیاسیدا.

٣. دەرخستنی ئاستی هەماهەنگی بەڕێوبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ بەبازاڕکردن و ناساندنی یاسا و بڕیار و پڕۆژەکانی پەرلەمان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە.

٤. هەوڵدان بۆ خستنەڕووی جۆر و ئاستی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

### 4- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفییە، کە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، وەک (ڕاگەیاندن، پرۆسەی یاسای و سیاسی لە پەرلەمان، بەشداریکردنی سیاسیی، بەبازاڕکردنی سیاسی) و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان، لەو چوارچێوەیەدا وەسفی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە هەماهەنگی و بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا دەکات، بۆ لایەنی مەیدانی توێژەر پشتی بە ڕێکاری ڕووپێوی بەستووە، کە لەڕێگەی ئامرازی (ڕووپێوی، فۆرمی ڕاپرسی)ەوە بەرجەستەکراوە.

### 5- کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی توێژینەوەکە، هەرێمی کوردستانە، هەریەک لە (میدیاکارانی هەرێمی کوردستان) و (ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان)ە، لەبەرئەوەی توێژینەوەکە گرنگی بە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دەکات و ڕۆڵی لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان بە بەشداریپێکردن و هەماهەنگی کردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەخاتەڕوو.

### 6- سامپڵی توێژینەوەکە:

- (ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، خولی پێنجەم)ە، پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا خولی پێنجەمینیەتی، بۆئەوەی بە وردی بگەین بە هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بە ئامانجی ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان، پەرلەمانتار باشترین سامپڵە، چونکە خۆی لە پەسەندکردن و داڕشتنی یاسا و بڕیارەکان بەشداره و کارەکتەرێکی گرنگە بۆ باسکردن و ناساندنی یاساکان بە جەماوەر.
- لە میدیاکارانی هەرێمی کوردستانیش، توێژەر تەنها پەیامنێری ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییانەی وەرگرتووە، کە ڕووماڵی ڕووداوەکان و چالاکییەکانی پەرلەمان دەکەن و ناویان لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە پەیامنێرەکان لەلایەن کەناڵەکانیانەوە ڕاسپێردراون، بەوەی ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەرلەمان بکەن، چونکە ئەم پەیامنێرانە تایبەتمەندییان وەرگرتووە و لەکاروباری پەرلەمان و پرۆسەی یاسادانان و ناساندنی پێشنیاز و پرۆژە یاساکان شارەزاترن.

**7- سنووری توێژینەوەکە:**

1- سنووری شوێن: توێژەر هەرێمی کوردستان وەک سنووری توێژینەوەکەی دیاریکردووە، چونکە توێژینەوەکە لەسەر (پەرلەمانی کوردستان)ە و پەرلەمانیش لەناو هەرێمی کوردستان و لەشاری هەولێرە.

2- سنووری مرۆیی: توێژەر ئەندامانی پەرلەمان (پەرلەمانتار) وەک سنووری مرۆیی توێژینەوەکەی دیاریکردووە، کە ژمارەیان (١١١) پەرلەمانتارە بەڵام لە کۆی ئەو ژمارەیە تەنها (98) فۆرم گەڕاوەتەوە بۆ توێژەر، لەگەڵ پەیامنێری ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییانەی، کە ڕوومالّی ڕووداوەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، ژمارەیان ٢٨ پەیامنێرە و سەرجەم فۆڕمەکان گەڕاوەتەوە بۆ توێژەر (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 5و6).

3- سنووری کات: سنووری کاتی ئەم توێژینەوە خولی پایزەی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستانە کە لە (٢٠٢١/٩/١ دەست پێدەکات و لە ٢٠٢١/١٢/٣١کۆتای دێت).

**8- ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژەر پشتی بەستووە بە (فۆڕمی ڕاپرسی)، کە یەکێکە لە ئامرازە زانستییەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، هەروەها ئەنجام و داتای ورد و ڕێژەی ورد دەدات بەدەستەوە بەتایبەتی بۆ گەیشتن بە ئاستێک، کە پێویستت بە ڕێژە بێت، توێژەر لەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە داتا بگات بەڕێژەی ئاستی پەیوەندی و هەماهەنگی پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان. هەروەها توێژەر پێوەری (لیکارد) بۆ (٥) بژاردە بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردن لەگەڵ دەرئەنجامی ناوەندە ژمێرەیی و بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە:

پێوەری لیکارد بۆ (٥) بژاردەیی دەڵێت: 1-1.80 هەرگیز. 1.81-2.60 کەمجار. 2.61-3.40 هەندێک جار. 3.41-4.20 زۆرجار. 4.21-5.00 هەمیشە.

**9- ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ گەیشتن بە پێوەری ڕاستی پشتی بە (٥) پسپۆڕی ئەکادیمی بواری ڕاگەیاندن بەستووە، دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ئاماری بۆ فۆڕمەکان بۆ فۆڕمی

ڕاپرسی یەکەم، کە تایبەتە بە پەرلەمانتاران دەرکەوت، ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (٩١،٢٪).

بۆ فۆرمی ڕاپرسی دووەم، کە تایبەتە بە پەیامنێران، ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (٩٠،٨٪)، کە ئەم ڕێژانەش ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر سامپڵەکانی توێژینەوەکە.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە 3)

## 10-ئاستی جێگیری توێژینەوەکە:

توێژەر تاقیکردنەوەی (ئەلفا کرونباخ)ی بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی بڕگەکانی ناو تەوەری ڕاپرسییەکەبەکارهێناوە:

بۆ زانینی ڕاستی لە ئاستی (٢١) بڕگەی فۆرمی ڕاپرسیی پەرلەمنتاران بەبێ خەسڵەتەکانی (تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خوێندن و لایەنی سیاسی) ڕێژەی (ئەلفا کرونباخ)، (٠،٩٢٧)ە، کە ئەم ڕێژەیەش بە ڕێژەیەکی پەسەندکراو دادەنرێت.

بۆ زانینی ڕاستی لە ئاستی (٢١) بڕگەی فۆرمی ڕاپرسیی پەیامنێران بەبێ خەسڵەتەکانی (تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خوێندن) ڕێژەی (ئەلفا کرونباخ) (٠،٧٨٩)ە، کە ئەم ڕێژەیەش بە ڕێژەیەکی پەسەندکراو دادەنرێت.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە 4)

## 11- ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

دوای کۆتایی هێنان بەڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS)ەوە شیکار بۆ زانیارییەکان و تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان ئەنجام دراوە، بە سوود وەرگرتن لەم هاوکێشە ئامارییانە:

١. ئاماری تایبەت بە دابەشکردنی چەندبارەکان، بەئامانجی خستنەڕوو و ناساندنی سامپڵی توێژینەوەکە و بەراوردکردنیان بە (ڕێژەی سەدی %).

٢. بەکارهێنانی ناوەندە ژمێرە و لادانی پێوەری بۆ دەرخستنی ئاستی بەرکەوتن بە پێی پێوەری (لیکارد) بۆ پێنج بژاردەیی، کە خۆی دەبینێتەوە لە (1.80-1 هەرگیز. 1.81-2.60 کەمجار. 2.61-3.40 هەندێکجار. 3.41-4.20 زۆرجار. 4.21-5.00 هەمیشە).

١. شیکاری جیاوازی (ANOVA) بۆ دەرخستنی ئاستی ئاماژەی جیاوازییەکان لەنێوان کۆمەڵەکاندا.

٢. تاقیکردنەوەی (T–Test) بۆ دەرخســـــتنی جیاوازی لە نێوان ناوەندەژمێرەی دوو کۆمەڵگەی جیاواز، دیاریکردنی ئاماژەکان لە نێوان ناوەندەژمێرەی دوو ســــامپڵی، کە لادانی پێوەرییان زانراو بێت.

٣.بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ئەلفا کرۆنباخ) بۆ جێگیری بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

## 12- ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر لە میانەی کارکردن لەسەر توێژینەوەکە کۆمەڵێک ئاستەنگ هاتوەتە بەردەمی لەوانە:

1- کەمی سەرچاوە، بەتایبەتی سەرچاوە بەزمانی کوردی لەبواری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی.
2- بەئەستەم دەستخستنی توێژینەوەکانی پێشوو.
3- نەبونی هیچ توێژینەوەیەک لەســەر ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان، هەرلەبەرئەوەیە ئەم توێژینەوەیە بەیەکەم توێژینەوە سەر ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دادەنریت.

## 13- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

**ڕۆڵ:** مەبەســت لەو ڕۆڵەیە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان لە بەشــداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئامانجی ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان دەیبینێت.

**ڕاگەیاندن**: "گۆرینەوەی بیروڕا و زانیارییە، لە پێناو دۆزینەوەی لەیەکترتێگەیشـــتنی هاوبەش لەنێوان توخمەکانی مرۆڤایەتیدا"[1]

ڕاگەیاندن: "ئامرازێکە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بە تاکەکانی کۆمەڵگە، تا ڕاســـت و دروســتیان ســەبارەت بە حاڵەتێک، بابەتێک، کێشــەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشــنبیریی، یان ئابووریی لادروستبێت، کە بە پڕۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان گەیەنەر و وەرگر دادەنرێت"[2]

**تەلەفزیۆن**: "هۆکارێکی تایبەتمەندی ســـەرنجڕاکیشـــە، توانای گەیاندن و گواســـتنەوەی زانیارییەکانی هەیە، دەتوانێت شـــتە بچوکەکان گەورەتربکات و لە گۆشـــەی جیاجیا و ڕەنگی جۆراوجۆردا پیشکەشیانبکات، هەروەها دەتوانیت ئاسانکاری بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی بابەتەکان بۆ بینەران بکات ،تاوەکو کەشوهەوایەکی هزری دروست بکات بۆ قبوڵکردنیان"[3]

---

[1] – حبیب کەرکوکی ،پێشەکیەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، چاپخانەی خانی ، دهۆک، 2008، لا5

[2] – محمد فلحی ، صناعة العقل في عصر الشاشة ، دارالعلمية للنشر والتوزيع ، عمان ، 2002، ص 14.

[3] – یوسف محێدین، و:سەلام کەریم ، ڕاگەیاندن و گەشەسەندنی شێوازەکانی و هۆیەکانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بانگەواز و ڕوناکبیری کوردستان، سلێمانی ، 2001، لا45

**پەرلەمان:** "وشەیەکی فەڕەنسییە بۆ سەدەی پازدەهەم دەگەڕێتەوە و بەمانای (جێگای قسەکردن) دێت و بریتییەلەو دامەزراوە سیاسییەی تێیدا نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان گفتوگۆدەکەن و دەنگ بۆ یاسا پێشنیازکراوەکان دەدەن "[1]

پەرلەمان:" دامەزراوەیەکی دەستووری سیاسییە و لە ئەنجومەنێک، یان زیاتر پێکدێت، ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندامی هەڵبژێردراو، یان دامەزراو، یان هەردووکی لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەکی کاتی نوێنەرایەتی گەل دەکەن و وەک یەکێک لە دەستەڵاتە سەرەکییەکانی هەر دامەزراوەیەکی سیاسی ئەرک و دەستەڵاتی تایبەت بەخۆی هەیە، دەستەڵاتی بڕیاردان و گفتوگۆیان لەسەر هەموو بابەتێک هەیە، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گەلەوە هەبێت و گوزارشتی لێبکات". [2]

یان پەرلەمان: "بریتیەلە باڵاترین دەستەڵاتی یاسادانان و بەدواداچوون، ئامڕازی بەکارخستن و کاراکردنی دەوڵەت و حوکمڕانییە، چونکە پەرلەمانە، کە ئەو بنەما و پرەنسیپ و ماف و ئەرک و پێناسەی دامودەزگاکانی دەوڵەت، کە دەستوور پێناسەیان دەکات، ئەکاتە واقعی بینراو".[3]

**ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:** "ئەو شوێنەیە، کە بۆ گواستنەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی سەرجەم ئەو چالاکیانەی، کە پەیوەندیان بە کاروبارەکانی ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان هەیە کاردەکات، بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی زانیارییە ڕاستەکان هەواڵە ڕاستەکانە لەگەڵ بابەتە ورد و بیرۆکە لۆژیکییەکان، لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی بۆ بەرژەوەندیی گشتی".[4]

---

[1] – ئاوات ئەحمەد سوڵتان، فەرهەنگی هەڵبژاردن، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی، ٢٠١١ ، لا٢٢.

[2] – احمەد سعیفان، الانظمة السیاسیة والمبادي الدستوریةالعام ، منشورات اللحلبیالحقوقیة، بیروت ،2008، ص 290.

[3]– عبدالسلام بەرواری،ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، لا٧٧.

[4] – بسام عبدالرحمان الشاریقة، ادارة الازمة في العلاقة بین الاعلام و البرلمان ، دار وائل للنشر و التوزیع ، الاردن -عمان ،2017، ص118

یان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی: "میدیایەکی تایبەتمەندە، کە سەرجەمی گفتوگۆ و بۆچوون و پێشنیاز و بڕیار و کوتلە پەرلەمانییەکانی لایەنگران، یان ڕکابەرەکان دەخاتەڕوو، تاوتوێیدەکات و شیدەکاتەوە بۆ سەرخستنی کەلتووری بەشداریکردن و شەفافییەت".[1]

یان "زانیارییەکی ئامانجدار دانراوە بۆ خزمەتکردن و تیشکخستنەسەر پرۆسەی پەرلەمان، بە گواستنەوەی هەموو شتێکی پەیوەست بەکاری پەرلەمانتاران و پەرلەمان بۆ هاوولاتیان و بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی و پەیوەندیی نێوانیان و ئەندامانی دامەزراوە گشتی و مەدەنییەکان و فراوانکردنی بەشداریی جەماوەری لە بڕیاردان و دەستنیشانکردنی پرەنسیپی شەفافیەت و بڵاوکردنەوەی زانیاری".[2]

**بەشداریپێکردن:** مەبەستمان لەو بەشداریپیکردنەیە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی دەکات، بەئامانجی ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان.

**ناساندن:** مەبەست لە ناساندن خستنەڕووی بابەتێک یان شتێکە بۆ سودی گشتی ، یان سودێکی تایبەتی . لێرەدا مەبەستمان ناساندن و خستنەڕوو و بەبازاڕکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانە لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە.

**یاسا:** مەبەست لە "کۆمەڵێک بنەمایە، کە هەڵسوکەوتی تاکەکان ڕێکدەخات لەکۆمەڵگەدا، بەڕێکەوتن لەسەر بەرژەوەندییەکانیان و دیاریکردنی سزا لەسەر سەرپێچییەکانیان"، [3]

یان بریتییەلە "کۆمەڵێک بنەمای گشتی، کە دەسەڵاتی یاسادانان بۆ ڕێکخستنی بابەتێکی دیاریکراو بە ئامانجی ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا دایدەنێت." [4]

---

[1] – على عبدالفتاح كنعان، الاعلام البرلماني والسياسي، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع ،المطبعة العربية، الاردن، 2014،ص 13

[2] – محمود بن عبدالعزيز البدر، الاعلام البرلماني ،تجرية مجلس الشورى بالملكة العربية السعودية، مطبعة رياض،السعودية، 2006، ص10

[3] – عادل فهمي و هالة غرابة، تشريعات الاعلام المصرى و اخلاقيات الممارسة، دار المشرق العربي ، مصر، 2019، ص 35

[4] – محمد سامر عاشور ، مدخل الى علم القانون ، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، سوريا ،2018، ص56

**بڕیار:** لێرەدا مەبەســـتمان لە بڕیارە یاســـایە "ئەو بڕیارانەیە، کە پەرلەمان دەریدەکات وەک پیادەکردنی بەشێک لە تایبەتمەندی یاسادانان، کە هاوشێوەی دەرچواندنی یاساکان لەناو هۆڵی پەرلەمان بە دەنگدان دەردەچوێنرێت."[1]

## 14- توێژینەوەکانی پێشوو:

1- **(تغريد فازل حسێن) بەناونیشانی (دورالحملات الصحفية في تشكيل اتجاهات الرأي العام إزاء القضـــايا الوطنية، الانتخابات البرلمانية في العراق لعام ٢٠١٠م أنموذجا) (ڕۆڵی هەڵمەتەکانی ڕۆژنامەگەری لە پێکهینانی ڕایگشـــتی لە دۆزە نیشـــتیمانیەکان، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عیراق ســـاڵی 2010 بەنمونە)** ســـاڵی ٢٠١١ پێشـــکەش بە بەشـــی ڕۆژنامەگەریی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، توێژینەوەیەکی وەســـفییە و ڕووپێوییەکی گشـــتی بە ئامڕازی فۆڕمی ڕاپرســـی کراوە، کە ســـامپڵەکەی لە ژمارەیەک دەنگدەر لە بەغداد ئامادەکراوە .

ئامانجی توێژینەوەکەش زانینی ئەو هەڵمەتانەیە، کە ڕۆژنامەوانانی ڕۆژنامەکان کردوویانە، کە ئـایـا توانیویەتی رۆڵی خۆی لەســـەر هەڵبژاردنەکـانی پەرلەمـان بگێڕێـت، هەروەهـا زانینی ئاڕاستەکردنی جەماوەر بۆ پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان و ئاشکراکردنی ڕادەی گرنگیدانی جەماوەر بەو بەرهەمە رۆژنامەنووسییانەی، کە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە بڵاودەکرێتەوە .

لەکۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بەم ئامانجانە:

١. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەگێڕن لە دروستکردن و پێکهێنانی ڕایگشتی.

٢. هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەکان ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەیان هەیە لەســەر هۆشـیاری دەنگدەر بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی ڕا و بۆچوون لەسەر هەڵبژاردن و پاڵێوراوەکان.

٣. هەڵمەتە رۆژنامەوانییەکان هاوکاری دەنگدەر دەکەن لە بەدەســـتهێنانی زانیاری پێویســـت و ئامادەکردنی دەنگدەر بۆسەر سندوقی دەنگدان.

توێژینـەوەکـە لـە ڕووی جۆر و میتۆدەوە هـاوشـــێوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر لـە ڕووی ناوەڕۆکەوە ســـوودی لەم توێژینەوەیە بینیوە چونکە کاردەکات لەســـەر ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیاری دەنگدەر بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی ڕایگشتی، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەم

[1] – هیوا حامد، ڕێکخســتنی دەســتپێشــخەری یاســادانان لە هەرێمی کوردســتان، لە بڵاوکراوەکانی ســەنتەری توێژینەوە پەرلەمانی کوردستان،چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٧٦.

توێژینەوەیە ئەوەیە، کە توێژەری ئێمە کاری لەسەر ململانێ سیاسیەکان لە گەیشتنی زانیاریەکان بە جەمار کردوە.

2- **(ئاشنا عبدالله قادر) بەناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لە سازاندنی بڕیاری سیاسیدا)** لە ساڵی ٢٠٢١ پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندنی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زاستی ڕاگەیاندن کراوە.

ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشی ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی کەسیی و تێبینیکردنی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشی گرووپێکە لە دەستەبژێرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکە لە ٢٣٠ دەستەبژێری سیاسی پێکهاتووە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی حزب و لایەنە سیاسییەکان، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە ڕۆڵی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لە گەشەپێدانی هۆشیاریی سیاسی، هەروەها زانینی ڕادەی هاندانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانە بۆ بەشداری سیاسییەکان، لە بەرنامەی گفتوگۆ سیاسییەکانی کەناڵەکان، گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١. بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە پڕ زانیاریکردنی دەستەبژێرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

٢. بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەلای دەستەبژێرانی سیاسی هەیە.

٣. کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسی لەلای جەماوەر هەیە.

٤. کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵیان لە ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی بەشداری سیاسی و هەوڵدان بۆ بەشداری سیاسی لەلای هاوڵاتیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە جۆری وەسفییە و لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە میتۆدی ڕووپێویی بەکارهێناوە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە نزیکیەکی تەواوی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا هەیە ، کە کاردەکات لەسەر ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە پێکهێنانی بڕیاری سیاسی و بەشداریکردنی سیاسیدا، توێژەریش بەهەمان شێوە کاردەکات لە رۆڵ و

بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا. بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەم تویژینەوەیە دا ئەوەیە، کە پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار بەشداری بەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکان کردوە بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی، هەربۆیە هەندێکجار کەناڵەکان بایەخ بە تاوتوێی پڕۆژە و پیشنیازە یاساکان نادەن.

3- **(فوئاد ئەحمەد سلێمان) بە ناونیشانی (استخدام البرلمانيين للتكنولوجيا الحديثة للاعلام والاتصال في تفعيل الرقابة البرلمانية) (بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێی میدیای و پەیوەندی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لە کاراکردنی چاودێری پەرلەمانی)** ساڵی ٢٠١٦ پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین، وەک بەشێک لە پێداویستییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێوی گشتی پەیڕەوکردووە، چونکە توێژینەوەیەکی وەسفییە، کەرەستەکانیشی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینی توێژەرە، سامپڵی توێژینەوەکە ئەندامانی خولی چواری پەرلەمانی کوردستانە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆجیای نوێی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنە لە پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمان و بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، بەمەبەستی پرۆسەی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان، وەک یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە:

١. ئامڕازەکانی تەکنەلۆجیای نوێ وەک مۆبایل و ئیمێڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بەبەراورد بە ئامڕازە ئاساییەکانی وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ زیاتر بەکاردەهێنرێت.

٢. نەبوونی داتابەیسێکی ئەلکترۆنی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان، کە پێشینەی کاری یاسادانان و چاودێری لەخۆبگرێت، هەروەها نەشارەزایی پەرلەمانتاران بەبوونی داتابەیسێکی لەوشێوەیە و بایەخی لەکاراکردنی ئەرکە پەرلەمانییەکان.

٣. مۆبایل پێشەنگی ئەو تەکنەلۆجیا نوێ و ئاساییانەی گرتووە، کە بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوڵاتیان بەکاردێت، هەروەها بەکاریگەرترین هۆکار لە کاراکردنی چاودێری پەرلەمانی و پێدانی زانیاری بە پەرلەمانتاران دادەنرێت.

٤. هیچ پەرلەمانتارێکی خولی چوارەم پێگەی ئەلکترۆنی (ماڵپەڕ)ی تایبەت بەخۆی نییە.

ئەم توێژینەوەیە جۆر و میتۆد و کۆمەڵگەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیە، ئەمە سەرەڕای نزیکی ئامانجەکە و سامپڵەکەی، ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن کردووە لە پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمان بەمجۆرەش بەرچاوڕوونی زیاتری بۆ خستینەڕوو لەسەر پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، جیاوازیشی ئەوەیە کە ئەم تویژینەوەیە باسی لە تەکنەلۆجیای نوێ کرودوە لە پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمانی،بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە بە تایبەت باس لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و و بڕیارەکاندا دەکات، لە دەرئەنجامیشدا پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست بەشداری بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی پێشنیاز و پرۆژە یاساکان بکات، هەروەها ماڵپەری پەرلەمان نەبوەتە سەرچاوەی پێدانی زانیاری بە پەرلەمانتاران .

4- **(قصیر کریم حسن) بەناونیشانی ( دور التلفزيون في تشكيل الوعي السياسي) (ڕۆڵی تەلەفزیۆن لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسی )** لە ساڵی 2012 پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن کراوە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە عێراق و سامپڵەکەی بەشێک لە خوێندکارانی زانکۆکانی عێراقە، ئامانجی ئەم تویژینەوەیە زانینی پەیوەندی نێوان بەرنامە سیاسیە تەلەفزیۆنییەکان و جەماوەرە بەمەبەستی دروستکردنی هۆشیاری سیاسی لەلای جەماوەر، هەروەها زانینی ڕۆڵی تەلەفزیۆن لە زیادکردنی ڕێژەی بەشداریکردنی سیاسی لەلای جەماوەر، لە کۆتایشدا گەیشتوە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، کە گرنگترینیان ئەمانەن :

1- پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و دروستکردنی کاریگەریی لەسەر جەماوە هەیە.
2- پەیامە سیاسیەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵیان لە بەشداریکردنی جەماوەر لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە.
3- هۆشیاری سیاسی لەلای جەماوەر بە پێی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری دەگۆڕێت.
4- کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵیان لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسی لە لای جەماوەر هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بابەت و جۆر و میتۆدەوە وەک ئەم توێژینەوەیە وایە، بابەتەکانیان لەیەکەوە نزیکە، چونکە کار لە سەر ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە دروستکردنی هۆشیاری لەلای جەماوەر دەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە توێژەر سودی لەم توێژینەوەیە بینیوە، یەکێک لە جیاوازیەکانیشی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە توێژینەوەکەی ئێمە، تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خویندەواری هیچ جیاوازیەکی دروست نەکردوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە،

5- **(محمد ثابت فهد) بەناونیشانی (دور القنوات الفضائية العراقية في تشكيل الصورة السياسية عن دول الجوار العراقي)(ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە عێراقییەکان لە پێکهێنانی وێنەی سیاسی لەسەر دەوڵەتانی دراوسێی عیراق)**، ساڵی ٢٠١١ پێشکەش بە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانیشی ئامڕازی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی کەسێتی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دانیشتوانی عێراقە، هەردوو زانکۆی ئەنبار و واست-ی وەک سامپڵی توێژەنەوەکە دیاریکردووە.

ئامانجەکەشی لێکۆڵینەوە لەو ڕۆڵە دەکات، کە کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکان بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق وەکو (ئێران، ئەردەن، سعودیە، سوریا، کوەیت، تورکیا) دەیگێڕن، هەروەها زانینی بەرجەستەکردنی وێنەی سیاسی بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەلایەن کەناڵەکانەوە، هۆکارەکانی دروستکردنی ئەو وێنەیە و هۆکاری لایەنگری ئەو کەناڵانە بەرامبەر بەدەوڵەتانی دراوسێ، لە کۆتیشدا توێژەر گەیشتووە بە کۆمەڵێک ئەنجام لەوانە:

١. کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکان ڕۆڵێکی بەهێزیان لە بەرجەستەکردنی وێنەی سیاسی وڵاتانی دراوسێ هەیە.

٢. کەناڵە ئاسمانیە عێراقییەکان لایەنگری مەزهەبی و حیزبییان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە لەسەربووە.

٣. کەناڵە ئاسمانیە عێراقییەکان نەیانتوانیوە ببنە هۆکاری دروستکردن و گەیاندنی گوتارێکی نیشتمانی بۆ گەلی عێراق لەلای وڵاتانی دراوسێ بەهۆی زاڵبوونی گوتاری تایفی و حیزبییەوە.

٤. کەناڵە ئاسـمانییە عێراقییەکان لە قسـەکردن بۆ گەلی عێراق بەگشـتی شـکستیان هێناوە، بۆیە پەیامەکانیان ئاراســـتەی جەماوەرێکی تایبەت، یان کارکردن بۆ لایەنگرانی حیزبێکی دیارکراو بووە تا بتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەرییان لەسەر دروستبکەن.

ئەم توێژینەوەیە جۆری وەســـفییە و لەڕووی بەکـارهێنـانی میتۆدەوە میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە هاوشـێوەیە ئەم توێژینەوە، هەروەها کاردەکات لەسـەر ڕۆڵی کەناڵە ئاسـمانییەکان لەسەر پێکهێنانی وێنەی سیاسی لەم ڕوانگەیەشەوە توێژەر سودی لەم توێژینەوەیە وەرگرتوە، جیاوازیش ئـەوەیـە، کـە تویژینـەوەکـەی ئێمـە بـە دیـاری کراوی کـار لـەســـــەر کاریگـەریی و بەشـدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکان و هۆشـیاری یاسـای لەلای جەماوەردەکات.

**6- (سندس فوئاد مصطفى) بەناونیشانی (الوظيفة الاتصالية للعلاقات العامة في برلمان إقليم كردسـتان)( ئەرکی پەیوەندی لە پەیوەندییە گشـتیەکانی  پەرلەمانی هەرێمی کوردسـتان)**

لە سـاڵی ٢٠٠٨ پێشـکەش بە بەشـی پەیوەندییە گشـتییەکانی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدا کراوە، وەک بەشـێک لە پێداویسـتییەکان بۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامەی ماسـتەر لە ڕاگەیاندن.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەســـفییە و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشـــی ئامرازی فۆڕمی ڕاپرســـی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشـــی هەرێمی کوردســـتان و ســـامپڵەکەشـــی پەرلەمانی کوردســـتانە، ئامانجی توێژینەوە زانینی ڕۆڵی بەشـــی پەیوەندییە گشتیەکانی پەرلەمانی کوردستانە لەبەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی پەرلەمان، هەروەها زانینی ئەرکەکانی پەیوەندی گشـــتی لە پەرلەمانی کوردســـــتان، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە:

١. دیدێکی زانســتی بۆ تێگەیشــتن لە ئەرکە زانســتییەکانی پەیوەندییە گشــتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان نییە.

٢. هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی کەســـیی لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریی زیاتر بەکاردێت.

٣. پێگەی ئەلیکترۆنی پەرلەمـان نەبووەتە پشـــتیوانێکی ئەرشـــیفی ئەلیکترۆنی بۆ پەرلەمـان، هۆکارێکیش نەبووە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٤. ئیدارەی پەرلەمانی کوردستان بەگشتی هەست بە گرنگی و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوبردنی پەرلەماندا ناکەن.

ئەم توێژینەوەیە جۆری وەسفییە و لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدەوە میتۆدی ڕووپێویی بەکارهێناوە، هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها توێژەر سوودی لەم توێژینەوەیە بینیوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە چونکە نزیکیەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بەتایبەتی بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، کاردەکات لەسەر پەرلەمانی کوردستان و دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە بەرەو پێشبردنی کارەکانیدا.جیاوازیش لەگەل ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بەشی پەیوەندیە گشتیەکانی پەرلەمان وەرگیراوە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرتوە و لە ڕۆڵی ئەو دامەزراوەیە دەکۆڵێتەوە لە بەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا وبڕیارەکاندا.

# بەشی دووەم:

# ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن وبازاڕگەریی سیاسیدا

## باسی یەکەم: رۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردنی سیاسیدا

## باسی دووەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بازاڕگەریی سیاسیدا

## باسی سێیەم: تەلەفزیۆن و دەرکەوتن و گەشەکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان

# بەشی دووەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردن و بازاڕگەریی سیاسیدا

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوویی ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا لە پڕۆسەی بەشداریکردن و ناساندن و بازاڕگەریی سیاسیدا ، بۆ خستنەڕووی زیاتری بابەتەکان توێژەر ووشە بازاڕاندن یان بازاڕگەریی هاومانایی ناساندن بەکارهێناوە.

## باسی یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردنی سیاسیدا

### یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەشداریکردنی سیاسیدا:

ڕاگەیاندن وەک داینەمۆی گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکانی مێژوو، هەمیشە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو جومگەکانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە، بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، جێگەی دەستی ڕاگەیاندنی پێوەدیارە بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕاگەیاندن بەپێی قۆناغەکانی سەردەمی مرۆڤایەتی و گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام وەرچەرخانی گەورە لەم بوارەدا "دۆزینەوەی چاپخانەیە لەسەر دەستی گۆتێنبێرگ لە ساڵی ١٤٣٦، کە ئەمەش بە شۆڕشی ڕاگەیاندن دادەنرێت، لەبەرئەوەی چاپکردنی ئاسانکرد، ڕاگەیاندنی لە قۆناغی بێسەروبەرەییەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی برد"[1]، دواتر بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی پیشەسازی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گەشەکردنی بەردەوامیان بەخۆیانەوە بینیوە، هێز و کاریگەریەکانیشی بەسەر تەواوی جومگەکانی ژیانی مرۆڤایەتیشەوە دەرکەوت، هەروەها هێزو کاریگەری راگەیاندن لەسەر کۆی پرسەکان و بوارەکانی ژیان بۆ ئەو توانایەی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، لەسەر بیرو ئەندێشە و سایکۆلۆژیای مرۆڤ هەیەتی، کە دەتوانێت ڕایگشتی دروستبکات، تا ئەو ڕادیەی وایلێهاتوە ئەستەمە کۆمینیکەیشنی سیاسی بەبێ بوونی بەشداری راگەیاندن سەربکەوێت، "کۆمینیکەیشنی سیاسی لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا سەرکەتونابێت بەبێ رۆڵی چالاکی میدیا"[2]

---

[1] –سامی ژوبیان، و/ مەم بورهان قانع، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا٤٦.

[2] --UBO. Pristina,The role of media in political communication: the case of Kosovo, University for Business and Technology International Conference,2014,P.524

هیچ کۆمینیکەیشنێکی تەواو بەبێ بەشداریی ڕاگەیاندن ئاسان نییە جێبەجێببێت،" هیچ کۆمینیکەیشنێکی تەواو لەنێوان سیاسیەکان و هاولاتیان بەبێ بەشداری چەند ئامرازێکی میدیایی سەرناگرێت."[1]، هۆکاری ئەم کاریگەریی ڕاگەیاندنیش بۆ رەهەندە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکەی دەگەڕێتەوە "پرۆسەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بناغەدا رەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە ،لەبەرئەوە پێویستی بە پەیوەندی جۆراوجۆر و رەگەز و بەهای جیاواز هەیە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەو دارشتنەکەی، هەروەها کارلێکردنە سیمبولییەکەی فرەیی و ئالۆزە، بەشێوەک کە ناتوانیت زۆرجار بەبێ لیکۆڵینەوە و توێژینەوە، لە دیاردەکانی تێبگەیت، وەک هەموو زانستەکانی تر، کە بەردەوام دەبێت کاری لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی بۆ بکرێت."[2]

ئەم دەسەڵاتە بەهێزەی ڕاگەیاندن، بۆ پێدانی زانیاری دەگەڕێتەوە، زانیاریش کاریگەریی لە سەر رای گشتی دادەنێت "بەجۆرێک رۆڵی راگەیاندن پەیوەستە بەو توانا بەهێزەی لە زانیاری پیدان ودارشتن و دروستکردنی ئاراستە و بۆچوونی سیاسیدا هەیەتی، بەتایبەتی ئەرکە هەواڵیەکەی راگەیاندن رۆڵیکی گەورە لە دروست کردنی لەیەکتێگەیشتن و ئاراستەکردندا دەبینێت"[3]، هەندێک لەپسپۆڕان کاریگەریی راگەیاندن لەسەر دروستکردنی رایگشتی و دروستکردنی بۆچوون لە بەشدارییپێکردنی سیاسی وەک دامەزراوەیەکی رۆشنبیری دەبینن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەندێشە و بەرهەمهێنانی بۆ چوون لای تاک دروستدەکات "ئامرازەکانی راگەیاندن لە سەرچاوە گرنگەکانی رۆشنبیری دادەنرێت، کاریگەریی دەکاتە سەر هەڵوێست و رایگشتی لەگەڵ هەڵوێستی کۆمەڵگە و سروشتی کۆمەڵگە، هاوکات کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنی (ئاراستە و بۆچوون) و (بەها و ئاراستە) و زانیاریی سیاسی و دیاریکردنی ئاراستە و بیرکردنەوەی سیاسیان دەکات ، هەروەها ڕاگەیاندن شوێنێکی گرنگی لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان لەناو کۆمەڵگە دیموکراتیەکان هەیە"[4]، چونکە راگەیاندن توانای هاندانی لەسەر مرۆڤەکان هەیە تاکو بریاربدەن. "ڕاگەیاندن بەشداری لە هاندان و پاڵپێوەنانی جەماوەر دەکات بۆ بڕیاردانی باش و گونجاو کە توانای خزمەتکردنی کۆمەڵگەی هەبێت، پاشانیش بەشداریکردن، لەدرێژەدان بە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانیدا."[5]

---

[1] -Fuga, Artan Komunikimi në shoqërinë assive Botimet Papirus, Tiranë 2014

[2] – كامل حسون القيم و عادل خليل مهدي، دور الإعلام في تشكيل رأي عام ايجابي نحو المشاركة الانتخابية في العراق. العراق، جامعة بابل وجامعة بغداد ،٢٠١٠،ل١٢

[3] – امال كمال، دور الإعلام فى تشكيل معارف واتجاهات الشباب نحو الأحزاب السياسية وهوية الدولة المصرية،٢٠١٩،ل.٢٥

[4] – حياة قزادري، الصحافة و السياسة ، الجزائر ، مؤسسة طاكسيج كوم للنشر،٢٠٠٨،ل5

[5] – ئەرشەد خەلیل شوانی، ڕاگەیاندن و هۆشیاری سیاسی،چاپخانەی مو کریانی، هەولێر، ٢٠١٤ ،ل ٣١

شارەزایان دەڵێن بەهێزی و سەرکەوتنی حکومەتەکان، بەشێکی زۆری بەستراوە بەوەی کە ڕاگەیاندن چۆن بتوانێت دایەلۆگ لەنێوان وئەوان و خەڵک دروست بکات "ئەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە بۆ چالاککردنی بەشداریی سیاسی، پێویستە کەناڵی کراوە بۆ گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەرێگەی کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنی وەک رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامە....هتد بکەینەوە "[1]

کاریگەریی راگەیاندن لە بەشداری گفتوگۆی سیاسی وایلێهاتوە، کە سەرچاوەکان بەبەشێکی سەرەکی ئەو گفتوگۆیەی دابنێن" راگەیاندن بووەتە بەشێک لە کۆمینیکەیشنی سیاسی لە نێرەرەوە بۆ ناوەندەکە و پێکهێنەری کۆمینیکەیشنە سیاسیەکە لەپێناو بەشداری سیاسیدا"[2]، ئەم پەیوەندیە بەشێوەیەکە، کە هەندێک سەرچاوە (ڕاگەیاندن و سیاسەت) وەک دووڕووی دراوێک پەسەند دەکەن، هەروەک" ئێستا سیاسەت بریتیەلە راگەیاندن، راگەیاندنیش بریتیەلە سیاسەت"[3]، ئەم دوانە بوونەتە بەشێک لەیەکتر هەریەکەشیان سوود لەویتر وەردەگرێت، ئەویتر بۆ ئەرکی خۆی بەکاردەهێنێت "سیاسەت ئامانجیەتی لەرێگەی راگەیاندنەوە، لە روانگەی بەرپرسیاریەتی چالاکی وپێگەکەیەوە قەناعەت بە هاولاتی بکات، راگەیاندنیش لە دیدی رەهەندە جۆراوجۆرەکەیەوە ڕۆڵی پاسەوان، لەسەر خەڵک و سیاسەت دەبینێت، پێویستە ئامانجەکەی خۆی کە پێدانی زانیاریە بەخەڵک بۆ گەیشتنی ئاستێکی بەرزی دیموکراسی دەستبکەوێت، بەمپییەش (راگەیاندن و سیاسەت) هەریەکەیان کاریگەریی لەسەر ئەوی دیکە دادەنێت و هەریەکەیان سود لەویتر دەبینێت."[4]

ئەم پەیوەندییە لە نێوان (سیاسەت و ڕاگەیاندن)دا، لە پرۆسەی بەشداریی سیاسیدا، وەک ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستراوە، بەشێوەیەک ئێستا مشتومڕ لەسەر ئەوەیە، ئایا سیاسیەکان راگەیاندن بەکاردێنن؟ یان بە پێچەوانەوە راگەیاندن سیاسیەکان بەکاردەهێنن "لەراستیدا نازانرێت ،کە سیاسییەکان وەک بابەتێک راگەیاندن بەکاردێنێت بۆ کاریگەری دروستکردن یان ئەوە راگەیاندنە سیاسیەکان بەکاردێنێت و کردونیەتە بەکاربەر"[5] بێگومان ئەمەش پرۆسەیەکە هەردوکیان لەپێناو بەشداری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگەدا یەکتر بەکاردەهێنن، پەیوەست بەمەشەوە " چەمکی بەشدارپێکردنی خەڵک لەلایەن راگەیاندنەوە لەپرۆسەی سیاسیدا، بریتیەلە ئامادەبوون بۆ بەشداری سیاسی، بەجۆرێک قەناعەت بەزۆرینەی خەڵک بکات و هۆشیاریان بداتێ سەبارەت بە ئەرینی بەشداریکردن، بۆ دروستکردنی بڕیار و هەڵبژاردنی نوێنەر و سەرۆکەکان،

---

[1]- امال کمال،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦

[2]- UBO. Pristina,The role of media in political communication: the case of Kosovo, University for Business and Technology International Conference,2014,P.53

[3]-ibid, McNair, Brian,p.29

[4]- Balle, Francis Mediat dhe shoqëritë, Botimi I 15, Botimet Papirus, Tiranë 2011,p.6

[5] -Fuga, Artan Komunikimi në shoqërinë assive Botimet Papirus, Tiranë 2014 ,524

که مومارەسەی بونیاتنەرانە و کاریگەریانە بکەن، ئەم بەشداریەش قۆناغ بەندە، کە لە مافی دەنگدان و بەشداری لەگفتوگۆ سیاسییەکان وپێشکەشکردنی پێشنیار و ڕاکێشانی ئەندام و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستەکان، دواتریش بە ئەندامێکی چالاک لەدەسەڵات کۆتایدێت"[1]

ئامادەکردنی تاک بۆ پرۆسەی بەشداریکرن لە پڕۆسەسیاسییەکاندا، پێویستی بە چەند قۆناغیک هەیە، هەروەک:

"1- زانینی بابەتەکە،

2- پێشبینی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی تاک بۆ بەشداریکردن،

3- پیشبینی و ئەگەرەکان، کە لە پڕۆسەی سیاسیدا ڕوودەدات،

4- تێکەڵبوون بە بەشداری سیاسیی ڕاستەقینە و کاریگەریی بەردەوام "[2]

ئەم قۆناغانە تاک ئامادەدەکات بۆ بەشداریکردنێکی چالاک لە پڕۆسەی سیاسیدا، کە بێگومان ئەم قۆناغانەش بە کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دێتەدیی.

هەروەها بەشداریکردنی بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە پڕۆسەی سیاسیدا، کۆمەڵێک ئامانج بەدیدەهێنێت، لەوانە:

"١- بەدیهێنانی بەشدارییەکی فراوان بۆ گەل، لە وێناکردنی سیاسەتی گشتی و دروستکردنی بڕیار و وەرگرتن و جێبەجێکردنی.

٢- سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێکهاتە و ڕێکخستنی سیستەمە سیاسییەکە و دامودەزگاکان و پەیوەندییەکانی بەشێوەیەک، کە بە فراوانی بەشداری چالاکانەی خەڵک لە دروستکردنی بڕیاردا گونجاو بێت.

٣-بەشداریی سیاسی، پێوەرێکی سەرەکی شەرعییەتی دەستەڵاتی سیاسی وڵاتە.

٤- یارمەتی حکومەت دەدات، کە رای خەڵک و خواست و داواکارییەکانیان بزانێت.

٥- ئاسایش و سەقامگیری لەناو کۆمەڵگەدا دابین دەکات.

٦- نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵک لەناو کۆمەڵگە دەکات.

---

[1] - حیاة قزادري، سەرچاوەی پێشوو ،ل.٥٥

[2] - فوئاد علی، ڕۆڵی میدیا لە بەشداری سیاسیدا ، گۆڤاری جۆڕناڵ، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە 48، 2018، سلێمانی، ل5

٧- زاڵبوون بەسەر تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت و تاک بڕیاری و زوڵمدا.

٨- بەشداریی سیاسی مەرجێکی سەرەکی گەشەکردنە لە کۆمەڵگەدا.

٩- بەشداریی سیاسی دەبێتەهۆی یەکبوون پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگەدا"[1]

بە پێی ئەم خاڵانەش بێت، ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی گەورەی لە بەشداری سیاسدا هەبێت، هەروەها یەکێک لە ئامانج و مەرجەکانی بەشداریی سیاسیش، بریتیەلە بەشداریی لە بڕیاری سیاسیدا، ڕاگەیاندن و ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردنی لە دروست کردنی بریاری سیاسیدا بەشدارن، ئەمەش لە ڕێگەی :

1- "زیادبوونی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان.
2- دەرخستنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و پشتگیریکردنی دەسەڵاتی سیاسی.
3- فراوانبوونی بەشداریی گفتوگۆ سیاسییەکان .
4- کاریگەری لەسەر هەڵوێستە لاوازەکان و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستە بەهێزەکان ." [2]

هەرچەندە ئاستی ئەم بەشداریەیی ڕاگەیاندنیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، بەڵام "ئەوپەیوەندیە پشت بە ئاستی گشتی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا دەبەستێت، لەهەمانکاتدا ئاستی گشتیی ڕاگەیاندن وکەلتور و ئەو بەهاو جۆراوجۆرایەتیی فرەیی لە کۆمەڵگەکەدا هەیە، بۆ نموونە لە بوونی توانای کۆمینیکەیشنی سیاسی، پەیوەندیەکی فراوان دروستدەکات لەگەڵ سیاسەتدا و پەیوەندیەکەش زۆر لەیەکەوە نزیکدەبێت"[3]

ڕاگەیاندن تەنها بەشداری بەخەڵک لەبواری سیاسەت و حوکمڕانی و دەسەڵاتدا ناکات، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا بەشداریدەکات، بەوپێیەش "ڕاگەیاندن رۆڵی لە چاودێریکردنی چالاکیەکانی کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا هەیە، بە ئامڕازی چاودێریکردنیش دادەنرێت، لە نموونەکانی (مافی مرۆڤ ،هەڵبژاردن، رۆشنبیرکرنی کۆمەڵگە بۆ بونیاتنانی بناغەیەکی گەشەسەندو، هەروەها چاودێرکردنی پرۆسەی فێربوون و پەروەردەو دەرخستنی  گەندەڵی و لادانی سیاسی ودیموکراتی)، لەبەرئەمە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە ئامرازی چاودێریکردن دادەنرێت، وەک پاسەوانی کەسیی  دیاریکراوی کۆمەڵگە وەسفدەکرێت."[4]

---

[1] - علي عباس مراد، التنمية السياسية وأزمة المشاركة، مشكلات وتجارب التنمية في العالم الثالث، بغداد دار الحكمة،٢٠٠٩ ،ل١٦

[2] – فوئاد علی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل6

[3]-McNair, Brian Journalism and democracy, an evaluation of the political public sphere, Taylor & Francis e-Library, 2002, ISBN 0–415–21280–4

[4] – كامل حسون القيم و عادل خليل مهدي، سەرچاوەی پێشوو ،ل١١

## دووەم : ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا:

ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا کۆمەڵێک ئەرکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

"١-ئەرکی زانیاریی کۆکردنەوە: دەزگاکانی ڕاگەیاندن زانیاری لەبارەی ڕووداوەکان بەهۆی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژ و ڕاپرسی کۆدەکەنەوە، دواتر نووسینەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت لەبارەیەوە، ئەمیش بە دوو ڕێگە:

أ – چارەسەرکردنی زانیارییەکان: دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوای کۆکردنەوەی زانیاری، هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕاپرسی و ڕیپۆرتاژەکان دادەڕێژنەوە و شیاوترینیان هەڵدەبژێرن، بۆئەوەی بڵاویبکەنەوە .

ب – دابەشکردنەوەی زانیارییەکان: بڵاوکردنەوەی زانیارییە بۆ وەرگر، کە لە ژینگەیەکی میدیایدا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی نوسینی ڕۆژنامەوانی بەدەستهاتووە، هەروەها خۆی لە چەندین بیروڕا و زانیاری و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنەکاندا دەبینێتەوە".[1]

2 – گەشەکردنی کۆمەڵایەتی : ئەم ئەرکە خۆی لە بەشداریی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و کاری بەکۆمەڵ و کێشەکانی کۆمەڵگادا خۆی دەبینێتەوە.

٣ – "ئەرکی ڕۆشنبیرکردن : مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی، بەشێوازێک کە ببێتەهۆی نەشونماکردنی ڕۆشنبیری، پێکهێنانی کەسێتی، بەدەستهێنانی کارامەی و لێهاتوویی لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیاندا، ڕاگەیاندن تەقەلای بڵاوکردنەوەی چالاکی و کاری ڕۆشنبیری و هونەری دەدات، بە مەبەستی پەرەپێدانی کەلتوور و ڕۆشنبیری لەڕێگەی فراوانکردنی ئاسۆی هەستی تاکەکان و بزواندنی خەیاڵ و تێرکردنی پێداویستییە جوانکارییەکان و ئاوەڵاکردنی توانایان لەسەر داهێنان"[2]

٤ – "پێکهینانی ڕایگشتی: ڕاگەیاندن یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە لەپێکهینانی ڕایەکی گشتی دروست لەسەر ڕووداوەکان دەدات، ڕایگشتی ڕایکی زاڵە لەنێوان زۆرینەی هاوڵاتی گەلێکی هۆشیاردا لەکاتێکی دیاریکراودا دروستدەبێت، ئامرازەکانی میدیا بۆ هاندانی جەماوەر بۆ پێکهێنانی ڕایەکی یەکگرتوو بەرامبەر کێشە هەنووکەییەکان هاوبەشن، لەڕێگای پێدانی ئەو زانیاریانەی پەیوەستن

---

[1] – ڕەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠ – ٧١

[2] – حەبیب کەرکوکی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥

بەو کێشەیە و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە دەربڕینی بیروڕا و هاندانیان بۆئەوەی ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجامبدەن، وەک: بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و هەڵبژاردن و مانگرتن ....هتد."[1]

5-" خولقاندنی پاڵنەر: ڕاگەیاندن بەشداری لە هاندان و پاڵپێوەنانی جەماوەر بۆ بڕیاردانی باش و گونجاو دەکات، کە توانای خزمەتکردنی کۆمەڵگەی هەبێت، پاشانیش بەشداریکردن لە درێژەدان بە پڕۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانیدا"[2].

بێگومان ئەم ئەرکانەش لە ڕوانگەی توانا و کاریگەریی ڕاگەیاندنەوە سەرچاوەی گرتوە، لەهەمانکاتدا (ربحی مصطفی) لە نوسینێکیدا تواناو کاریگەریی و ئەرکەکانی راگەیاندنی لە پڕۆسەی سیاسی و بەتایبەتی لە چوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا خستووەتەبەرباس، کەبەچەند خاڵێک ئاماژەی بۆ دەکەین:

"١- ڕاگەیاندن دەبێتەهۆی بێلایەنی و هاوسەنگڕاگرتنی پڕۆسەی سیاسی، لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کە ئەم بێلایەنییەش کاتێک دەبێت کە:

أ- پارەدارکردن و پشتگیریی دارایی راگەیاندنی سەربەخۆ، وەک داهاتی ریکلام و هاوکاریی پڕۆژەی بێ مەرج.

ب- دانانی سیاسەت و ستراتیژی دەزگا راگەیاندنەکە بەشێوەیەک بێت، کە بەرکەوتە لەگەڵ مافی مرۆڤ و دەستورو ئازادییە گشتییەکان نەکات .

ج- راگەیاندن بەشـــێوەیەک بێت خۆی لەتێوەگلان لەڕۆچوونە حزبی وعەشـــیرەتگەریەکان دووربگرێت، کارەکانی بەشێوەیەک بێت کە فەرامۆشی خواست و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نەکات.

د- پاسەوانێکی سپاردەپارێزی کۆمەڵگە بێت و چاودێربێت بەسەر حکومەتەوە.

هـ- کاربکات بۆ پارێزگاریکردن و بەشداری خەڵک لە پرۆسەی دیموکراسیدا.

---

[1] ئەرشەد خەلیل شوانی، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٠

[2] - ئەرشەد خەلیل شوانی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣١

و- بۆ بەرگریکردن لە هەر بەڵاو ناخۆشـیەک، چاودێریکی دادوەر بێت بەسـەر حکومەتەوە، ڕێگربێت لەوەی بەرپرسان دەست لەکاروباری وڵات بەنایاسایی وەربدەن.

ز- راگەیاندنێکی بنکۆڵکاربێت بۆ بەدواداچوون بۆ بابەتە نادیار و گەندەڵ ونادادییەکان.

٢- توانای درککردنی راگەیاندن لەبەشداریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٣- توانای راگەیاندن لە رەخنەگرتن و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ودەنگداندا.

٤- توانـای راگەیـانـدن لە هۆشـــیـارکردنەوە و پێـدانی زانیـاری و ئـاراســـتەکردن و بەرچاوڕوونکردنەوەی جەماوەر لە کۆی بەهاو پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگداندا.

٥- کاریگەری راگەیاندن لە گۆڕینی ئاراستەو بۆچوون و رەواجدان و بچوککردنەوە و گەورەکردنی شتەکان لەبەرچاوی دەنگدەرو خەڵکدا."[1]

## سێیەم : توانای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی بەشداریکردن  سیاسیدا :

ڕاگەیاندن توانای کاریگەریی چالاکانەی لە پرۆسەی بەشداریکردندا هەیە، پسپۆڕەکان ئاماژەیان بەوەکردووە، کە ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت لەرێگەی کاریگەری لەسەر راوبۆچون و ئاراستەکردنی خەڵک و دروستکردنی رایگشتی دروستبکات، لەگەڵ ئەوەشدا راگەیاندن تاکە ئامراز نیە لە دروستکردنی راگشتیدا، بەڵکو ئامرازی تریش هەن، بەڵام راگەیاندن کاریگەریەکەی بەرچاووترو زیاترە لە ئامڕازەکانی تر، گرنگترین ئامرازەکانی (پڕۆسەی بەشداریکردنیی سیاسی)یش بریتیەلە:

"١- ئامرازەکانی کاریگەریی پەیوەندی و پەیامەکانی هەڵبژاردن،

٢- پێکهاتەی ئامرازی  پەیوەندیی جەماوەری،

٣- ئامرازی پەیوەندیی کەسی،

٤- سەرکردەی ڕاکان ( قادة الرأي).

---

[1] - ربحي مصطفى ، إدارة المعرفة ،دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان،٢٠٠٨ ،ل٨١

٥- سروشتی دیاردەکە ، "[1]

بێگومان بە کارهێنانەکانی سەرجەم ئامڕازەکان لە پڕۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا، بە ئامانجی دروستکردنی ڕایگشتییە لە پرۆسەی سیاسیدا، کە ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاجیاوە وەک:

"١- هۆشیاریی و گرنگیدانی بە بنەماکانی دیموکراسی رۆشنبیریی دیموکراسی.

٢- ئازادی راگەیاندن، وەک یاساکانی مافی بڵاوکردنەوەو مافی دانەرو یاسای بوونی مافی خاوەنداریەتیی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و یاساکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و مافی بەکارهێنان ...هتد

٣- پاشخانی ئەزموونی رابردووی ئامرازەکانی راگەیاندن و ئەو وێنەی زیهنییەی هەڵمانگرتوە بەرامبەر ئەو دیاردە و ئایدیا و رەفتارەی، کە دەمانەوێت ئێستا رایگشتی لەسەر دروستبکەین.

٤- ئەوئاراستانەی بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتدا، بەرامبەر پرۆسەی دیموکراسی لەلایەن راگەیاندنەوە دروستکراون.

٥- شێوەی کاریگەریی دەرەکی و ناوەکی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، رۆڵی رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی دەوڵەتەکان ...هتد، لە ناوخۆش هەموو ئاراستە و پێکهاتە و دیدەکان لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا دەگرێتەوە.

٦- ئیتیکی پرۆسەی هەڵبژاردن وەک پڕۆسەیەکی بێخەوش لە بەرێوەبردنی پرۆسەکە و ملکەچبوون بۆ یاساکانی هەڵبژاردن ...هتد.

٧- چاودێریکردنی بێخەوشی پڕۆسەی سیاسی، وەک چاودێریکردنی رێکخراوەیی و چاودێری ئامرازەکانی راگەیاندن."[2]

---

[1] - ربحي مصطفى ، هەمان سەرچاوە،ل٥١

[2] - ربحي مصطفى ، هەمان سەرچاوە ، ل52

هێزو کاریگەریەیی ڕاگەیاندن لەپرۆسەی بەشدارییپێکردنی خەڵک لەبواری سیاسی و پرسە کۆمەڵایەتی وپرسەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە، بۆ کۆمەڵێک ڕەگەز و توانای ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەکان بەچەند شێوازێک باسیان کردوە، هەروەک:

"١-سیاسیەکان خواستیانە کاریگەری لەسەر زۆرترین خەڵک دروستبکەن و بەزۆرترین خەڵک بگەن، هەروەها بە بڕیارەکانیان ڕازیان بکەن، لەمەشدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن باشترین ئامرازە کە بە سەرجەرم تاکەکانی کۆمەڵگە دەگات.

٢- ڕاگەیاندن توانای ڕازیکردنی بەرامبەری هەیە، پرۆسەی بەشداریکردنیش پێویستی بە ڕازیکردن هەیە.

٣- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کۆمینیکەیشن لەگەڵ وەرگر دروستدەکەن،  بەم کۆمینیکەیشنەش وردەکاری و درێژەی ناوەڕۆکی پەیامەکان دەگات.

٤- دەزگاکانی ڕاگەیاندن خاوەنی سەرچاوەی مرۆیی و ئامراز و تەکنیکی باڵاو کاریگەرن، کە دەبێتەهۆی گەیاندنی پەیامەکە بەخێرای و تێگەیاندنی زۆرینەی خەڵک بەئاسانی.

٥- سەردەمی ڕاگەیاندن و کۆمینیکەیشن، سەردەمی ناوەندگیریی کۆمەڵگەیە، هەروەها سەردەمی ناوەندگیریی سیاسیی بەشێکە لە سەردەمی ڕاگەیاندن و کۆمنیوکەیشن.

٦- کاریگەری ڕاگەیاندن وەک ناوەندێک وا لە سیاسییەکان دەکات، کە بایەخیپێبدەن و بەکاریبهێنن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی وەک یەکەم هەنگاو لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دواتریش پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە."[1]

هەندێک لە پسپۆڕانی تر، باسی لە توانای ڕاگەیاندن لە بەشدارییپێکردنی سیاسیدا بەجۆرێکی دیکە دەکەن، هەروەک :

"١- سیاستمەدار و حزب و حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، بەردەوام بەیەکەوە پەیوەندیدەکەن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش وەک (ئامرازی فووپیاکەر) بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان و بایەخ و هێزەکانیان بەکاردەهێنن.

---

[1]- Balle, Francis Mediat dhe shoqëritë, Botimi I 15, Botimet Papirus, Tiranë 2011,p.63

٢- سیاسییەکان، چاودێری یاسایی و دارایی دەکەن، لەزۆربەی کاتدا لەبەر توانای ڕاگەیاندن بۆ چاودێری وەک ئامرازی چاودێری و دەسەڵاتی چوارەم بەکاریدەهێنن.

٣- ڕاگەیاندن بەیاسا سنورێکی ئازادی بۆ دانراوە، ئەم سنورە ئازادە لەبەکارهێنان، وای لە سیاسییەکان کردووە، کە وەک پردێک لەنێوان خۆیان وخەڵک بەکاریبهێنن، کەزۆرجاریش پێشێلی ئەم ئازادیە دەکەن و کەمتر پەیڕەوی پێوەرە یاسایی و ئیتیکیەکان دەکەن، واتە سودیان لە ئازادییە یاساییەکانی ڕاگەیاندن بینیوە.

٤- ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی کارە چاودێرییەکەی وەک (پاسەوان) دەتوانێت بەردەوامی بە زانیاریدان و چاندنی کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسەت و دیاریکردنی پرۆگرام و ئەجێنداپێدانی سیاسیەکان بدات.

٥- ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، بەشێکن لە سیاسەت و گواستنەوەی بڕیارەکانی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات، وەک زەمینەیەکی هاوتەبا لەگەڵ سیاسەت و ئامرازەکانی کارگێڕی"[1]

ئەم توانا و کاریگەرییەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە بەشدارییپێکردنی خەلک لە پرۆسەی سیاسیدا، رۆژ بەرۆژ لە گەشەکردندایە، بەجۆرێک دەزگاکانی ڕاگەیاندن وا کاردەکەن کە ئەگەر تاک بەشداری لە پڕۆسەی سیاسی نەکات، ئەوا تاکێکی چالاک نییە لە کۆمەڵگەدا، هەروەها زۆرجار ئامرازە حزبیەکان بەشداریی تاک بە پرۆسەی نشتیمانپەروەریەوە دەبەستنەوە.

## چوارەم : ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان لە پڕۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا :

ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان لە پڕۆسەی بەشداریکردنی سیاسیدا هەیە، چونکە ئەوان هۆکارێکی سەرەکی گواستنەوەی زانیارییەکان و پردی پەیوەندی نێوان جەماوەر و دەزگاکانی ڕاگەیاندنن، نووسەران و شارەزایانی بوارەکە، لەبارەی رۆڵی رۆژنامەنووس لە پرۆسەی بەشدارییپێکردنی سیاسیدا، ئاماژەیان بە چەند خاڵێک داوە لەوانە:

"١- رۆژنامەنووس لە پەیوەندی نێوان سیاسیەکان و کۆمەڵگە کارەکتەرێکی گرنگن، تەنانەت لە کاتە سەختەکانیش خۆی وەک کارەکتەرێکی کاریگەر دەبینێت لە راگرتنی باڵانس لە پاراستنی بەرژوەندی رکابەری لایەنی بەهێزو بێهێزدا.

[1] -Mohl, Stephan Gazetaria  K & B, Tiranë 2010,p.26

٢- رۆژنامەنووس لە دەزگایەکی راگەیاندنی گشتی یان دەزگایەکی راگەیاندنی تایبەت کاردەکات، کە کارەکەی رێکخراوە و وابەستەیە  بە یاسا و ئیتیک و پابەندە بە جێبەجیکردنی ئەجێندا و ستراتیژی دەزگاکەیەوە .

٣- رۆژنامەنووس ئەندامی کۆمەڵگەن لەهەمانکاتدا پابەند و گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی راگەیاندن هەیە، بۆیە ناتوانن هەموو کات لایەنگریان بۆ بەرژەوەندی کەسیەکانیان هەبێت، بۆیە دەتوانن بالآنس راگرن لەنێوان خاوەن بەرژەوەندیەکان واتا کۆمەڵگەو سیاسیەکان.

٤- رۆژنامەنووس ملکەچە بۆ پەیوەندییە سیاسیەکان، کە ئەمەش دەچێتە ژێر رکێفی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانەوە لەگەڵ لایەنەکانی وەک کۆمەڵگە، خاوەن کار، سەرچاوەکانی زانیاری.

٥- رۆژنامەنووس جیادەکرێتەوە بەوەی وەک پسپۆڕەکان باسیدەکەن و وێنایدەکەن، کە رۆژنامەنووس ئامرازێکی کاریگەریی گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییەکەیە، هەروەها کاریگەرە وەک نوینەرو هەڵگری ئەم پرۆسەی گەشەسەندنە.

٦- بەهۆی ئەوئازادییەی یاسا بە رۆژنامەنووس و راگەیاندنی داوە، وەک ئەکادیمیەکان جەختی لێدەکەنەوە دەتوانێت هاوسەنگی لەنێوان دوو رووی جیاوازو دژبەیەک ڕابگرێت.

٧- ئەو ئازادییەی یاسا بە رۆژنامەنووسانی دەدات، کۆمەڵێک مەرجیشی بەسەردا دەسەپێنێت، کە دەبێت پەیڕەوەیبکات، ئەمەش کار لە پرۆسەی گەشەسەندنە کۆمەڵایەتیەکە دەکات و وایلێدەکات لەکاتی بەشداریپیکردندا هاوسەنگی ڕابگرێت "[1].

ئەمە جگە لەوەی زۆرجار ڕۆژنامەنوس خاڵی یەکلاکەرەوەیی بەشداریکردنی پرۆسە سیاسییە، هەروەها جەماوەر لە دیبەیت و گفتوگۆ میدیایەکاندا، وەک نوێنەری خۆیان لە ڕۆژنامەنووس دەڕوانن، هەر ئەوانیش دەتوانن ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی گفتوگۆکان یەکلابکەنەوە.

---

[1] - Kuhn, Rajmond and Neveu Erik Gazetaria politike Instituti Shqiptar I Medias, Tiranë 2002,p.133

## باسی دووەم : ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بازارگەریی سیاسیدا

بازارگەری وەک زانسـتێکی میدیایی، چەمکێکی زۆر نوێ نییە، بەڵام لە کوردسـتاندا چەمکێکی نوێیە و زۆر ئاشنا نییە بە جەماوەر، ووشەی (ناساندن) ئاشناتر و بەربڵاوترە، توێژەر ووشەی (ناساندن)ی وەک هاواتای ووشەی (بازارگەریی) دەناسێنێت، بەم هۆیەشەوە خوێنەر دەتوانێت باشتر لە چەمکی (بازارگەری) تیبگات "بازارگەریی وەک زانستێک لە ساڵی ١٩٠٢ لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خرایە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، لەسـاڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی نیشـتمانی بازارگەری و ڕیکلام دامەزرا، لە سـاڵی ١٩٦٠ بۆیەکەمجار (جیرۆمی ماککاراتی)، ڕەگەزەکانی بازارگەریی لە چوار چەمکی سـەرەکیدا دیاریکرد، وەک (بەرهەم، نرخ، شـوێن، پیاهەڵدان)"[1]، بازارگەریی زانسـتێکە لە ماوەی ئەو چەند دەیەی دوایدا توانیویەتی لەنێو خاوەنپیشـەکان و کۆڕە ئەکادیمیەکاندا پێگەیەکی تایبەت بەدەسـتبهێنێت، "بازارگەریی لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا کاریگەریی باشـتر و ئەرێنی و خێراتری هەیە لەچاو ئەو وڵاتانەی، کە لە گەشـەسـەندندان، بازارگەریی لەگەڵ گەشـەکردنی کۆمەڵگە بۆ هەموو بوارەکان پەلیهاویشـت لەسـەرجەم بوارەکاندا بووبە زەرورەتێکی حەتمی، بەتایبەت لەبواری سـیاسـی و دەسـەڵات و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، ڕۆڵی گەورەی گێڕا"[2] ، "لە ئەمریکا لە نیوەی سـەدەی بیسـتەمدا بە تەکنیکێکی نوێ بەشـداری قەناعەتپێکردنی کرد هەر لە شـێوازی وەرگرتنی ڕایگشـتی و کۆکردنەوەی زانیاری و دروسـتکردنی بانکی زانیاریی دەروونناسـی کۆمەڵایەتی، کە بە ئامرازە گرنگەکانی پرۆسـەی بە بازارکردنی سـیاسـەت دادەنرێت"[3]، بەمپێیەش هەندێک لە توێژەران بڕوایانوایە، کە بەبازارکردنی سـیاسـی، یەکەمجار لە ئەدەبیاتی سـەر بەڕێوبردنی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا دەرکەوتووە، "پرسـی بەکارهێنانی بەبازارکردنی لە کەمپینە سـیاسـییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، بە بابەتی دڵخواز و جێگای سـەرنجی توێژەرە نائەمریکییەکان، بەتایبەت توێژەرە بەریتانییەکان، بەڵام هەندێک لە توێژەران سـەرەتای بازارگەریی سیاسی دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٢٠ و لەو سەردەمەی کۆمپانیای (ساچی و ساچی) پۆستەرێکیان بەناوی (کرێکاران کارناکەن) چاپ و بڵاوکردەوە، کە بە سەرەتای بازارگەریی سیاسی ناودەبرێت." [4]

---

[1] – نەزاکەت حسێن ، بازارگەری و بازارگەری میدیایی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،2020، لا١١.

[2] – مەحمود محمدیان، و/ جەعفەر شەمس، بنەما تیۆرییەکانی بەبازارکردن و ڕیکلامی سیاسی لە ڕۆژئاوا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، لا٩.

[3] – نەزاکەت حسێن،سەرچاوەی پێشوو، لا٨٧.

[4] – محمود محمدیان، و/ جەعفەر شەمس، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٥.

لەم نێوەندەشـــدا میدیا وەک هەمیشـــە هەژموونی خۆی بەســـەر هەموو بوارەکانی ژیان بە بازاڕگەریی و بازاڕگەریی سـیاسـیشـەوە داناوە، " هەمیشـە جەخت لەسـەر گرنگی بەکارهێنانی هۆکـارەکـانی ڕاگەیـانـدن و میـدیـا دەکرێتەوە بۆ خزمەتکردنی ئەو کـارە کۆمەڵایەتییـانەی، کە ڕێگەخۆشـــکەردەبن بۆ دروســـتکردنی کاریگەری دیاریکراو لەســـەر خەڵک و کۆمەڵگە" [1]، "لە ماوەی ٢٠ سـاڵی ڕابردوودا پیشـەیەکی نوێ لەبارەی بەبازاڕکردنی سـیاسـەتەوە سـەریهەڵدا، لە کۆتایی دەیەی ١٩٩٠دا ئەو پیشەیە نزیکەی (٧٠٠٠) کەسی بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو، ڕێکخراوی ڕاوێژکارانی سـیاسـی ئەمریکا بانگەشـەدەکات، کە لە دەیەی ١٩٩٠ی زاینیدا (٨٠٠) کارمەندی بۆ بەڕێوبردنی کامپینەکانی هەڵبژاردن هەبووە، ئەو ڕێکخراوە بانگەشـــەدەکات، کە بازاڕێکی یەک ملیار دۆلاری هەبووە، ئەم ڕێکخراوە هەڵبژاردنی زۆریان لەسەرتاسەری جیهاندا گەلاڵە کردووە و ڕۆڵی کاریگەریان لەوبارەیەوە گێڕاوە، کەمپینەکانی هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتی و پەرلەمانی، تەنها بەشێکن لەو خزمەتگوزاریانەی، کە ڕاوێژکارە سیاسییە ئەمریکییەکان پێشکەشی کڕیارانی خۆیانی دەکەن، هەرچەندە ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان هەبوونێکی ســـەرکەوتنانەیان لە بازاڕەکەدا هەیە، بەڵام پاوانخوازی ئەم کارە نین، ڕاوێژکارە ئەوروپی و نێودەوڵەتییەکانیش هاتوونەتە ناو بازاڕی ڕاوێژکاری سیاسی و کەمپینی هەڵبژاردنەکانەوە" [2]

بەمپێیەش بازاڕگەریی ســـیاســـی لە پرۆســـەی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵێک ئەرک لەخۆدەگرن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. "ئەرکی بەرهەمهێنان: لەماوەی بەبازاڕکردنی ســـیاســـیدا، مومارەســـەی گۆڕینەوە لە بازاڕی هەڵبژاردندا لەنێوان حیزبی سیاسی و دەنگدەردا دەکرێت.

٢. ئەرکی دابەشـــکردن: ئەم ئەرکە دوو ئـامـانجی هەیە، گەیـانـدنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و خستنەڕووی هەڵبژاردن،

٣. ئەرکی تێچوون: بریتییەلە فرۆشـــتنی بەرهەمێکی چـالاک، کە تێچوونەکەی بەراورد بە بەرهەمەکانیتر لە بازاڕدا دەکرێت.

٤. ئەرکی گەیاندن و پەیوەندی: پەیوەندییەکان ئەرکی گەیاندنی پەیام و بەرهەمە سـیاسـییەکەیە، کە بەرنامە و ڕەفتاری سیاسی و داڕشتنی پلانی داهاتووی حیزب دەگرێتەوە.

---

[1] – نەزاکەت حسێن،سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

[2] – محمود محمدیان، و/ جەعفەر شەمس، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٠

٥. ئەرکی ئیدارەدانی هەواڵ: بریتییەلە ئیدارەدانی ناوبانگی حیزب و کاندیدەکانی، لە چالاککردنی پەیوەندیی گشتی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئیدارەی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

٦. ئەرکی ئیدارەی بەبازاڕگەریی سیاسی : زۆر لە حزبە سیاسییەکان پشت بە ئابونەی ئەندامەکانی بۆ زیادکردنی تەمویلەکەیان دەبەستن، بەشێکی تریان پشت بە بازرگانی، یان بەخشینەکان دەبەستن.

٧. ئەرکی جێبەجێکردنی ئیدارەی هەڵمەتی لەیەکچوو/ یەکسان: ئەم ئەرکە خۆی لە ڕێکخستن و ئەداکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و چالاکی حزبی سیاسی بەتایبەت ڕێکخراوە لێکچووەکان دەبینێتەوە.

٨. ئەرکی ئیدارەی هەماهەنگی ناوخۆ: ئەم ئەرکە پەیوەندیدارە بە پەیوەندی نێوان ئەندامانی حزب و چالاکوان و وتەبێژەکان، کە ڕۆڵێکی زیندوو لە دروستکردنی دڵنیایی و متمانە بەتایبەتی لە بازاڕکردنی سیاسی دەگێڕێت".[1]

بازاڕگەریی سیاسی بۆ خستنەڕووی کاڵا و بەرهەمەکانی، پشت بە مۆدێلی سێ قۆناغ دەبەستێت، کە بەناوبانگترین بیرۆکەیە بۆ بەبازاڕکردنی سیاسی، بەجۆرێک توێژەران و شارەزایان دانیانپێداناوە بۆئەوەی بەبازاڕکردنێکی سیاسی سەرکەوتوی تێدا ئەنجامبدرێت:

"قۆناغی یەکەم: دەستنیشانکردنی ویست و خواستی بەکاربەران، ئەم خواست و ویستە لە کاڵای ڕامیاری و دروستکردنی پەیامی ڕامیاری لەسەر بنەمای ویستی بەکاربەران ڕەنگدەداتەوە.

قۆناغی دووەم: ئاگادارکردنەوەی بەکاربەران لە ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لەسەر ویستی ئەوان بەسەر کاڵا و پەیامی سیاسی ڕێکخراودا هاتووە.

قۆناغی سێیەم: گەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو پەیام و کاڵاییە، کە لەسەر خواست و ویستی بەکاربەران دروستکراوە بەجۆرێک لەکۆتایدا بەکاربەران ڕازیبکرێت و دڵسۆزییان بەدەستبهێنرێت، لەهەمانکاتیشدا ڕێکخراوەکە بە ئامانجی بردنەوەی خۆی بگات.

ئەم مۆدێلە پێیوایە، حزب بەئاسانی دەتوانێت بزانێت، کە بەکاربەرەکانی چیان دەوێت، ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوە و ڕاپرسی مانگانە، یاخود کۆبوونەوە و گردبوونەوەکان یان لەڕێگەی ڕێکخستنەکانیانەوە ئەو پێشنیارانە وەربگرن، کە خواستی بەکاربەرەکانیان پردەکاتەوە، بۆیە ئەم مۆدێلە پێشنیاردەکات لەدوای گوێگرتن، کاڵایەک دیزاینبکەن، کە بەکاربەرانی دەیانەوێت،

---

[1] – – وظائف التسويق السياسي ، صحيفة الموسوعة السياسية، سەردان: 2021/10/20
https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fpolitical-encyclopedia.org%

ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە لەکاتی دەنگداندا دەنگ بەو کاڵایە بدرێت، کە لەســـەر ویســـتی خۆیان بنیاتنراوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بردنەوەی حزبەکە".[1]

هەرچەندە مۆدێلی سێ قۆناغ، ڕێگەیەکی سادە و ئاسانی بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی بازاڕگەریی سیاسی دیاریکردووە، بەڵام نابێت ڕۆڵ و گرنگی میدیا لەو نێوەندە فەرامۆشبکرێت، کە خاڵێکی بەهێز و کاریگەری نێوان بەربژێری ســیاســی و دەنگدەرە، "چونکە بازاڕگەریی میدیا خۆی لە کۆمەڵێک چالاکیدا دەبینێتەوە، کە ئەنجامدەدرێت و ئامانج لێی دۆزینەوەی بازاڕە بۆ کاڵایەک، یان پەیامێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی لەڕێگەی یەکێک لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە لەپێناو ڕازیکردن و قایلکردنی وەرگرەکانیدا سپۆنسەرکراوە"[2] چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش باشترین ئامرازن بۆ پرۆسەکە "بۆیە ئێستا میدیا بەسەرچاوەیەک دادەنرێت، کە زۆر بەئەستەم کۆنترۆڵ دەکرێت و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لەســـەر دەنگدەر بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی ســـیاســـی بەربژێرەکان، هەربۆیە بەربژێرەکان زۆر پێویســـتە بە گرنگییەوە ڕۆڵی میدیا هەڵبســـەنگێنن، چونکە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەوان دەتوانن کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەســـەر پارتەکە، یان کاندیدەکە دروســـتبکەن، زۆرێک لە زاناکانی بوارەکە پێیانوایە، ئەرکی میدیا تەنها ئەوەیە، کە نێوەندگیرێکن لەنێوان بەربژێر و دەنگدەر و پەیامی بەربژێر دەگەیەنن بە دەنگدەر، کەچی لەڕاســـتیدا ئەو ڕەهەندە پشـــتگوێخراوە، کە خودی میدیاش ئەجێندای خۆی هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی، کە بازاڕی سیاسی چۆن چوارچێوە وەردەگرێت، بە بەکارهێنانی مۆدێلی ســێ قۆناغ و بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی کاریگەریی میدیا لە بەبازاڕکردنی ســیاســیدا، دەتوانرێت گەورەترین سەرکەوتن بەدەستبهێنرێت، بەمەرجێک پارتە سیاسییەکە پلانێکی ڕوونی کاریگەری بۆ جێبەجێکردنی هەبێت، هەربۆیە پێویستە پارتە سیاسییەکە لەکاتی داڕشتنی پلان و دروستکردنی کاڵای سیاسی ئاگاداری ئەوە بێت، کە ئایا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کام میدیایە و لە دژی کـام میـدیـایەی تر دەبێت، بۆئەوەی بەرچـاوی ڕوونبێت لە کـام میـدیـاوە کـاڵاکەی پەخشـــبکات"[3]، بازاڕگەریی بازارگانی زۆر جیاوازە لە بازاڕگەریی ســـیاســـیی "لەبازاڕکردنی بازرگانیدا ڕۆڵی میدیا تەنها گەیاندنی پەیامی بازرگانی کۆمپانیەکەیە ســـەبارەت بە کاڵایەک یاخود خزمەتگوزاریەک، کە لەبەرامبەر ئەم نێوەندگیرییەدا بڕێک بەهای دارایی وەردەگرێت، جا چ کاڵاکە بفرۆشـــێت یاخود نا، بەڵام لە بازاڕی ســـیاســـیدا میدیا کارەکتەرێکی چالاکە و خاوەن بەرژەوەندی خۆیەتی، کە ئەوانیش لەوانەیە ســەر بە کۆمپانیای بازرگانی تربن، پشــت بە داهاتی ئەوان ببەســتن بۆ بەردەوام بوونیان، لەڕاســتیدا میدیا بە میدیای حکومیشــەوە خۆی لەخۆیدا ،

---

[1] – ئاوارە بەختیار، تێڕوانینێکی تیۆرانە بۆ بەبازاڕکردنی ڕامیاری، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە ٢٨، ساڵی ٢٠١٨، لا٢١.
[2] – نەزاکەت حسێن، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٨.
[3] – ئاوارە بەختیار، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣.

وەک پارتە سیاسییەکان دامەزراوەی سیاسین، بەرژوەندی و ئامانجی سیاسیان هەیە، لەزۆربەی وڵاتان هەندێک میدیا هەن، کە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان لە دابەشکردن و پەیام و کاڵای سیاسی و دامەزراوە سیاسییەکان هەیە، هەربۆیەش پێویستە ئەم کارەکتەرە میدیانە دەستنیشانبکرێن و ئامانج و بەرژەوەندییەکان دیراسە بکرێن و هەوڵی دروستکردنی جۆرێک لە تێگەیشتن لەنێوان میدیا و پارتە سیاسییەکە دروستبکرێت، کە ئەمەش دەبێتە مایەی سەرکەوتنی پارتەکە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کارەکتەرە میدیاییەکە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت، کە لە هیچ سیستەمێکی ڕامیاریدا لە هیچ شوێنێکی دونیا هەرگیز میدیاکان خۆیان پابەندیی ئەوە ناکەن، کە وەکو کارەکتەرێکی بێلایەن بن لە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا بەڵکوهەردەم لایەنگری ئەو پارتەن، کە نزیکە لە ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان."[1]

چالاکترین بەشداریی سیاسی هاووڵاتی، پرۆسەی هەڵبژاردنە، کە زۆرترین بازاڕکردنی سیاسیش لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکرێت، لەم پرۆسەیەدا میدیای بینراو و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پشکی شێریان بەردەکەوێت "لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا، تەلەفزیۆن گەورەترین کاریگەری تێدا دەبینێت و بە ڕەگەزێکی یەکلاکەرەوەی گرنگ دادەنرێت لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بۆیە هەمیشە سیاستمەدارانی ئەمریکا باوەڕیان بەو جۆرە پەیوەندیکردنە پەیداکردووە، کە ڕووبەڕووی شاشە ئەنجامدەدرێت، چونکە گەلی ئەمریکا کاتێکی زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆنەکان بەسەردەبەن (ڕیتشارد نیکسۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) توانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٦٨ بەرێتەوە بەرامبەر بە (هیوبرت همفری)، ئەم بردنەوەیەش بە بەکارهێنانی باشی تەلەفزیۆنەکان بوو لە دەرخستنی (نیکسۆن)، وەک پیاوێکی بەتوانا لە سەرکردایەتیکردنی گەلی ئەمریکا، لەمبارەیەوە (جۆن ماکینش) کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (فرۆشتنی سەرۆک)، کە تێیدا باس لە ئاستی وردەکاری پلانی شێوەی دەرخستنی (نیکسۆن) دەکات لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن لەکاتی قسەکردن لەگەڵ گەلی ئەمریکا، کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ڕایگشتی خەڵک و بردنەوەی نیکسۆن لە هەڵبژاردنەکاندا،"[2]

میدیا لە پرۆسەی بانگەشەی هەلبژاردنەکان کۆمەلێک ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ، لەوانە:

١. "دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێویستە ڕوماڵی گشتگیر و هاوسەنگیی پرۆسەکە، بە ڕەچاوکردنی دادوەری و وردی و بابەتیبوون بکات.

---

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[2] – شێرکۆ جەبار، ڕاگەیاندن... بەرجەستەکردنی ستەمی ئایدیلۆژی (tv) وەک نمونە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، چاپخانەی بینایی،کەرکوک ، ٢٠٠٦، ل٦٥.

٢. چاودێریکردنی وردی بابەتی و دادپەروەرانەی پرۆســــەی دەنگدانی نهێنی هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی یەکسانی ئەو مافە بۆ دەنگدەر.

٣. گواستنەوەی واقعەکە، وەکخۆی بۆ وەرگر بە جوانی و ناشرینی و باشی و خراپی و ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە.

٤. ئازایەتی لە پیشاندانی فێڵ و ساختە و پێشێلکاری و کەموکورتیەکان، سڵنەکردنەوە لەهەر لایەنێکی کەمتەرخەم یان بەرپرس لێی".[1]

ڕۆژنامەنووسان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، هیچکات لە لێدوان و قسەی جوان و زانیاری گرنگ پەکیانناکەوێت، چونکە بارودۆخەکە بۆ میدیاکاران پێچەوانە دەبێتەوە، لەبری ئەوەی ڕۆژنامەنوس وێڵ بێت بەدوای وەرگرتنی زانیاری و لێدواندا، سەدان کەس، کە کاندیدن حازر و ئامادەن بۆ لێدوان لەســەر هەموو جۆرە بابەتێک، زۆرجار خۆیان داوا لە ڕۆژنامەنووس دەکەن تا لێدوانیان لێوەربگرن، ئەمەش بە ماوەی زێڕینی کاری میدیایی بۆ ڕۆژنامەنوس دادەنرێت، چونکە دەســتی بە کەســانێکی وا دەگات، کە ڕەنگە لەکاتی ئاســاییدا بۆوەرگرتنی لێدوانێک یان چاوپێکەوتنێک بۆڕازی بونیان چەند مانگێک بخایەنێت، هەروەها ئاشنادەبن بە کەسانی سیاسی زۆر گرنگ، بەمەش دەتوانێ پەیوەندییەکانی خۆی بەهێزتربکات و لە ئایندەش ســـوود لەو پەیوەندییانە بۆ کاری میدیایی خۆی وەربگرێت، لە هەمووی گرنگتر ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر پربایەخە بۆ ڕۆژنامەنووســــان تا ئەزموونەکانیان زیادبکەن و بەخۆیاندا بچنەوە و هەڵە و کەموکورتییەکانیان چاکبکەن.

---

[1] – هێرش ڕەسول، ئیتیکی ڕاگەیاندن و ڕوماڵی هەڵبژاردن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوەی مێژووی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٩-٣٠.

## باســی ســێیەم: تەلەفزیۆن و دەرکەوتن و گەشــەکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان:

تەلەفزیۆن ئـامێرە ســـــحرییەکەی هەموو مـاڵێکـە، کە ســــاڵانێکە جێگەی پەروەردەی خێزانی گرتووەتەوە، بە دەگمەن دەبینی یان دەبیســــتی ماڵێک ئامێرێک یان زیاتری نەبێت "تەلەفزیۆن حیوار و جوڵە و نواندنی لە شـــانۆوە وەرگرت و شــــاشــــە و هۆیەکانی دەربڕینی لە ســــینەما وەرگرت و توانای گەیشــــتنی بە ماڵەکان لە ڕادیۆوە وەرگرت، بۆیە تەلەفزیۆن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەک کەناڵێکی گشــــتی و جەماوەری، وەک هۆیەکی بەهێزی ڕاگەیاندن، هەموو چین و توێژەکانی گرتەوە و زۆربەی کەناڵەکانی تری لەخۆیدا کۆکردەوە، تەلەفزیۆن بوو بە مینبەرێک بۆ گوتاردانی سەرۆک و سیاسییەکان و سەرکردەکان، هەروەها بوو بە ناوەندێک بۆ نوسەر و هونەرمەند و شــاعیر و ئەدیب و داهێنەرەکان، تاوەکو لەڕێگەی شــاشــەیەکەوە بەهرە و هێز و توانا و پەیامەکانیان پێشکەشبکەن و بیگەیەنن"[1]

تەلەفزیۆن ئەو ئامێرە بەهێزەیە، کە توانایەکی لەڕادەبەدەری بۆ گواســـتنەوە و گرێدانی بینەران بە بابەتەکانیەوە هەیە، لەبەرئەوەی "ڕاگەیاندنی بینراو لەگەڵ وێنە و ڕووداودا هەڵســـوکەوت دەکات و کار لە هەســـتیارترین هەســـتەوەری مرۆڤ، کە چاوە دەیکات، چاوی مرۆڤ وێنەکان دەگەیەنێتە مێشــک و خەزنیدەکات، بۆئەوەی هەرکات ویســتی بیهێنێتەوە یادی خۆی، هەروەها ئەو وێنانەی، کە لە ڕێگەی چاوەوە دەگوازرێتەوە تایبەتمەندی لەوەدایە، کە ڕاستەقینەن ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کاردانەوەیەکی واقیعیانەی لەبەرامبەریدا هەبێت، ڕەنگە لەم سەردەمی ئێمەدا گرنگترین هۆکاربێت بۆ کارکردنەســــەر پەرەپێدانی ئاســــتی هۆشــــیاریی جەماوەر و مرۆڤی بەتەواوی کۆنترۆڵکردووە، کە بەدەگمەن ماڵێک شـــکدەبەیت تەلەفزیۆنی تێدا نەبێت، لە ســـاڵی ١٩٥٧ یەکێتی سۆڤیەت بۆ یەکەمجار مانگی دەستکردی هەڵدایە بۆشایی ئاسمان، لە دوای کاری ســــیخوڕی، تەلەفزیۆن لە هەموو بوارەکان زیاتر کەڵکی لە مانگی دەســـتکرد وەرگرت، بەمەش کەنـاڵی ئـاســــمـانی دەرکەوت، کە توانی ســـنوری جوگرافی ببەزێنێت و پەخشــــی پەیامە تەلەفزیۆنەکان لەســــەرتاســــەری جیهان پەخشــبکات، بەمەش تەلەفزیۆن بوو بە چاو و گوێی مرۆڤی هاوچەرخ و هەموو جیهانی لە شاشەیەکدا کۆکردەوە"[2] بەم شاشەیە توانرا مرۆڤایەتی لە سـەردەمێکەوە ببەن بۆ سـەردەمێکی تر، کە تێیدا دانیشـتوانی هەموو جیهان بەیەکتر ئاشـنابکەن، هەرچەندە ئەم داهێنانە لە ئەنجامی داهێنانەکانی پێش خۆیەوە دروستبوو، "مێژووی داهێنان یان

---

[1] – سامان جەلال،هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆن ڕادیۆ ڕۆژنامە میدیای ئەلیکترۆنی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، 2018، ل١٧-١٨.

[2] – تۆماس ئێلماکفیل، و/ هەندرێن شێرزاد، میدیای نێودەوڵەتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤١.

پەیدابوونی تەلەفزیۆن بە بەراورد لەگەڵ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ زۆر کۆن نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بیری داهێنانی تەلەفزیۆن لەگەڵ ڕادیۆ و فیلم و سینەما لەیەک سەردەم بوون و جیاوازی لەنێوانیاندا زۆر نییە، زانا کارڵی ئەڵمانی یەکەم کەس بوو بیری لە داهێنانی تەلەفزیۆن کردەوە"[1]، یەکەم دەرکەوتنی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست "لە ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵ ١٩٢٦ کۆمەڵێک لە زانایان و توێژەران لە هۆڵێک لە پەیمانگەی شاهانەی لەندەن بەرامبەر شاشەیەک دانیشتن، هەموو بەجۆش و خرۆشەوە دەیانڕوانی، بەخێرای لەسەر ڕووکاری شاشەکە چەند بروسکەیەک بینران، کە وردە وردە ڕوخسار و شێوە هێڵەکانی دەرکەوتن تاوەکو ببنە خەیاڵگەلێکی جوڵاو بەڵام بە ئەندازەی پێویست ڕوون و ڕەوان نەبوون، ئەوەی بینرا تەلەفزیۆن بوو، کە وێنەی جوڵاوی زیندوو بوو" [2]

بۆچوونی جیاواز لەبارەی یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنەوە هەیە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە" یەکەم پەخشی ڕاستەقینەی تەلەفزیۆن، کە پێی بگوترێت شاشەی تەواو لە ئازاری ١٩٣٥ لە ئەڵمانیا دەستیپێکرد، کە لەو کاتەدا دەتوانرێت تەنها لە ٢٢ شوێنی ڕەسمییەوە ئەو شاشە بچووکانە ببینرێت"[3]، "لەکۆتایی ساڵی پەنجاکان ژمارەی بینەرانی تی ڤی لەجیهاندا گەیشتە ملیۆنێک کەس، تەنها لە ئەوروپا نزیکەی ٥،٧ ملیۆن بینەر بووە، لە ئەمریکاش ٥،٦ ملیۆن بینەر و لە ئاسیا ٥،٥ ملیۆن بینەری هەبووە."[4]

تەلەفزیۆن بە گرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دادەنرێت، چونکە باڵادەستێتی تەلەفزیۆن دیارە، توانستی لە ڕاکێشانی سەرنج و توندی کاریگەری لەڕێگەی بەکارهێنانی دەنگ و ڕەنگ و جوڵەوە لەیەککاتدا، "بۆیە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕۆڵێکی گرنگ لەبواری ڕاگەیاندندا، چونکە بەبەهێزترین ئامرازی ڕاگەیاندن هەژماردەکرێت لەبواری قەناعەتپێکردن پاش پەیوەندی کەسایەتی، لەبەرئەوەی هەردوو هەستی بینین و بیستن دەخاتەڕوو، بەشێوەیەک سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت بۆخۆی بەڕادەیەک، کە ناهێڵێت هیچ چالاکیەکی تر بکات، تەلەفزیۆن بینەران لە واقع نزیکدەکاتەوە، بەهۆی زیادبوونی توانای تەلەفزیۆن لەڕووی توانایەوە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی بینەران، چیدیکە تەلەفزیۆنیش بە ئاستەنگە جوگرافی و تەکنیکیەکانەوە کۆتوبەندناکرێت ئەوەش باشییەکەی بۆ تەکنیکی مانگە دەستکردەکان و

---

[1] – مەغدید سەپان، ئەوانەی ڕۆژنامەنوس پێویستە بیزانێ، مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک، ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٣، ، لا٢٣٤.

[2] – نەبیل راغب ، اساسیات العمل الصحفي ، مكتب لبنان ناشرون ، الشركة المصرية العالمية للنشر، طبع فی دار نوبار، ١٩٩٩، ص٤٤٥.

[3] – مەغدید سەپان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣٥.

[4] – شێرکۆ جەبار، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤.

تەلەفزیۆن (کێبڵ) و ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەو تەکنیکانەشـــی، کە توانای کاریگەری ئەم ناوەندە میدیاییە گرنگەیان زیادکردووە، لە ســۆنگەی گرنگی تەلەفزیۆن و ســەرنجڕاکێشــیەوە ئەرکی حکومەت و دەســـتەی ڕۆشـــنبیری و فکریەکـانیشـــە بەرنـامەڕێژی بکەن لەپێنـاو پارێزگاریکردنی ڕۆشـنبیری و نەتەوەیی تاوەکو ئەم شـاشـەیە نەبێتە مەترسـیدارترین گۆڕەپان بەســـەر نەتەوەکاندا لە گۆڕەپانی داگیرکەری ڕۆشـــنبیری دوژمنکارانە، لەبەرئەوەش پێویســـتە تەلەفزیۆن لەبواری فێرکردن و پەروەردەکردنیشدا سەرمایەگوزاری پێبکرێت."[1]

تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی گرنگی ڕاگەیاندن هەر زوو توانی جێگەی خۆی لەسەرتاسەری جیهاندا بکاتەوە، بە هەموو وڵات و ناوچەیەکدا پەلبهاوێژێت، میلەتی کوردیش وەک میلەتانی دونیا هەوڵیان داوە و ویستویانە دەستیان بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بگات، شانبەشانی وڵاتانی دراوسێ و میلەتانی چواردەوریان هەوڵی دەستخستن و بەکارهێنانی ڕاگەیاندنیان داوە، لە22ی نیسانی ساڵی 1898 یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەسەر دەستی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە قاهیرە دەرچوو، کە بە سەرەتایەکی گرنگی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت، بێگومان لەگەڵ پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی دەستخستنی ئەو هۆکارانە دراوە بەتایبەتی تەلەفزیۆن، بەڵام بەرلەوەی باس لە دەرکەوتن و گەشەکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بکەین، ئاماژەیەک بۆ دەرکەوتنی ڕاگەیاندن دەکەین، پەیوەست بەمەش لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕاگەیاندن لە جیهاندا ڕاگەیاندکارانی کوردیش هەوڵیانداوە دەستیان بە ڕاگەیاندن بگات، هەروەک "لەسەرەتای پەیدابوونی ڕاگەیاندنی کوردی، یان ڕۆژنامەگەریی کوردی، چینی ئەرستۆکراتی کورد خەریکی کاری ڕۆژنامەگەری بوون، ئەوانیش لەبەرئەوەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی وڵاتانی دەوروبەر هەبوو، بە چەند زمانێک کتێب و بڵاوکراوەکانیان دەخوێندەوە بەهۆی پسپۆری لەکەرەکەیاندا ئەو نووسینانەی دەیاننووسی، بەباشی بیریانلێدەکردەوە و جوان دایاندەڕشتەوە، بەهیچ شێوەیەک پەلەیاننەدەکرد، لەو سەردەمە ڕۆژنامەگەری گەورەترین ناو و ناوبانگی هەبوو، ڕاگەیاندن لە کوردستاندا پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە دەردەچوون، سەر بە هیچ حیزب و گروپێکی سیاسی نەبوون، لەوانە رۆژنامەکانی (ژین و ژیانەوەی پیرەمێرد، زاری کرمانجی و ڕووناکی حوسێن حوزنی موکریانی، گەلاوێژی ئیبراهیم ئەحمەد و هەتاوی گیوموکریانی...هتد) ئەمانە و دەیانی تر بناغەی ڕۆژنامەگەرییان بەهێزکرد، زمانی کوردیان لەڕێگەی ئەو بڵاوکراوانەوە دەوڵەمەندکرد بەرەو ستانداردیان برد، هیچ کام

---

[1] – تۆماس ئێلماکفل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

لەوانە کاریان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و ناوبانگ نەکرد، ئەوان دەیانویست لەڕێگەی ڕۆژنامەوە خزمەتی میللەتەکەیان بکەن، کورد لە تاریکی ڕزگاربکەن بۆ ڕووناکی و ئازادی ببەن."[1]

"بەڵام بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول زۆر لەوانەی، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کاریاندەکرد، خرانە نێو ڕێکخراوەکانی حیزب ، سەرکردایەتی کورد لەو کات زۆر بە پێویستیانزانی، کە شۆڕش پێویستە خاوەنی ڕاگەیاندنی تایبەتی خۆی بێت، ئەوان لەتەک خەباتی سیاسی و چەکداری، خەباتی هۆشیارکردنەوەی کورد و تێگەیشتن لە شۆڕشیان دەکرد، بۆیە لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری، بەتواناترین کادرانی ڕاگەیاندنی کوردی چوونە ڕیزی شۆڕش و لەتەک پێشمەرگە بە قەڵەم خەباتیان بۆ ئازادی کوردستان دەکرد، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەم هەڵوێستانە گۆڕانی بەسەردا هات، بەجۆرێک لەخەباتی کورد و کوردایەتی گۆڕا بۆ حزبی و بۆ خزمەتی حزب بەکاردەهێنران، ڕاگەیاندنی حزبەکان زۆر لە ڕاگەیاندنی وڵاتانی دواکەوتوو دەچوو، بە هەواڵی سەرۆک و سکرتێر دەستی پێئەکرد و بە چالاکی حزبی کۆتاییدەهات"[2]، سەرەتای دەرکەوتنی ڕاگەیاندن لەلای کورد ئەگەر بەدەست کەسانی سیاسی و حزبی سیاسیشەوە بووبێت، بەڵام خزمەتێکی گەورەیانکردووە بە بواری ڕاگەیاندنی کوردی و بوونەتە هۆکاری دەستپێکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی بۆ کورد.

لەســەرەتاکانی دەرکەوتن و گەشــەکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیش لە ناوچەکە، کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دونیا هەوڵیداوە بۆ گەیشتن بە زانیاری و گەشەکردنی کوردستان سوود لە تەلەفزیۆن وەربگرێت، دەکرێت ســەرەتای گەشــەکردن و دەرکەوتنی تەلەفزیۆن بۆ کورد بکەین بە دوو پۆلێن (پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین)، ئەگەر باســی ســاڵانی زۆر پێشــی قۆناغی پێش ڕاپەڕین بکەین، "یەکەمین وێســـتگەی تەلەفزیۆنی کوردیی، کە بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پەخش کردووە، کەناڵێکی ئێرانی بوو، کە لە ســاڵی ١٩٦٠ لە تاران هاوشــانی زمانی فارســی بە زمـانەکـانی کوردیی و ئـازەریی پەخشـــی بەرنـامەکـانی کردووە، تەلەفزیۆنی (تەئمیم)یش بە دووەمین کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت کە بە زمانی کوردی بەرنامەکانی پەخشــکردووە لە ١٩٦٧/١١/١٨دا دامەزراوە بە زمانەکانی کوردی و تورکمانی و ســریانیی و عەرەبیی پەخشــی بەرنامەکانی کردووە"[3]، "لەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ســاڵی ١٩٧٠ کراوەتە تەلەفزیۆنێکی کوردی، کە خزمەتی مەرام و ئامانجەکانی دەســتەڵاتدارانی ئەو ســەردەمەی بەعســی کردووە"[4].

---

[1] – مەغدید سەپان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.
[2] – مەغدید سەپان، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٤–٢٥٨.
[3] – مەم بورهان قانع، میدیا و پێشێلکاری پیشەیی، چاپخانەی قانع ، سلێمانی ،2016، ل٣٤.
[4]– سەباح مەجید، تەلەفزیۆنییە کوردیەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٧، ل٢٥.

له " ساڵی ١٩٧٨یشدا بەشی کوردی لە تەلەفزیۆنی (موسڵ) کرایەوە، کە بەشێوەزاری (کرمانجی ژووروو)پەخشی بەرنامە کوردییەکانی دەکرد، هەردوکیان یەک ئامانجیان هەبوو کە خزمەتکردن بوو بە دەسـتەڵاتی حزبی بەعس لە عێراق، تەلەفزیۆنی (مەهاباد)یش لە خۆرهەڵاتی کوردسـتان هاوشێوەی تەلەفزیۆنی (تەئمیم) و (موسڵ) خزمەتی دەستەڵاتی دەکرد، کە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا و دەستەڵاتی ئیسلامی فارسی دەکرد"[1] لە باشوری کوردستان لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد لە سـاڵی ١٩٩١ کورد وەرچەرخانێکی سـیاسـی گەورەی بەخۆیەوە بینی، قۆناغێکی نوێی سـیاسـی لە باشـوری کوردسـتان دەسـتپێکرد، سـەرئەنجام لە چوارچێوەی هەرێمی کوردسـتان/عێراق دا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان پێکهێنرا، "بەر لە پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت یەکەمین کەناڵی کوردیی لە دوای ڕاپەڕین لەسـەر دەسـتی حزبی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان دامەزرا، کە کەناڵی (گەلی کوردسـتان) بوو، کە یەکەمین کەناڵی کوردی ناحکومی بوو، کە لە ١٩٩١/٩/١١ دەستی بە پەخش کرد."[2]

"دوای ئەوە پارتی دیموکراتی کوردسـتان ١٩٩٢/٥/١٧دا کەناڵی (کوردسـتان تی ڤی) لە هاوینە هەواری پیرمام کردەوە و دەسـتی بە پەخشـی بەرنامەکانی کرد، دواتریش پارتی پارێزگارانی کوردسـتان لە ١٩٩٤/٧/١دا تەلەفزیۆنێکی دامەزراند بەناوی (پارێزگاران) ، دوای ئەوانیش حزبی زەحمەتکێشـان کوردسـتان تەلەفزیۆنی (ئازادی) لە ١٩٩٤/١٢/١٠ کردەوە، بەمپێیەش زۆربەی پارتە سـیاسـییەکانی سـەر گۆڕەپانی سـیاسـی هەرێمی کوردسـتان بوونە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی."[3]

یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان "لە وڵاتی بەلجیکا بوو بەناوی (مێد تی ڤی) بوو، کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرا، لە ساڵی ١٩٩٥ دەسـتی بە پەخشـکرد، بەڵام ئەو کەناڵە بە تۆمەتی پێشـێلکردنی تایبەت بەکاری میدیایی لە ئەوروپا و هەروەها بەهۆی فشـارەکانی چەند وڵاتێکی ئەوروپی داخرا"[4]، لە سـاڵی ١٩٩٩ کەناڵی ئاسـمانی لە هەرێمی کوردسـتان دەرکەوت،" یەکەمین کەناڵی ئاسـمانی کوردی، لە هەرێمی کوردسـتانەوە دەسـتی بە پەخشـکردووە، کەناڵی (کوردسـتان تی ڤی)ی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بوو، کە لە ١٩٩٩/١/١٧ دەستی بە پەخشکرد و هاوشـانی زمانی سـەرەکیی کوردی بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسـی، تورکمانی، سـریانی، پەخشـی بەرنامەکانی دەکرد، دووەمین کەناڵی ئاسمانی کوردیی کە لە هەرێمی کوردستانەوە دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی

---

[1] – هەمان سەرچاوەی ، لا٢٩.

[2] – مەم بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥.

[3] – مەغدید سەپان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦١.

[4] – مەم بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٦.

کرد، کەناڵی (کوردسات) بوو، کە کەناڵێکی نافەرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لە ٢٠٠٠/١/١ دەستی بە پەخشـی بەرنامەکانی کردووە."[1] دواتریش "سـێیەمین کەناڵی ئاسـمانی کوردیی کە لەهەرێمی کوردســـتانەوە دەســـتی بە پەخش کردووە کەناڵی (زاگرۆس)ە کە لە ٢٠٠٥/٥/١٣ لەشاری هەولێر دەستی بە پەخش کردووە، دواتر زۆربەی پارتە سیاسییەکان بوونەتە خاوەنی کەناڵێک یان چەند کەناڵێکی ئاســـمانی و ناوخۆی لە کوردســـتان، کە موڵکداریان بۆ پارتێکی سیاسی یان سەرمایەدارێک یان کەسایەتییەکی سیاسی دەگەڕێتەوە." [2]

"تا کۆتایی ســـاڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردســـتان (١٦٤) ڕۆژنامە و (٤٠٤) گۆڤاری تۆمارکراوی فەرمی هەبوون، (٨٩) ئێســـتگەی ڕادیۆیی، (٧٧) کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و (٢٢) کەناڵی ئاسمانی تۆمارکراو بوونی هەبوو."[3]

" پاش ڕاپەڕین چەندین دەزگا و دامەزراوەی میدیایی و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی (حزبی و ســـەربەخۆ) هاتنەئاراوە، کە ڕەنگە ژمارەیان بە ئاســـانی هەژمارنەکرێت، لەســـەر ئاســـتی تاکەکەسیش هەریەکەو لە سایەی تۆڕی ئینتەرنێت بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تیوتەر بەتایبەتی، هەر تاکێک لەم نێوەندەدا بوونەتە خاوەنی کایە و دەرفەتێکی میدیایی، کە لە ماڵی خۆیەوە دەتوانێت دەنگ و ڕەنگی خۆی بەســـەدان و هەزاران کەس بگەیەنێت"[4]،بەڵام ناتوانین بڵێین تا ئێســـتاش کەناڵە کوردیەکان لە ڕووی ئاســـت و تەکنیک و پێشـــکەوتنەوە گەیشـتوون بە کەناڵەکانی دونیا "زۆر زەحمەتە ئاستی باشـی کەناڵی تەلەفزیۆن لە کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەک ڕوسـیا یان سـوید بەراورد بکەین، چونکە بینەری سـویدی، یان ڕووسـی مەرجیان لەسەر کەناڵەکان ئێجگار زۆرە، هەروەها ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیریان زۆر بەرزە، بۆیە دەبێت بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان زۆر پسـپۆڕانە بن و لە ئاسـتی ئەوان و کۆمەڵگەی ئەواندا بن، بەڕێوبردنی ئەو کەناڵانە لەلایەک ئاسانە و لەلایەکی تریش زۆر گرانە، ئاسانە چونکە تیمەکە تیمێکی پســـپۆڕە، گرانیشـــە چونکە بەردەوام دەبێ بەرنامەی نوێیان هەبێ، تا بینەر لەدەســـت نەدەن، بەڵام لە کوردســـتـان زۆربەی بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن، یـان ئێزگەی ڕادیۆ، لەلایەن حزبەوە دانراون، پێویســـت ناکات خەبات بۆ زۆرترکردنی بینەر بکەن، چونکە زۆربەی جار بەگوێرەی حزب شـــاشـــەکە بینەری هەیە."[5]، گەشـــەســـەندنەکان لە بواری میدیا لە هەرێمی

---

[1] – سەباح مەجید،سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

[2] – مەم بورهان قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦-٢٧.

[3] – ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٢٢.

[4] – محمد علی وەلی، ڕاگەیاندن ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013، ل١٢٦.

[5] – مەغدید سەپان، سەرچاوەپێشوو، ل٢١٩

کوردستان زۆر زوو گەشەسەندنی خێرای بەخۆیەوە بینی، بەپێی داتایەک کە لە ٢٠٢١/٤/١٢ لە بەڕێوبەرایەتی گشـــتی ڕاگەیـانـدن و چـاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە وەرگیراوە، کە بەڕێوبەرایەتیەکی تایبەتە بە کاروباری میدیا و ســـەر بە وەزارەتی ڕۆشـــنبیرییە، داتاکان بەمشــێوەیەن تەنها لە شــاری هەولێر ٨٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ١٧ کەناڵی ئاســمانی هەیە، هەروەها ٣٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ١٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاســمانی لە شــاری سلێمانیەوە پەخشـی بەرنامەکانیان دەکەن، بەڵام لە پارێزگاری دهۆک ڕێژەکە کەمترە ٩ کەناڵی ناوخۆیی و ٤ کەناڵی ئاسـمانی بوونی هەیە، کۆی گشـتی کەناڵە ئاسـمانییەکان ٣١ کەناڵە، کۆی گشـــتی ناوخۆییەکانیش ١٠٣ کەناڵە، کەواتە کۆی گشـــتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە هەرێمی کوردســتان ١٣٤ کەناڵی تەلەفزیۆنییە، کە پەخشــەکانیان لە هەرێمی کوردســتانەوە ئاڕاســتەی جەماوەر دەکرێت و بەشـێکی زۆر لە کەناڵە ئاسـمانییەکان کەناڵی سیاسـین و بەشـێکی زۆریش لە کەنـاڵە نـاوخۆییەکـان تەرفیهی و فیلم و درامـا و کەنـاڵی منـداڵانن، ئەم زۆری کەنـاڵە تەلەفزیۆنییـەکـان و هەمەجۆری کەنـاڵـەکـان تـا ڕادەیەک نەبووەتە هۆکـاری پڕکردنەوەی پێداویســـتییەکانی جەماوەر، چونکە کەناڵەکان، یان حزبین، یان بازرگانین و کەناڵی نیشـــتمانی فەرمیمان نییە.

# بەشی سێیەم:

# ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان

**باسی یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پڕۆسەی یاسادانانەدا**

**باسی دووەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەرک و تایبەتمەندییەکانی**

**باسی سێیەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا**

# بەشی سێیەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان

## باسی یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاسادانانادا:

### یەکەم: پەرلەمانی کوردستان و مێژووی دامەزراندنی:

پەرلەمان دامەزراوەی یاسادانانی هەر وڵاتێکە، بوونی پەرلەمان مانای سەربەخۆیی و هێز دەدات بە وڵاتان، ئەو هێز و سەربەخۆییەی، کە خۆی خاوەنی بنەمای یاسادانانی وڵاتەکەیە، هەرێمی کوردستانیش لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان، توانی ببێت بە خاوەنی پەرلەمانی خۆی و دارشتنی بنەما یاساکان و پەسەندکردنی یاساکانی تێدا پەسەندبکات.

"پەرلەمان، یان ئەنجومەنی نوێنەران، یاخود ئەنجومەنی گەل دەستەیەکی یاسا دانانە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات لە دەوڵەتە دەستوورییەکاندا، لە کۆمەڵێک کەس پێکدێت، کە پێیان دەگوترێت نوێنەر، یان پەرلەمانتار، پەیوەندیشیان بە پەرلەمانەوە لەڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتیەوە دەبێت، بەشێوازی دیموکراسی هەندێک جاریش دادەنرێن، ژمارەشیان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەت دیاری دەکرێت، لەڕێگەی ئەو هاوڵاتیانەوە، کە ناویان لە لیستی ناوی دەنگدەراندا تۆمارکراوە، لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، یان دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆدا هەڵدەبژێردرێن، پەرلەمان دەسەڵاتی تەواوی لە دەرکردنی یاسا، یان هەڵوەشاندنەوەی یاساکان هەیە، هەروەها دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتی و دەرەکیانەی هەیە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئیمزایان دەکات."[1]

لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانان بە پەرلەمان ناوزەند دەکرێ "لە یابان پێی دەگوترێ کۆمەڵەی نەتەوەیی و لە ئەمریکا کۆنگرێس و لە بەریتانیا ئەنجومەنی گشتی، یان ئەنجومەنی لۆردات و لە ئیسرائیل ناوی کنێست و لە عیراقیش ئەنجومەنی نوێنەرانە." [2]

پەرلەمانی کوردستان وەک تاکە پەرلەمانی هەرێمیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بیرۆکەی دروستبوونی بۆ کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد دەگەڕێتەوە، "لەسەر دەستی بەرەی کوردستانی دروستبووە، (جەلال تاڵەبانی) لە کتێبی دیداری تەمەن سەرەداوێک لەبارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەڵێت، (نامەیەکم لە دۆستێکەوە بۆ هاتووە و دەڵێت ئەگەر ئێمە هەڵبژاردن بکەین و حکومەتێک دروستبکەین، ئەوروپا یان دەوڵەتە گەورەکانی، وەک ئەمریکا و ئینگلیز ئامادەن

---

[1] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، مێژووی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٨، لا١٥.

[2] – عوسمان عەلی وەیس، دەروازەیەک بۆ کاری پەرلەمانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، لا٣٤.

دان بەو حکومەتەدا بنێن، تورکیاش قایل دەکەن، کە دژایەتی کورد نەکات) دیارە کە جەلال تاڵەبانی لە دانیشتنێکدا ئەمە بۆ مەسعود بارزانی دەگێڕێتەوە و ئەویش دەڵێ، کە ئەو نامەیە بۆ ئەویش هاتووە لێرەوە بیرۆکەی ئەوەیان بۆ هاتووە و دەڵێن: با ئێمەش هەڵبژاردن بکەین. ئێمە سەرچاوەی ئەو نامەیە نازانین بەڵام سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پاشخانی پەرلەمانی کوردستان."[1]

"دواتر بەرەی کوردستانی ڕای وابوو کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و قانونی کوردستانی عێراق پێویستە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی تایبەت بە هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان (لەڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨)دا جێبەجێکرا، هەروەک لە هۆیەکی دەرچواندنی یاساکە ئاماژەی پێکراوە کە (حکومەتی عێراق بڕیاری کشانەوەی بەڕێوەبردنی لەناوچەی کوردستان داوە ئەمەش بووەتە هۆی بۆشایی یاسایی و حکومڕانی، وە بۆ سەروەربوونی یاسا و دابینکردنی داد و خزمەتگوزارییەکان پاراستنی ماف و ئاشتی و موڵک و ماڵی هاوڵاتیان پێویستیان بە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی هەیە) شایەنی باسە بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨دا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی بڕیاریدابوو، کە ئەنجومەنێکی نیشتمانی کوردستانی پێکبهێنێ بۆئەوەی ڕاو و بۆچوونی گەلی کوردستان دەربڕێ و ببێتە خاوەنی کلیلی چارەنوسی خۆی."[2]

بەپێی یاساکەی بەرەی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت،"کە لە (١٠٠) ئەندام کەمتر نەبێ لەسەر بنەمای هەر نوێنەرێک بۆ (٣٠) هەزار کەس دواتر بەری کوردستانی بڕیاریدا بە تەرخانکردنی (٥) کورسیتر بۆ کەمە نەتەوەیی ئاشوری بەهەموو تایەفەکانیانەوە بە (کلدانی کاسۆلیک و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشوری و سریانی و ئەوانیتر) هەروەها (٥) کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان، (١) کورسی بۆ ئەرمەنیەکان، کە پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتانە کێبڕکێی لەسەر دەکەن، بەم شێوەیە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان (١١١) ئەندامە، بە گوێرەی (یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنەوەی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان) لە مادەی یەکەمدا هاتووە، کە (پەرلەمانی کوردستان شوێنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق دەگرێتەوە) واتا ناوی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان بە پەرلەمان ناوزەند دەکرێ، هەروەها لەم هەموارەدا ڕێژەی ژنانی بە (٣٠٪ کەمتر نەبێ) دیاریکرد لە هەر لیست و قەوارەیەکی سیاسیدا، هەروەها جگە لە هەڵبژاردن هیچ میکانیزمێکی بۆ بوون بە ئەندامێتی پەرلەمان نییە، شوێنی فەرمی پەرلەمان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت، کۆبونەوەکانی لە بینای فەرمی خۆی دەبێت، بەڵام لەسەر

---

[1] -سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانیەکان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٢٠، هەولێر، ل٥٠.

[2] - عوسمان عەلی وەیس،سەرچاوەی پێشوو، ل12-14

داواکاری ســــەرۆک یان ١٠ ئەندامی پەرلەمان و بە ڕەزامەندی پەرلەمان دەکرێ کۆبونەوە لە شوێنێکی تر بەپێی پێویستی بکرێت."[1]

ماوەی پەرلەمان چوار ســاڵە و لەیەکەم دانیشــتنەوە دەســت پێدەکات، لەدوا دانیشــتنی ســاڵی چوارەمدا کۆتایی دێت، "هەڵبژاردن بۆ نوێبوونەوەی پەرلەمان لەماوەی (٦٠) ڕۆژ پێش وادەی کۆتایی ماوەی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت، هەروەک لە مادەی دەیەم لە یاسـای ژمارە (١ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراوی یاســـای ســـەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە (ســـەرۆکی هەرێم فەرمانێک دەردەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشـــتی پەرلەمانی کوردســـتان-عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی پانزە ڕۆژدا لەبەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلایەنی کەم لەماوەی شەست ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بەمەرجێک ڕۆژی هەڵبژاردن لە شـــەســـت ڕۆژ دوای هەڵوەشـــاندنەوەی، یان شـــەســـت ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن ڕەت نەکات) کەواتە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ ڕۆژی هەڵبژاردن پێش (٦٠) ڕۆژ کۆتایی وادەی یاســـایی پەرلەمان ئەنجام بدرێت تا بۆشایی یاسایی درەست نەبێت." [2]

پەرلەمانی کوردســـتان ئێســـتا لە خولی پێنجەمیدایە بەهۆی بارودۆخی کوردســـتان و شـــەڕی ناوخۆوە "خولی یەکەم ١٣ ســـاڵی خایاند (لەســـاڵی ١٩٩٢-٢٠٠٤) بەردەوام بوو و خولەکانی تر بەپێی یاساکە ٤ ساڵ جارێک نوێ بووەتەوە بەم شێوەیە، خولی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٨) خولی سێیەم ٥ ساڵی خایاند لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٣) خولی چوارەمیش ٥ ساڵی خایاند (٢٠١٤-٢٠١٨) و خولی پێنجەمیش لە (٢٠١٨/١١/٦) یەکەم دانیشتنی کردووە و تا ئێستا بەردەوامە."[3]

پەرلەمانی کوردستان لەدوای دروستبوونییەوە بەرئەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی کوردســتان "لە ١٩٩٢/٥/١٩ و گرێدانی یەکەم دانیشــتنی لە ١٩٩٢/٦/٤ یەکێک لە کارە گرنگەکانی بریتی بوو لە دەرچواندنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەوەبوو، لە ١٩٩٢/٦/١٧ پاڵپشـــت بە (بڕگەی ٨ لەمادەی ٥٦ی یاسای ١ی ساڵی ١٩٩٢) پەیڕەوی ژمارە ١ی پەسەندکرد، ئەم پەیڕەوە لە خولەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەرکاربووە و هەشت جار هەموار کراوەتەوە، لە خولی چوارەم لیژنەیەک پێکدێت بۆئەوەی پەیڕەوێکی تازە دابنێن

---

[1] - عوسمان عەلی وەیس،سەرچاوەی پێشوو، لا 15-18.
[2] - عوسمان عەلی وەیس،سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢-٢٣.
[3] - فوئاد ئەحمەد،سەرچاوەی پێشوو، لا٩٨.

داواجار لە دانیشـــتنی (ژمارە ٨ لە ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٧) پەرلەمانی کوردســـتان پەیڕەوە نوێکەی پەسەندکرد."[1]

پەیڕەوی ناوخۆ لە کۆمەڵێک برگە و مادە پێکدێت هاوشـــێوەی یاســـاکان بۆ ڕێکخســـتنی کار و بارەکانی پەرلەمان یان دەتوانین بڵێین "پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵێک ڕێوشوێن و ڕێکارە کە تایبەتە بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنی ناوخۆی پەرلەمان."[2]

## دووەم: ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان:

بە وردبوونەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ و یاســـای ژمارە (١)ی ســـاڵی ١٩٩٢، هەروەها ژمارەیەک لە یاســـا بەرکارەکانی دیکەی پەرلەمان، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان ئەم ئەرکانەیان لەئەستۆدایە:

١". ئەرکی یاسادانان: ئەرکەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە میانەی پرۆسەی یاسادانان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەمادەکانی (77-97) دیاری کراوە بەم شێوەیەیە؛

أ. پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسا و بڕیار بەپێی برگەی پێنجەمی مادەی ٧٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەسەڵات دەدات بە لایەنی کەم ١٠ ئەندامی پەرلەمان"،[3]
بۆ پێشـــکەشـــکردنی پێشـــنیاز و بڕیار لەســـەر بنەمای گونجاندن لەگەڵ یەکێک لەم پێوەرانە:

١. "هەبوونی بابەتێکی گشتی، کە پێویستی بە دەرکردنی یاسا، یان بڕیارێک هەیە.
٢. هەبوونی بۆشایی یاسایی.
٣. ئەگەر کێشە لە جێبەجێکردنی یاسا هەبێت و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێ.
٤. پێویســـتە لە دەرچواندنی ئەو یاســـا و بڕیارانە ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەســـەر حکومەت بکرێت".[4]

---

[1] – هیوا حامد، سروشتی یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر، ٢٠١٩، لا٨-١٠.

[2] – عثمان علي وەيس، القوانین المنضمة للعمل البرلماني، مرکزبحوث برلمان کوردستان، مطبعة شهاب، اربیل، 2004، ص13.

[3] –هیواحامد، چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار لە یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، لا٢٧.

[4] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.

ب. "گفتوگۆی ئەو پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی، کە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەریەوە ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێن بەپێی (بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی ماددەی ٧٨ی پەیڕەوی ناوخۆ).

ج. ڕەزامەندی دەربڕین، یان ڕەتکردنەوەی پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیارەکان، ئەندامانی پەرلەمان لەچوارچێوەی مادەکانی (٩٠ و٩١ و ٩٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو ئەرکە پیادە دەکات.

د. هەموارکردنی یاسا و بڕیارە بەرکارەکان، هەروەک لە ماددەی ٧٧ی پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی بۆ کراوە".[1]

ه. "بەرکارکردن و هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسا ئیتیحادیەکان، ئەندامانی پەرلەمان لە چوارچێوەی ماددەی (١٢١) بڕگەی دووەم لە دەستوری هەمیشەیی عێراق، کە تێیدا هاتووە (حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە) هەروەها بەپێی ماددەی ٧٧ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم ئەرکە پیادە دەکات.

و. دانانی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان، لەچوارچێوەی خاڵی ٨ لە ماددەی ٥٦ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ئەم ئەرکەی خۆی جێبەجیدەکات." [2]

٢. "ئەرکی نوێنەرایەتی کردن: ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەمیانەی کاری پەرلەمانتاری خۆیاندا پیادەی ئەم نوێنەرایەتیانە دەکەن:

أ. نوێنەرایەتی کردنی گەلی کوردستان بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە، لەچوارچێوەی ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بڕگەی دووەم لە ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

ب. نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمانی کوردستان لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکان، بەپێی بڕگەی حەوتەم لە مادەی ١٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

ج. نوێنەرایەتیکردنی حیزب یان قەوارە سیاسیەکەی لەناو پەرلەمان، بەپێی ماددەی ١١٠ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

٣. ئەرکی نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوور: پەرلەمانی کوردستان لەبواری دەستوور ڕۆڵی گەورەی هەبووە، بەتایبەتی لە دەرکردنی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان/عێراق بۆ ڕاپرسی، وە دانان و دەستنیشانکردنی

---

[1] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی کار و باری پەرلەمان، هەولێر ٢٠٢٠، ل٦٧.

[2] – هیواحامد، چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار لە یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

ئەندامانی لیژنەی نوســینەوەی پڕۆژەی دەســتوری هەرێمی کوردســتان بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی یاساکە.

٤. ئەرکی دارایی: پشـــت بەســـتن بە حوکمی مادەکانی (٩٨ تاوەکو ١٠٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەستن بە پیادەکردنی ئەرکی بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی ئابووری هەرێم لەڕێگەی گفتوگۆ و پەسەندکردنی بڕگەکانی یاسای بودجە و ژمێرەی کۆتایی."[1]

٥. "ئەرکی هەڵبژاردن و دەســتنیشــانکردنی کەســانێک بۆ پۆســتە باڵاکان: ئەندامانی پەرلەمان دەستەیەک لە سەرۆک و جێگر و سکرتێر بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێرن بەپێی ماددەی ١٤ی پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەها دیاریکردنی سەرۆکی دەستە سەربەخۆکانی سەر بە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا بەرکارەکان".[2]

٦. "ئەرکی ســـیاســـی: ئەندامانی پەرلەمان پەیڕەوی کۆمەڵێک ئەرکی ســـیاســـی دەکەن، وەک دەستنیشـانکردنی سـەرۆکی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن (بەپێی بڕگەی ٣ی ماددەی ٥٦ لە یاسـای ژمارە ١ی ســـاڵی ١٩٩٢)، هەروەها متمانە بەخشـــین بە کابینەی حکومەت (بەپێی بڕگەی ٤ لە مادەی ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢) وە لێسەندنەوەی متمانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (بەپێی بڕگەی ٢ لەماددەی ٥٦ی یاسـای ژمارە ١ی سـاڵی ١٩٩٢)، مادەکانی (٧٤ و ٧٥ و ٧٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردســـتان، هەروەها بڕیاردان لەســـەر ڕێکەوتنەکان و بڕیارە چارەنوس ســـازەکان، خســـتنەڕووی بابەتێکی گشـــتی بۆ گفتوگۆ بەپێی ماددەکانی ٦٦ و ٦٧ی پەیڕەو، خســـتنەڕووی بیرۆکە بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی ٤٩ی پەیڕەوی ناوخۆ. هەروەها ئەنجامدانی پەیوەندی دیبلۆماســی پەرلەمانی لە چوارچێوەی ماددەکانی ١١٩ و ١٢٤ی پەیڕەوی ناوخۆ".[3]

٧." ئەرکی دادوەری: ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان کۆمەڵێک ئەرکی دادوەری پیادە دەکەن، وەک دانانی ڕێسا بۆ تۆمەتبارکردن و دادگایکردنی ئەندامەکانی لەکاتی شکاندنی ئەو سوێندەی خواردوویانە، لە چوارچێوەی(خاڵی ١٠ لە ماددەی ٥٦ی یاســـای ژمارە ١ی ١٩٩٢)، هەروەها پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و پیادەکردنی ئەم دەســـەڵاتە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا، هەروەها یەکلایکردنەوەی ئەو تانانەی، کە پێشکەشدەکرێن لەبارەی دروست ئەندامێتی ئەندامی

---

[1] – هەمان سەرچاوەی ، ل٣٢-٣٧.
[2] – هەمان سەرچاوە، ل٤٠.
[3] – هەمان سەرچاوە، ل٤١-٥٠.

پەرلەمانی کوردســتان، لەچوارچێوەی (خاڵی ١١ لە ماددەی ٥٦ی یاســای ١ی ١٩٩٢، و ماددەی ٢١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان)".[1]

8- ئەرکی چاودێری کردن : ئەرکی چاودێری کردن یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، کە دەتوانن لە چوارچێوەی کاری لیژنە تایبەتمەندیەکان یان بە سەربەخۆ خۆیان پەیڕەی ئەم ئەرکەیان بکەن "لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیشدا لەمادەکانی( 58-76) تایبەتکراوە بە چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە." [2]

## سێیەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان:

لیژنەکان گرنگترین پێکهاتەی پەرلەمانن لەوێدا نەک هەر یاســـا دادەڕێژن، بەڵکو هەر لیژنەیەک لەبواری خۆیدا دەرفەتی ئەوەی دەبێت، کە زانیاری و داتا کۆبکاتەوە، لەهەمانکاتدا بەشـێوەیەکی ئاســانتر بانگێشــتی خەڵکانی شــارەزا بکات هەتا ســوود لە ئەزموون و زانیاریان وەربگرێت، لەبواری چاودێری و لێپرســینەوەی حکومەتدا، "لیژنە دەتوانێت بەرپرســی حکومی بانگهێشــت بکات بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و دەســتەبەرکردنی زانیاری، و پرســاندن، جیاوازییەکەی لەگەڵ هۆڵی پەرلەمان ئەوەیە، کە بەڕێوەچوونی کارەکانی دوور لە چاوی میدیا دەبێت، هەرچەندە لە هەندێک لە پەرلەمانەکاندا بەتایبەت لە کاتی هاتنی بەرپرسێکی حکومی ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێت، ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەرەخســێنێت، کە زانیاریی زیاتر لەنێوان لیژنە و پەرلەمان و حکومەتدا بگۆڕدرێتەوە."[3]

"لیژنەکانی پەرلەمان بڕبڕەی پشــتی کاری پەرلەمانن، تا ئەو ڕادەی، کە لیژنەی بەهێز پەرلەمان بەهێز دەکات، مەبەســتی ســەرەکی لەدروســتکردنی لیژنە هەمیشــەییەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەیە لەجیاتی کۆی پەرلەمان بەو ئەرکانە هەڵبســتن، کە پێویســتیان بە تێگەیشــتن و وردبینیکردن و شیکردنەوە و لێکجیاکردنەوەی بەڵگەکانە، ئەو کارانە پێویستیان بە توێژینەوەیە بە ڕەچاوکردنی ئەولەویاتی نیشـــتمانی و کۆمەڵایەتییەکان و دیدی پســـپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و داتا باوەڕپێکراوەکان."[4]

---

[1]- هەمان سەرچاوە، لا ٥٠-٥٢.

[2] -پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، سەرچاوەی پیشوو، لا56

[3] – سەردار عەزیز، هەمان سەرچاوە، لا٨١-٨٢.

[4] –دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، دەوڵەتسازی، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوراست بۆ توێژینەوە (میری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، لا٤٥.

لیژنەکانی پەرلەمان (هەمیشـەییەکان) گرنگترین دەزگای پەرلەمانین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی ڕێوشـوێنی پەرلەمان، جوڵە و چالاکی کاری سـەرەکی پەرلەمانی لە لیژنەکاندا دەکرێ، "زۆرترین تایبەتکاری و پسـپۆڕییان هەیە، بەرهەمدار و بەکارن، گرنگی کاری لیژنە نەوعییەکان لەوەدایە، کە هیچ کارێک نییە لە پەرلەمان ئەنجام بدرێ پشـکێکی نەبێ لە دیراسـەکردن و هەڵسـەنگاندن و گفتوگۆکردنی بابەتی و دروسـت لەناو لیژنەکاندا، هەروەها ئامادەکردنی سەرنج و ڕاپۆرت لەبارەیانەوە".[1]

هەروەها "لیژنەکانی پەرلەمان ئەو مەتبەخەن کە زۆربەی یاساکانی تێدا دادەڕژێت و سـازدانی لەسەر دەکرێت، لە سەرجەم بوارەکاندا، وەک یاسا و کشتوکاڵ و دارایی و وزە، هەر بوارێکیتر بەپێی پسـپۆڕی لیژنەکان، لیژنە شـارەزایان لەخۆدەگرێت، کە دەکرێت ببنە سـەرچاوەیەکی دەگمەنی هێنانی زانیاری بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە بۆ ناوکایەی سیاسەت و بڕیاردان."[2]

لە پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، کە بە گوێرەی ڕێژەیان ئەندامان بەسـەر لیژنەکاندا دابەشـدەکەن، هەر ئەندامێک بەپێی پسـپۆڕیەتی و ئارەزووی خۆی داواکاری پێشـکەشـی فراکسـیۆنەکەی دەکات و بە ڕێکەوتن و هەماهەنگی لەگەڵ فراکسـیۆنەکانیتر دەگەنە ڕێکەوتن لەسەر بنەمای دیاریکردنی هەڵبژاردن بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر لیژنەکاندا، "بەگوێرەی ماف و ڕەچاوکردنی دەقێک ئەگەر هەبوو، (مەبەسـت لە ڕێکەوتنی فراکسـیۆنەکانە)، لیسـتی لیژنەکان پێشـکەشـی سـەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت و لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بە دەنگـدان جێگیر دەکرێـت، کە لەدوای ٢٥ ڕۆژدا لە یەکەم دانیشـتنی پەرلەمـانەوە لیژنە هەمیشـەییەکان بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبوان هەڵدەبژێردرێن، هەر لیژنەیەک لە (٥-١١) ئەندام پێکدێت، کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتییەکان." [3]

لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێکدێت لە ١٩ لیژنە

1- "لیژنەی کاروباری یاسایی
2- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری
3- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە
4- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان
5- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودیری
6- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

---

[1] - عوسمان عەلی وەیس، دەروازەیەک بۆ کاری پەرلەمانی،سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.
[2] - سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.
[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ٨٣،٨٤. هەروەها بڕوانە پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی ٢٨، ل٣٤.

7- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر
8- لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان
9- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
10- لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی
11- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم
12- لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی
13- لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار
14- لیژنەی دەستپاکی
15- لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا
16- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی،
17- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لەمافی مرۆڤ،
18- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان
19- لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت."[1]

لیژنە فەرمیەکانی پەرلەمان 19 لیژنەن بەڵام دەتوانن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆیاندا لیژنەی لاوەکی بۆکارێکی دیاری کرا و یان دۆسـیەیەکی دیاری کراو بە کاری لیژنەکە دروسـتبکەن، بۆ ئەوەی باشـتر بتوانن بەدواداچونی بۆ بکەن ، هەروەها پەرلەمان خۆی بە دانیشـتنەکانی پەرلەمان دەتوانێت بۆ بابەتێکی دیاری کراو وگرنگ لەسـەر داوای دەسـتەی سـەرۆکایەتی یان (4/1)ی ئەندامانی پەرلەمان،و بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبوان لە کۆبونەوەی پەرلەمان، لیژنەی تایبەت پێکبهێنێت بۆ مەبەستێکی دیاری کراو.

---

1 - پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٢٩، ل٣٥-٣٦.

## چوارەم: پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان:

پەرلەمانی کوردســتان ئەو ناوەندەیە، کە ســەرچاوەی یاســایە لە هەرێمی کوردســتاندا، پێدانی مافی یاســا دارشــتن بۆ هەرێمی کوردســتان ســەرچاوەیەکی گەورە و بەهێزە بۆ ســیســتەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردســتاندا، "پەرلەمان چەقی ئەو دەســەڵاتە یاســایی و ســیاســیی و مەعنەوەییەیە، کە گوڕ دەداتە دامەزراوەکانی دیکەی حکومڕانی، مینبەرە ســــروشــــتییەکەی ســــەرکردە باڵاکانی حزبە ســــیاســــییەکانە تا بەردەوام دیبەیتی ســــتراتیژی درێژخایەن بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی وڵاتەکە و چارەسەری ناکۆکی و قەیرانە ناوەکیەکانی تێدا ئەنجام بدەن"[1]

"پەرلەمان لە کاتێکدا، وەک دەزگایەکی یاســا دارێژەر دەبینرێت بەڵام لەهەمان کاتدا دەزگایەکە، کە ئەو توانایە بە هەرێمی کوردســــتان دەبەخشــــێت، کە لەمیانەی ئەم پرۆســــەیەدا خەڵک و حکومەت پێکەوە گرێ بدات، ئەم ســــەرچاوە هێزە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســــتان گرنگە، پەرلەمان لەڕێگەی توانای یاسا دارشتن و نوێنەرایەتی خەڵک و بوونی پرۆسەی دیموکراسی و بەشــــداری هەمووان، چ لە حکومەتدا، چ لە ئۆپۆزســــیۆندا بە مانایەکیتر هەبوونی پانتاییەک بۆ هەبوونی هەموو هێزە ســــیاســــییەکان ئەو پاشــــخانە بەهەرێم دەبەخشــــێت، کە هەرێم تەنها حکومەتێکی ئیـداری نییە لە هەنـاوی عێراقـدا، بەڵکو لەمیـانەی پرۆســــەی نوێنەرایەتی و دیموکراســییەوە بەناوی خەڵکی کوردســتانەوە قســە دەکات، ئەمەش پێگەیەکی گرنگ دەدات بە پەرلەمان لەنێو جوگرافیای پرســی کورد و دۆخی ســیاســی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، هەرچەندە ئەم توانایە، وەک پێویســت ســوودی لێوەرنەگیراوە، بەڵام وەک ئەگەرێک، یان توانایەکی پەنهان بوونی هەیە."[2]

ســــیســــتەمی پەرلە مانی پرۆســــەی هەڵبژاردنی پەرلە مان لەلایەن خەڵکەوە لەڕێگەی پارتی ســــیاســــییەوە، کە پاشــــان ئەو پارتەی، کە زۆرترین کورســــی بەدەســــت دەهێنێت حکومەت دروســــتدەکات، "کە دەبێت لە پەرلەمانەوە دەنگی پێبدرێت بەم پێیە پەرلەمان شــــەرعیەت بە حکومەت دەدات، مافیشــــی هەیە لێی وەربگرێتەوە ئەمەش وادەکات، کە پەرلە مان ببێتە چەقی سیســتەمی سیاســیی و تا ئاســتێک، کە هەندێک بیرمەند بە ســەروەری پەرلەمانی ناوی دەبەن، لەبەرئەوەی ئەو یاســا و بڕیارانەی، کە پەرلەمان دەریدەکات، هیچ دەســەڵاتێک توانای ئەوەی نییە ڕەتی بکاتەوە، ئەم سیستەمە لە هەمانکاتدا بە مانای ئەوە دێت، کە کەسی سەرۆک وەزیران

---

[1] – دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو ، لا٨٧.

[2] – سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو" لا٦٩-٧٠.

ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، بەڵام تەنها خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کە بەشێکە لە دەسەڵاتەکانی حکومەت."[1]

"هەبوونی توانای یاسایی بۆ هەرێم دەنگێکی یاسایی دەبەخشێتە بەشێک لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست، کە هیچ ناوەند و دەزگا و پێگەیەکی تریان نیە کە ڕاستەوخۆ ئەم ماف و توانای یاسا دارشتنەیان پێ ببەخشێت، بە هەبوونی مافێکی باش بۆ کورد لە دەستووری عێراقدا ئەم مافی یاسا دارشتنە بۆ کورد هێندەی تر بەهێزی دەکات، هەبوونی توانای یاسا دارشتن لەسەر بنەمای پێداویستی و بەرژەوەندی و دید و ژیانی خەڵکی کوردستان توانایەکی نوێیە بۆ خۆماڵیکردنی بەڕێوبردن، کە بوارێکی ئێجگار گرنگە بۆ ئامادەبوون و دواندنی جیهان لە پرسی دبلۆماسی پەرلەمانیدا."[2]

لە سیستەمی پەرلەمانیدا سیستەمی یاسادانان هەموو ئەو لایەن و پێکهاتانەی سیستەم دەگرێتەوە، کە دەتوانن یاسا پێشنیاز بکەن و لۆبی بکەن، کاری تێبکەن، دایبڕێژن، بڕیاری لێبدەن، لەوانە:

١. "پەرلەمان وەک دامەزراوە بنەڕەتییەکەی یاسادانان و هەموارکردنەوە.
٢. حکومەت، کە پرۆژە یاسای نوێ و هەموارکردنەوەی پێشکەش دەکات، ڕێسا و ڕێنماییە تایبەتیەکانیش دەردەکات.
٣. ئەو ئەنجومەن و پێکهاتە جیاوازانەی، کە توانای دەرکردنی ڕێنماییان هەیە، هەر لە وەزارەتەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان.
٤. سەرجەم دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە ڕێگەی لۆبیکردنەوە، یان پێشکەشکردنی ڕاوێژ کاردەکەنە سەر یاسادانان، یان هەموارکردنەوەی یاسا."[3]

حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی پەرلەمانییە کە یەکێکە لە سیستەمە هەرە باشەکانی حکومڕانی چونکە "سیستەمی پەرلەمانی دەبێتە هۆی هاتنە ئارای پارتی سیاسی بەهێز، ئەمەش وەها دەبینرێت، کە دەبێتە هۆکاری سیستەماتیک بوونی بڕیار، بەپێچەوانەی سیستەمی سەرۆکایەتیەوە سیستەمی پەرلەمانی پێکەوە کارکردن بەهێز دەکات. لە سیتەمەدا پەیوەندی باشتری نێوان خەڵک و فەرمانبەران لە دەزگا جیاوازەکانی حکومەت بەدیی دێنێت. بەرپرس و سەرۆکەکان و لە سیستەمی پەرلەمانیدا باشتر بڕیاردەدن ."[4]

---

[1] – سەردار عەزیز،سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢.
[2] – سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.
[3] – دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.
[4] – سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

بێگومان لە هەرسیستەمێکی حکومڕانی، سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی، بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردن و چاودێرییکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن پشت بە یاسا بەرکارەکان دەبەسترێت، هەروەها گرنگترین ئەرکی پەرلەمان دەرکردن و پەسەندکردنی یاسایە بۆیە لێرەدا باس لە پرۆسەی یاسادان لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین :

### أ- پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان:

ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی یاسادانانەوە وەک لە دەقە تەشریعییەکاندا هاتووە بریتیە لە:

١. "یاسادانان، وەک بڕگەی ١ی ماددەی ٥٦ لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراودا هاتووە.
٢. هەمووار یان جێبەجێکردنی یاسا فیدڕالییەکان: وەک بڕگەی دووەمی ماددەی ١٢١ لە دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە.
پەرلەمانی کوردستان لە مانگی (٧ی ساڵی ٢٠١٨) پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێی دانا، کە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی هەڵوەشاندەوە.

لە پەیڕەوی ساڵی ٢٠١٨ لە بەشێکی تایبەتدا ئەم ئەرکە گەورەیەی کاری پەرلەمانی باسکراوە ئەویش لە بەشی هەشتەم و لە ماددەکانی (٧٧ تا ٩٧) ئەم پرسە دەقنوسکراوە، وەک ئەرکێکی کاری پەرلەمانی لەم چەند خاڵەدا ڕێکخراون:

١. دەرکردنی یاسا و بڕیار.
٢. هەمواکردنەوەی یاسا و بڕیارەکان.
٣. بەرکارکردن، یان هەموارکردنەوەی کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان." [1]

بەپێی ماددەی ٧٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پرۆسەی یاسادانان بریتییە لە گفتوگۆکردن و پەسەندکردن:

"یەکەم: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی تایبەتن بە سەرۆکایەتی هەرێم و لەبواری تایبەتمەندی خۆیان پێشکەش دەکرێن.

دووەم: ئەو پرۆژە یاسایانەی، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێن.

---

[1] -خامۆش عومەر عەبدوڵڵا و دانا دارا حسێن، ڕێبەری پەرلەمانتار بۆ بەڕێوبردنی پرۆسەکانی یاسادانان و چاودێری، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، ٢٠١٩، هەولێر، لا٤٥.

سێیەم: ئەو پرۆژە یاسایانەی، کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەخۆیان پێشکەش دەکرێن.

چوارەم: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی لەلایەن دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەک، کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مافی هەیە،، پێشکەش دەکرێن.

پێنجەم: ئەو پێشنیازی یاسا، یان بڕیارانەی، کە لانیکەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێن."[1]

هەروەها پێویست ڕێوشوێنی پرۆژە و پێشنیازە یاسایەکان بەپێی پێویستی خەڵک و بۆشایی یاسایی بێت لەبوارێکی تایبەتدا بە مەرجێک ڕەچاوی بنەما یاسایەکانی تێدا بکرێت، بۆیە لێرەدا سەرچاوەکانی بنەمای یاسایەکان دەخەینەڕوو:

١. "سەرچاوەی ماددی و بابەتییەکان: ئەوانەش ئەو سەرچاوانەن ناوەڕۆکی بنەما یاساییەکانیان لێ دەردەچێت، بە مانایەکیتر ئەو سەرچاوانەن، کە بەشدارن لە پێکهێنانی ناوەڕۆکی بابەتە یاساییەکان، بۆ نموونە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان.
٢. سەرچاوەی ڕەسمی و ڕوکەشیەکان: ئەو هۆکارانەن، کە لێیانەوە بنەما یاساییەکان دادەڕێژرێتەوە:

أ. یاسادانەران، مەبەست لێی دەرکردنی بنەما یاساییەکانە بەشێوەی نوسراو بۆ ناساندنی دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا.
ب. دین: سەرچاوەیەکی فەرمییە بۆ بنەما یاساییەکان؛ چونکە کاریگەرییەکی سەرەکی هەیە لەسەر خەڵک لە وڵاتە ئیسلامییەکان.
ج. داب و نەریت: ڕاهاتن و پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک بنەما، کە پێویستە یاساکان دژی نەبن بەڵکو وەک بنەمایەکی گرنگ لەبەرچاوی بگرن لە داڕشتنی یاسا."[2]

**ب- هەنگاوەکانی پرۆسەی یاسادانان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەمجۆرەیە:**

١. "تەنها لە مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانانندا ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ پێشنیازی یاسایی پێشکەش بکات، تەنها لە حاڵەتی تایبەتدا نەبێ، کە دۆخێکی تایبەت بێتە پێش و پێویستی بە

[1] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٧٨، لا٦٧-٦٨.
[2] – عادل فهمی و هالةغرابة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧ و ٣٨

یاسـا، یان بڕیارێکی بەپەلە هەبێت، کە دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەڵسـەنگاندن بۆ پێویسـتبوونی دەکات." [1]

٢. پڕۆژە یاسا و بڕیارەکان، کە لەلایەن حکومەتەوە دێن ڕاستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتنی دوای گەیشتن خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت.

٣. دەسـتەی سـەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسـایی بڕیار دەدات بە بەشـکردنی پڕۆژە، یان پێشنیازیی یاسا و ناردنی هەربەشێک بۆ ناردنی لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمان، ئەمەش ئەگەر پڕۆژەکە یان پێشـنیازەکە لە تایبەتمەندی زیاتر لە لیژنەیەکبوو، لیژنەش تەنها ڕاپۆرت لەسەر ئەو بەشە ئامادەدەکات کە ئاڕاستەیکراوە." [2]

٤. "دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لەماوەی ٢١ ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پڕۆژەکەیان پێشنیازەکە ئامادە بکات.

٥. لە حاڵەتی ئەوەی، کە سیفەتی بەپەلە بۆ پڕۆژە، یان پێشنیاز دیاریکرا ئەوە دەبێت لەماوەی ٧ ڕۆژدا لیژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

٦. لیژنەی تایبەتمەند، دەتوانێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسـەر پڕۆژە یان پێشـنیازە یاسـا و بڕیارەکان، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکات.

٧. ئەگەر لەماوەی دیاریکراو لیژنەی تایبەتمەند، ڕاپۆرتی ئامادە نەکرد، جێگری سـەرۆکی پەرلەمان سـەرۆکی لیژنە ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت لیژنە لەماوەی ٤ ڕۆژدا ڕاپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات."[3]

٨. "ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێتە لیژنەی یاسـایی بۆ پێداچوونەوە لەماوەی ١٠ ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشـتنی، تەنها لەڕووی داڕشـتنەوەی یاسـایی و دڵنیابوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان.

٩. ڕاپۆرتی لیژنەکە خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێت تا لەڕووی دەسـتووری و یاسـا کارپێکراوەکان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ڕاستاندنی بۆ نەکرێت.

١٠. دەبێ سـکرتێری پەرلەمان (٤٨) کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم، ڕاپۆرتی ڕاسـتێنراوی لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئەندامان دەستەبەر بکات."[4]

بە پێیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان دانیشـتنەکانی پەرلەمانی بۆ هەر یاسـایەک کردووەتە سـێ دانیشـتن واتا دوای خوێندنەوەی یەکەم و نووسـینی ڕاپۆرت، پاشـان دەچێتە

---

[1] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی لا ٨٢، لا٧١.
[2] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٨٣، لا٧١.
[3] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٨٤، لا٧٢.
[4] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٨٥ و ٨٦. لا٧٢-٧٣.

قۆناغی دووەم، کە خوێندنەوەی دووەمە و لەدواتردا لە دانیشتنێکی جیاوازدا، کە بە دانیشتنی دەنگدان ناسراوە دەنگدانی لەسەر دەکرێت، کە ڕێکارەکانی بەم شێوەیەیە:

١. "خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە، یان پێشنیازی یاسا، یان بڕیار بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژەکە، یان پێشنیازە یاساکە دەستپێدەکات، پاشان ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی دەخرێتە ڕوو.
٢. ئەگەر دارشتنی نوێ بۆ پرۆژەکە پێشنیارکرا، کە جیاوازبوو لە پرۆژە بنەڕەتییەکە ئەوا هەردووکیان دەخرێتە دەنگدانەوە بە بنەما وەرگرتنی هەر یەکێکیان دەکرێتە بنەما.
٣. لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دەنگدان لەسەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە ناکرێ.
٤. دانیشتنی دەنگدان لەسەر پرۆژە، یان پێشنیازەکە نابێت لە هەفتەیەک زیاتر لەدوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەڕبکات.
٥. ئەندامی پەرلەمان لەماوەی نێوان دوو دانیشتنەکەدا دەتوانێ داوای بینینی دارشتنەوەی کۆتایی دەقەکە لە سکرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند بکات.
٦. دەنگدان لەسەر ناوی یاسا، یان بڕیارەکە دەستپێدەکات دواتر یەکە بەیەکە ماددەکان و کۆتایی بە دەنگدان لەسەر هۆیەکانی دەرچواندنی و دواجار گشت یاسا، یان بڕیارەکە دەنگی لەسەر دەدرێت.
٧. لەکاتی بوونی زیاتر لە یەک پێشنیاز، هەموو پێشنیازەکان دەخرێنە دەنگدانەوە، کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا ئەوە بە پەسەندکراو دادەنرێت، هەروەها ئەو رایانە دەخرێنە دەنگدانەوە، کە لایەنی کەم ٣ ئەندام پشتگیریی ڕایەکەیکردووە، جگە لەو ٢ ئەندامەی، کە بۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی.
٨. پەرلەمان بە دەنگدانی ئەندامانی دەتوانێ (خەسڵەتی پەلە) بداتە پرۆژە، یان بڕیاری تایبەت وەک (بودجە و ئیعتماداتی زیدەگی و ژمێرەی کۆتایی)، یان هەر بابەتێکیتری بەپەلە.
٩. یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان پەسەنددەکرێت، جگە لەو حاڵەتانەی، کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە.
١٠. سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی، یان ڕەتکردنەوە لەسەر یاسا و بڕیارەکان ڕادەگەیەنێت.
١١. پێویستە یاسا و بڕیارەکان لەماوەی ١٥ ڕۆژدا لەڕێکەوتنی پەسەندکردنیانەوە بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەمەبەستی دەرچواندنیان.
١٢. ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لەماوەی ١٥ ڕۆژدا یاسا، یان بڕیارەکەی بەشێوەیەکی گشتی، یان بەشێکی ڕەتکردەوە لەوکاتەدا دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لەماوەی ١٥ ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنوسێت، پاشان لەیەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنیدا ڕاپۆرتەکە بێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری

پەرلەمان لەو بارەیەوە یەکلایی کەرەوەدەبێت، بە دەنگی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پێداگیری لەسەر دەکرێت و ئەمجارە ڕای پەرلەمان ڕەت ناکرێتەوە.

١٣. لە حاڵەتی هەبوونی گومان لەســـەر دەنگدان لانی کەم (٥) ئەندام داوای دووبارەکردنەوەی دەنگدانیان کرد دەبێت دەنگدانەکە دووبارە بکرێتەوە."[1]

گرنگترین دانیشتن بۆ پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان خوێندنەوەی دووەمە چونکە لێرەدا سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن ڕاو ســـەرنجی خۆیان لەبارەی ئەو ڕەشـــنوســـەوە بخەنەڕوو، کە ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی قسەکردن لەسەری کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری کراوە ،کە بەم جۆرەیە :

١. "هەر ئەندامێک ناوی تۆمارکرا دەتوانێ لەســـەر هەر مادەیەک تەنها یەک جار بدوێت و دوو خولەکیش بخایەنێت.

٢. وەزیری پەیوەندیداریش دەتوانێ ئامادەی دانیشـتنەکە بێت دەتوانی لەبارەی هەر مادەیەکەوە دوو خولەک بدوێت.

٣. لیژنەی تایبەتمەند سەرجەم پێشنیاز و ڕایەکان بەهەند وەردەگرێت و سەرلەنوێ داڕشتنەوە بۆ ئەو مادانە دەکەن ئەگەر پێویستیشی کرد ڕونکردنەوە دەدەن.

٤. لە دانیشتنی دەنگداندا ڕێگە بە گفتوگۆ، یان پێشکەشکردنی پێشنیازی نوێ نادرێت.

٥. لیژنەی تایبەتمەند و یاســایی ئەو ڕایانە ئامادە دەکەن بۆ دەنگدان، کە ســێ کەس پشــتگیری کردووە جگە لەو ڕایەی لەکۆتایی وتراوە.

٦. لیژنەی یاســـایی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی، کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنەڕوو، بژاردەیتر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن."[2]

**ت- بە کورتی قۆناغەکانی پرۆسەی یاسادانان بەم قۆناغانە ناوزەند دەکرێت:**

١. "پێشـــنیازی پرۆژە یاســـا: کە لەلایەن حکومەت، یان ١٠ ئەندامی پەرلەمانەوە پێشـــکەش بە پەرلەمان دەکرێت.

٢. گفتوگۆ و دەنگدان و پەسـەندکردن: ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و سێیەم لەناو پەرلەمانی کوردستانەوە.

[1] - د. خامۆش عومەر و دانا دارا، هەمان سەرچاوە، لا٥١-٥٢. هەروەها بڕوانە مادەکانی (٨٧ و ٨٩ و ٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٣ و ٩٤ و ٩٥ و ٩٦ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان)

[2] - خامۆش عومەر و دانا دارا ،هەمان سەرچاوە، لا٥٣-٥٤، هەروەها بڕوانە مادەکانی (٨٧ و ٨٩ و ٩٠ و ٩١ و ٩٢ی پەیڕەوی نوخۆی پەرلەمانی کوردستان)

٣. دەرچواندن: دوای پەسەندکردن دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دەرچواندنی.
٤. بڵاوکردنەوە: بڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیارەکەیە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.
٥. جێبەجێکردن: جێبەجێکردنیەتی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، کە حکومەتە."[1]

کەواتە ئەگەر پەرلەمان دامەزراوەیەکی یاسادانەر و دەسەڵاتێکی گرنگی دەوڵەتی دیموکراسی و دامەزراوەیی بێت ئاخۆ پەرلەمانی کوردستان تا چەند ڕەنگدانەوەیی جدیی و کارامەیی، لەسەر سیاسەتی گشتی و بەرژەوەندییە گشتییەکان بووە، ئاخۆ بە کردەی پەرلەمان توانیویەتی و دەتوانێت ببێت بە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک، " پەرلەمان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە جێگیرکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو حاڵەت و دیاردە نێگەتیڤانەی، کە بوونەتە بەشێک لە شێواندنی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بچووککردنەوەی شکۆی پەرلەمان، لە کاتێکدا بەردەوام و لەزۆربەی ناوەندەکانی کۆمەڵگە و بنکە ڕۆشنبیرییەکان و لەسەر مینبەری مزگەوتەکان و لەنێو شاشەی کەناڵە ڕەنگاو ڕەنگەکاندا هەتا لەنێو خودی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خۆیدا باسی ڕۆڵی پەرلەمان لە پرۆسەی سیاسی و بە یاسایی کردن و دامەزراوەییکردنی دامەزراوەکان، دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرجار پەرلەمان و ئەرکەکانی کراوەتە دروشمی سیاسی و وەک کەرەستەیەکی شەڕی دەنگ بەکاردێت، هەندێکجاریش دوور لە دۆخ و واقعی سیاسی و سروشتی هاوکێشە سیاسییەکان و ململانێی بەرژەوەندییەکان لە دەرەوەی ڕەهەندە ئابوورییەکان بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت، هەربۆیە پێویستە دوور لە هەڵپە و هەڵچون و داچوونی حزبی و سیاسی لە پەرلەمان بڕوانرێت و پیرۆزی پەرلەمان لە ڕەوایەتی ئەو شوێنەوە ببینرێت، کە دامەزراوەیەکی یاسادانەر و چاودێرییە بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەجوڵێت و ئاڕاستە دەبێت."[2]

" گەشەپێدانی سیستەمی حکومڕانی هەرێم و سەروەرکردنی یاسا و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە دامەزراوەکانی حکومەت پێویستیان بە پەرلەمانێکی کارا و بوێر دەبێت، کە لە ئاست تەحەدیەکان و بەرپەرسیارێتیەکاندا بێ، پێویستی بە هەماهەنگیەکی ڕاستەوخۆ و چالاک دەبێ لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و چەندین لایەنی دیکەی پەیوەندیدار بۆئەوەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک یاسای پێشوو هەموار بکەنەوە و یاسای نوێ بۆ

---

[1] – خامۆش عومەر و دانا دارا، هەمان سەرچاوە، لا٢٨.
[2] – دلێر محمد شەریف،پەرلەمان لە سێبەری ململانێ سیاسییە ئاڵۆزکراوەکاندا ، گۆڤاری پەرلەمانتار ژمارە 20، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ، 2019، لا٧٧.

سـيسـتـەمی نوێ دابڕێژنەوە و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان بکەن، بەو شـێوازە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ڕۆڵی ڕابەر لە چاککردنی سیستەمدا ببینێت"[1].

**ث- ئەویاسا و بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردوە:**

پەرلەمانی کوردسـتان لە ماوەی پێنج خولی پەرلەمانی دا کۆمەڵێک یاسـا و بڕیاری گرنگی پەسەندکردوە، بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک و سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ خستنەڕووی ئەو بڕیار و یاسایانەی، کە لەماوەی ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، بە خشتە ڕوونیدەکەینەوە، کە داتا و زانیارییەکانی لە( ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان)ەوە[2]وەرگیراوە:

خشتەی(أ)

یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان

| خولەکانی پەرلەمان | ساڵەکان | یاساکان | بڕیارەکان | گشتی |
|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم | 2004-1992 | 172 | 359 | 531 |
| خولی دووەم | 2008-2005 | 79 | 30 | 109 |
| خولی سێیەم | 2013-2009 | 85 | 58 | 143 |
| خولی چوارەم | 2018-2014 | 31 | 47 | 78 |
| خولی پێنجەم | -2019 2022/1/1 | 29 | 36 | 55 |
| کۆی گشتی | 30 ساڵ | 396 | 530 | 926 |

ئەوەی لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو داتای خول و ساڵ و یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانە، بەپێی ئەو داتایانەی، کە لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستانەوە وەرگیراوە، لە خولی یەکەمی پەرلەمان (172) یاسـا دەرچوێنران لەگەڵ (359) بڕیار، وە خولی دووەم (79) یاسـا و (30)بڕیار دەرچوون، خولی سێ (85) یاسـا و (58) بڕیار دەرچوون، لە خولی چواریش (31) یاسـا و (47) بڕیار دەرچوون، هەرچی خولی پێنجەمیشە هەرچەندە هێشتا خولەکە تەواو نەبووە بەڵام لە تەنها سێ ساڵی خولەکەدا (29) یاسا پەسەندکراون لەگەڵ (36) بڕیار، بەمەش کۆی گشتی

[1] - دلاوە عەبدولعەزیز، سەرچاوەی پێشوو، لا٤١.

[2] - ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی سەردانی ٢٠٢٢/١/٥ www.parliament.krd

ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمان پەسەندیکردوون (926) یاسا و بڕیارە لەو ژمارەیە(396) یاسایە کە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان دەریکردووە، بەپێی پێداویستی خەڵک و وەزارەتەکانی حکومەت، کۆی گشتی ئەو بڕیارانەی، کە دەریکردوون (530)بڕیارە، بەڵام ئەم بڕیارانە هەمووی بڕیارە یاسا نین، واتا ئەو بڕیارانە نین کە هێزی یاساییان هەیە، بەڵکو زۆربەی بڕیارەکانی بڕیاری ئاسایی پەرلەمانن بۆ ڕێکخستنی کار و باری پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەکان و پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی و دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامان لە لیژنەکان و گواستنەوەی ئەندامانە لە لیژنەیەکەوە بۆ لیژنەیەکیتر، بەڵام یاساکان گرنگییەکی زۆری بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک و ئاسانکاری کاری وەزارەتەکانی حکومەت هەیە.

## پێنجەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی یاساداناندا:

ڕاگەیاندن و کەناڵە میدیاییەکان شۆڕشێکی گەورەبوون لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی جیهان و هۆکارێکن بۆ ئاگاداربوون لەهەموو ڕووداوەکانی دونیا، سەرجەم بوارەکانی ژیان لەگەڵ میدیا دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، ڕاگەیاندن کاریگەری بەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانەوە دیارە و کاریگەری لەسەریان بەجێدەهێڵێت، بێگومان لەم نیوەندەشدا پەرلەمان وەک هەموو سێکتەرەکانی تر سوودی لە میدیا وەرگرتوە، "ڕاگەیاندنی پەرلەمانی بەردی بناغەی کاری پەرلەمانی و ژیانی پەرلەمانییە، ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کاریگەری و ڕایگشتی لەسەر کاری پەرلەمان، لەبەرئەوەی قسەکردنە لەگەڵ بیر و هزر و هەست و سۆزی خەڵک وە پشتبەستن بە وتووێژ گفتوگۆکردن و هەوڵدان بۆ باوەڕپێکردن بە جەماوەر، گرنگیەکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی فەلسەفەی کاری پەرلەمانی، بە پایەیەکی گەورەی دیموکراتی دادەنرێت لە هەر وڵاتێکدا، ڕاگەیاندنێکی پرۆفیشناڵ پەرلەمانێکی پرۆفیشناڵ بەرهەمدەهێنێت، بۆ پەرلەمانێک دیموکراتی پێویستە ڕاگەیاندنێکی ئازاد و باشی هەبێ، بەمەش ئازادی میدیایی و دیموکراتی بۆ پەرلەمانێکی دیموکراتی دەبن بە دوانەیەکی دانەبڕاو، هەربۆیە گرنگە کاری پەرلەمانی لەڕوانگەی باوەڕبوون بە ئازادی و دیموکراتیەوە بێت."[1]

میدیا کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر هەموو بوارەکان، بێگومان پرۆسەی یاسادانان و بابەتە یاساییەکانیش بەدەرنین لەم کاریگەرییە، لەزۆر وڵاتانی دونیا بە هەرێمی کوردستانیشەوە یاساکان تا بڵاونەکرێتەوە هێزی یاسایی وەرناگرێت، "قۆناغی بڵاوکردنەوەی یاساکان خەریکە

[1] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلماني و السياسي ،دار أسامةللنشر و التوزيع و نبلاء ناشرون وموزعون، مطبعة مزيدةو منقحة، الاردن –عمان، 2005، ص ١١٩

حاڵەتێک لە شەفافیەتی پێویست دەسەپێنێت، چ وەک پێوەرێکی نێودەوڵەتی، یاخود داخوازییەکی نیشتمانی، لەبەرئەوە یاساکان لە چاپەمەنییە فەرمییەکان و پێگە ئەلیکترۆنییەکان یان داتا بەیسی ئەلیکترۆنی یاســـاکاندا بڵاودەکرێنەوە، کە بە ئاســـانی لەســـەر ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی، وەک مۆبـایلی زیرەک و ئـامێری ئـایپـاد و لاپتۆپ و کۆمپیوتەر دادەگیرێن، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی یاساکان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا (ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن)دا بەمەبەستی ئەوەی بەهایەکیش بدرێت بە بەشـــداری هاوڵاتی، زۆربەی پەرلەمانەکان پەنایان بردووە بۆ دروستکردنی وێبسایتی ئەلیکترۆنی، کە کارەکانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمانی تێدا دانراوە، ئەمە جگە لە پەخشـکردنی دانیشـتنەکانی پەرلەمان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ، ڕاپۆرتی جیهانیش سـەبارەت بە پەرلەمانی ئەلیکترۆنی تێبینی ئەوەیان کردووە، کە (١٠٠٪)ی پەرلەمانەکانی جیهان ئامادەییەکی چالاکیان هەیە لە ئینتەرنێتدا، لەڕێی وێبســـایتی ئەلیکترۆنی پەرلەمانەوە، زۆربەی وێبسایتەکانیش بە بەراورد بە ساڵی( ٢٠٠٧) کارلێکیان زیاترە."[1]

لە چەندین وڵات یاسا ڕانەگەیێنراوەکان هێزی یاسایان نییە و یاساکان لەڕۆژی بڵاکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی کاری پێدەکرێت، "لە عێراق بەپێی ماددەی (١٢٩)ی دەستوور هەموو یاساکان پێویسـتە لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری عێراق (ئەلوەقائیع ئەلعیراقیە) بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوبکرێنەوە، لە هەرێمی کوردســـتانیش، یاســـاکان لە ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردســـتان (ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردســـتان) بڵاودەکرێتەوە، کە لەلایەن وەزارەتی دادەوە دەردەکرێت، بەپێی یاســـای بڵاوکردنەوەی هەرێم ژمارە (٤ی ســـاڵی ١٩٩٩) (ماددەی یەکەم) ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردســـتان تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەوەی بە پاشکۆیان دادەنرێت، وە بەپێی (ماددەی سێیەم و لەهەمان یاسا) ئەوەی لە وەقائیعی کوردســـتاندا بڵاودەبێتەوە ئەوە بە دەقی فەرمی پشـــت بەســـتراو دادەنرێت و لەمێژووی بڵاوکردنەوەی کاری پێدەکرێت." [2]

"لەنێوان ســـاڵی ١٩٩٢-١٩٩٩ یاســـاکانی پەرلەمـان لە ڕێگەی (بڵاوکراوەی پەرلەمـان)، کە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بوو بەخودی پەرلەمان بڵاودەکرایەوە، لەڕۆژی دەرچوونی لەو ڕۆژنامەیە بە بەرکار دادەنرا، هەموو پرۆسـەیەکی یاسـاکاری، کە لەلایەن دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە ئەنجام دەدرێت بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە ئەوانیش بریتین لە قۆناغەکانی پێشـــنیاری پرۆژە یاسـاکە و پاشـان گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسـاکە و گرتنەبەری ڕێکارەکان، دواتر دەنگی لەسـەر دەدرێت پاشان ئاڕاستەی لایەنی تایبەتمەند دەکرێت بۆ پەسەندکردنی بەڵام دوای ئەم قۆناغەش

---

[1] – فوئاد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩.
[2] – فوئاد ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

هێشـــتا یاســـاکە بە یاســـایەکی بەرکار دانانرێت، تا ئەوکاتەی کە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە، کە ئەمەش قۆناغێکی زۆر گرنگە و کاتێک، کە یاســـاکە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوکرایەوە ئەوە هێزی پابەندکاری (الزامي) دەست پێدەکات بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتەی یاساکە دەقی لەســـەر دەهێنێت، وەک ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاســـاکە دادەنرێت، یاســـاکان لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیـان جێبەجێـدەکرێن، تەنیـا مەگەر بێـت و پەرلەمـان مێژوویەکی دیکە بۆ جێبەجێکردنیان دابنێ."[1]

دەکرێت لە بڵاوکردنەوەی یاساکان چەندین ئامانج بەدی بهێنین، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

"یەکەم: پشتیوانی دەوڵەتی یاسا و چەسپاندنی ڕۆشنبیری یاسایی: چەسپاندنی دەوڵەتی یاسا، کە دروشـــمی هەموو ســـیســـتەمەکانە، ناکرێ بەدیبێت لە هەلومەرجێکدا نەبێت، کە بوار بە هاوڵاتیانی بدات دەستیان بە یاسا ڕابگات بۆ زانینی ئەرک و مافەکانیان، هەروەها ئاشنابوون بە یاسا بواری سەرپێچی تاکەکان کەمدەکاتەوە، دەبێتە مایەی قورسنەکردنی ئەرکی دەوڵەت بەو هۆکارانەی، کە سەرپێچیکردنی یاسایە و زۆرجاریش لە ئەنجامی بێ ئاگاییە لە یاسا.

دووەم: هێنانەدی شـــەفافیەت: دەکرێت بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی شـــەفافیەت بەدی بێت، کە مەبەســـت لێیهەڵقوڵانی ئازادانەی زانیاری و توانای ئاگاداربوونە لێی لەلایەن هەموو خەڵکەوە، بەشێوەیەکی ئازادانە ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی بەدیدێت.

ســـێیەم: پشـــتیوانیکردنی توێژینەوەی زانســـتی: هەروەها دەکرێت بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی پشتیوانی توێژینەوە زانیستیش بکات، ئەویش لەڕێگەی بوار ڕەخساندن بۆ ئاگاداربوون لە دەقە یاســـایی و ڕێکخراوە جیاجیاکانەوە، کە بەگشـــتی بە ڕەگەزێکی گرنگی توێژینەوەی زانســـتی و مافناسی بەتایبەتی دادەنرێت." [2]

هەروەها بەکورتی دەتوانین باس لەبەشـــداریی ڕاگەیاندن بکەین لە پرۆســـەی یاســـادانان لە پەرلەمان:

١. "هەر ڕۆژنامەنوس و میدیاکارێک بگرە، هەر هاوڵاتیەکیش دەتوانێ بە ڕەزامەندی دەســـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت." [3]

---

[1] – عەبدولقادر سالح عەبدول، کلیلی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی یادگار، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٠، ل١٧٣-١٧٤.

[2] – فوئاد ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢-٣٣.

[3] – پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، خاڵی دووەم لە ماددەی ٥٣، ل٥١.

٢. "دانیشـتنەکانی پەرلەمان ئاشکران و دەشـێت لەسـەر داوای سـەرۆکی پەرلەمان، یان بەلایەنی کەمەوە چواریەکی ئەندامانی پەرلەمان و بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان کە دانیشـــتنە نهێنی بێت.

٣. بڵاوکردنەوەی ئەو یاســـــایانەی، کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن ســـــەرەڕای بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردســـــتان، لەپێگەی فەرمی پەرلەمان بڵاودەبێتەوە، ســـــەرباری بڵاوبوونەوەی تەواوی لە دانیشـــتنەکانی پەرلەمان دەگوزەرێت لە بڵاوکراوەیەکی خولی تایبەتدا لە ژێر ناونیشانی (پرۆتۆکۆڵ) دەردەچێت.

٤. گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتیان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە."[1]

(ســـامان ئەحمەد بەکر) بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان لە ســـەر بڵاوکردنەوەی قۆناغەکانی پرۆژە و پێشـــنیازە یاســـا و بڕیارەکان دەڵێت "دوای ئەوەی پرۆژە و پێشـــنیازە یاســـاکان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ڕایدەگەیەنین، کە ئەم پرۆژە و پێشـــنیازە لە پەرلەمان کاری لەسـەر دەکرێت، کە جەلسـەکان بڵاودەکەینەوە بەشـێوازی ڕاسـتەوخۆ ئەمە مانای ئەوەیە، کە لە خوێندنەوەی یەکەم و خوێندنەوەی دووەم و ســـێیەمیش وردەکاری و دەق و مادده و پێشـنیاز و تێبینی سـەرجەم ئەندامان پەخش دەکرێت، بەتایبەتی لە قۆناغی خوێندنەوەی دووەم، وردەکاری پرۆژە و پێشـــنیازەکان و تێبینی و پێشـــنیاری تازە هەمووی پەخش دەکرێت، کۆبوونەوەی لیژنە تـایبەتمەنـدەکـان و کۆبوونەوەی لیژنەی یـاســـــا و تەنـانەت کۆبوونەوەی هاوبەشـــی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاســـایش لەســـەر ئەو پرۆژە و پێشـــنیازە یاســـایە بڵاودەکەینەوە، کە پەرلەمان کاری لەســـەر دەکات، کەواتە ئێمە هەموو قۆناغ و وردەکارییەکانی هەر پێشـنیاز و پرۆژە یاسـایەک بڵاودەکەینەوە بۆ جەماوەر، بەشـێوەیەکی شـەفافانە، بێگومان پەخشـی جەلسـەکانیش خۆی ڕۆڵ و کاریگەریی میدیایە لە داڕشـتن و کاریگەریی میدیا لەسـەر پرۆســـەی یاســـادانان، وە لە ماڵپەڕەکە، یان لە پەیجەکە ئەگەر ســـەرنج و تێبینیمان بۆ بێت دەینێرین بۆ لیژنەکان بۆئەوەی داڕشتنی یاساکان سودی لێوەربگرن." [2]

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندن چ کاریگەریەکی گەورەی بەســـەر پرۆســـەی یاســـادان هەیە، تاکو یاســـاکان بڵاونەکرێنەوە ناچێتەبواری جێبەجێکردن و بەرکار نابێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزو و کاریگەریەیی کە ڕاگەیاندن بەســـەر ســـەرجەم ســـێکتەرەکان و پەرلەمانەوە هەیەتی .

---

[1]-ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر،حکومڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان،چاپخانەی هێڤی،هەولێر،2019، ل١٢٥-١٢٦.

[2] -سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ٢٠٢١/٥/٣ لە بینای پەرلەمان کاتژمێر10 .

## باسی دووەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەرک و تایبەتمەندییەکانی:

### یەکەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بایەخێکی زۆریان بۆ پەرلەمان و کارەکەی هەیە، چونکە لەڕێگەی ئەوانەوە هاولاتیان بە کاروباری گشتی ئاشنادەبن، کەناڵ گەلی سەرەکین بۆ پێگەیشتنی پەرلەمان و جەماوەر،" ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی ڕۆڵیان لە گەڕان و بەدواداچوونیان لە دامودەزگاکانی چاودێریکردن، گشت شێوازەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەلات ئاشکرا دەکەن، ڕۆڵگێڕانی باشیان لەم بوارەدا مەسەلەیەکی هەستیارە، بۆ سەلامەتی ژیانی دیموکراتی لەکاتی بوونی مەیلی بەرتەسککردنەوەی ئەم بوارەدا پێویستە پەرلەمان ڕۆڵێکی دیموکراتیانەی بنچینەیی بگێڕێت بۆ دانانی چوارچێوەی یاسای گونجاو بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سەربەخۆیی و هەمە ڕەنگیان بپارێزێت، هەربۆیە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر گەیاندنی سکالا و پێشنیاری هاولاتیان دەکات بەلایەنی پەیوەندیدار و پەرلەمان، هەروەها هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیر و فراوانکردنی مەودای ئازادی ڕادەبڕین هەیە، پێویستە لەسەر ڕاگەیاندنی پەرلەمان بە ئاکار و سەرەتاکانی ڕاگەیاندن لە ڕاستگۆیی و متمانە و وردبینی لە گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ جەماوەر پابەندبێت، لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئامانجی لەوە گەورەترە، کە پێیوابێ، کە تەنها کاری پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانە بەڵکو پێویستە زیاتر بچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکان بە ڕۆچوونە ناو بابەتەکان و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لەسەر هەموو بابەتەکانی پەرلەمان."[1]

"لەم ڕووەشەوە ڕۆژنامەگەری ئەو بڵندگۆیەیە، کە پێویستە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پاڵپشتیکردنی حکومڕانیتی باشدا بگێڕێت، چونکە حکومڕانیتی باش پێویستی بە مەودایەکی ئازاد و خێرای زانیارییەکان هەیە، پێویستیشی بە بەرەوپێشبردنی تواناکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە هەیە، تاوەکو زانیارییەکان وەربگرێت و پرۆگرامسازییان لەپێناو چالاککردنی گفتوگۆکاندا بۆ بکات، ئینجا باشداریپێکردنی هەموو لایەک لە پرۆسەیەکی گشتگیردا، جێگەی باسە، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە چالاککردنی ژمارەیەک لە پێوەرەکانی حوکمڕانیتی باش هەیە، بەتایبەتیش بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و لێپێچینەوە و گەیاندنی دەنگی کۆمەڵگە بە بڕیار بەدەستان."[2]

---

[1]- بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلماني و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٤

[2] – ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٢.

پەرلەمانەکان پشت بە ڕۆژنامەنوسەکان و پێشکەشکارەکان دەبەستن بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە کارەکانی خۆیان، بەڵام بڕێکی زۆر بێمتمانەیی لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا هەیە چونکە "گەلێکجار ڕۆژنامەنوسەکان بەهۆی ئەو پابەندیەی، کە سەپێنراون بەسەر ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان یان ئەنجامی یاساکانی ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن، کە سنوور بۆ ئازادی گوێزانەوەی هەموو ڕوداوەکانی پەرلەمان بۆ جەماوەر دادەنێن، توشی دڵشکاوی دەبن، پەرلەمانتارەکانیش لەلای خۆیانەوە بەهۆی ئەو دیمەنە لایەنداریەی دەیبەخشنە کارایکردنی پەرلەمانتارەکان بەشێک بەرپرسیارێتی بە کەمهەڵسەنگاندنی ئەوەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەخەنە ئەستۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن."[1]

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیەشبکرێت، کە هەندێک "لە ڕۆژنامەنوسان پابەند نین بە بنەماکانی ئاکار ناسیکاری ڕۆژنامەگەریەوە، کە لە یاساکاندا هاتووە و دانی پێدانراوە، ئەمەش پاساو دەداتە هەندێک لایەنی حکومی و سیاسی، کە دژ بە ئازادی بیروڕا و کاری ڕۆژنامەگەری بن، کە ئەو پاساوانە وەک کارتێکی فشار بەکاربێنن لەدژی ڕۆژنامەنووسان و فشاریش بخەنە سەر دەسەڵاتداران بە ئامانجی بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری."[2]

بۆیە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی و ئەوانەی لە بواری کاری پەرلەمانی کاردەکەن و گرنگی بە ڕووداو و پێشهاتەکانی پەرلەمان دەدەن پێویستە بزانن، کە "ڕاگەیاندنی پەرلەمانی بازنەی سەرەکیە لە ناو پەرلەمان، وەک دەزگایەکی نوێنەرایەتی گەل و دەستەیەکی دەنگدەر، لێرەدا ڕاگەیاندنی پەرلەمانی، وەک تاکە چەکێک بەدەست خەڵکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای نوێنەرانن لە پەرلەمان، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندن وەک هاوڕێیەکی بەوەفا بێت بۆ پەرلەمان هەرکاتێک توشی هەر ئاستەنگێک بێت ڕاگەیاندن دەکەوێتە مەترسیەوە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، چونکە پەرلەمان پارێزەری ئازادیەکانی میدیا و پڕۆسەی دیموکراسیە، ئەمەش مانای وایە ئەگەر لە وڵاتێک پەرلەمان بکەوێتە بەر مەترسی ئەوا پڕۆسەی دیموکراسی دەکەوێتە مەترسیەوە، ئازادی میدیاش بەشێکە لە پڕۆسەی دیموکراسی هەر وڵاتێک." [3]

سەرەڕای ئەمەش "لە ئەنجامی بوونی جیاوازی، بوونی ئامانج و کلتورەکانی هەردوو پیشەکە، ناکرێت خۆ لەسەرهەڵدانی هەندێک پشێوی لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەدوور بگرێت، بەڵام هەریەکێک لەوانە پێویستی بەویدیکەیە، هەریەکێکیان بڕی زۆر

---

[1] – بێ ناوی نوسەر، و/ هەڵکەوت عەبدوڵڵا، پەرلەمان و دیموکراسی لەسەدەی بیست و یەکەمدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٩، لا٨٠.

[2] – ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٧ .

[3] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانيي و السياسي ،سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٥

لەو هاوکاریکردنەی نێوانیان دەچنێتەوە، کە سـەبارەت بەو شـێوازانە دەیکەن و بەهۆیانەوە پەرلەمان پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت، جەماوەریش سوود لە کردنەوەی دەرگاکانی پەرلەمان وەردەگرێت ئەگەر بخوازرێت بەشـێوەیەکی چالاکانە ئاگاداری چالاکیەکانی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان بێت، ئێسـتا زۆرێک لە کارەکانی پەرلەمان لە زۆر پەرلەماندا ڕاسـتەوخۆ لەبەردەمی جەماوەر و ڕاگەیاندکارەکاندا ئەنجام دەدرێت، بەرەچاوکردنی ئەو پابەندیانەی، کە پشتبەستوون بە ئاسایشی تاکەکەسی، یان نیشتمانی. بۆ نموونە پەرلەمانی هۆڵەندا نمونەی شـەفافیەتی چالاک کردووە بە کردنەوەی کۆبونەوەکانی لیژنەکانی و پەخشـکردنی، تاوەکو چاودێران دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کارەکانی لیژنەکان و شێوازی ڕێکخستنی کارەکانیان ببینن، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانی قوبرس ڕێگە دەدات بە ڕاگەیاندکارەکان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکاندا ئامادەبن (لە چەند بارێکی کەمی تایبەتدا نەبێت)، لە باشـوری ئەفریقاش لیژنەکان بۆ جەماوەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کراوەن و لەکاتی گفتوگۆی کراوە و بە ڕەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان نەبێت نابێت دابخرێن، ئەنجومەنی نیشـتمانی ئوسـتراڵیا ڕاوێژکارێکی ڕاگەیاندنی دامەزراندووە، بۆئەوەی یارمەتی گەشەپێدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ستراتیژەکانی ڕاگەیاندن بدات، بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیارکانی جەماوەر و چۆنێتی ڕوماڵکردنی چالاکیەکانی ئەنجومەنەکە."[1]

هەروەها ئەو یاسایانەی، کە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە دامودەزگا گشتیەکانەوە مسۆگەر دەکات، بەسـەرچاوەی دیموکراتیانەی گرنگ دادەنرێن، "بەتایبەتی بە (مافی گەڕان بەدوای زانیاریەکاندا)، کە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سـیاسـییەکاندا هاتووە، ئەم مافەش جیاوازە لەگەڵ ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕووداو و ڕاپۆرتەکانی دامودەزگا حکومییەکاندا، بەڵام دەشـێت خودی ئەو جاڕنامانە، یان ئەو یاسـایانە ڕووماڵی هەردووکیان بکەن، لە هەندێک وڵاتدا بەدەسـتهێنانی زانیارییەکان دەربارەی پەرلەمان بەپێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت، کە پەیوەندیان بە پەرلەمانەوە هەیە، ڕووی دووەمی مافی بەدەسـتهێنانی زانیاریەکان، مافی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئازادانەیانە بەوانی دیکە، ئەم مافەش کۆڵەکەیەکی بنچینەیی پرۆسـەی دیموکراسـیە، کە پشـتبەسـتووە بە دیالۆگ و بروایپێهێنانی نێوان ئەو هاوڵاتیانەی ئاگاداری بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمانن." [2]

کەواتە ڕاگەیاندنی پەرلەمان بۆ هەر پەرلەمانێکی وڵاتان زەرورەتێکی حەتمیە، لەپێناو گەیشـتنی زانیارییەکان بە جەماوەر، ئامانج لە بوونی میدیای تایبەتی پەرلەمان بۆ خسـتنەڕووی ڕۆڵی

---

[1] – ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨١.

[2] – و/هەڵکەوت عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

پەرلەمانتارانە سـەبارەت بە کارکردنیان بۆ ڕێزگرتنی هاوڵاتیان و گرنگی پێدانی پەرلەمان بە ژیان و گوزەرانی خەڵک و سـەقامگیرکردنی پرۆسـەی دیموکراسـی، "کەناڵی پەرلەمانی بەسـەرچاوەیەکی گرنگی پاڵپشـتیکردنی بڕیاردان بۆ یاسـا و بڕیارەکان دادەنریت، ڕێگەیەکە بۆ خسـتنەڕووی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و بۆچوونەکانی پەرلەمانتاران لەسـەر بابەتەکان، خسـتنەڕووی بیروبۆچوونە دژبەیەکەکانە لەناو پەرلەمان، هەروەها پێدانی زانیاری لەسـەر ئەو پێشـنیاز و یاسـا و بڕیارانەی، کە لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسـەر دەکرێت، میدیای پەرلەمانی ئامانجی تەنها پەخشـکردنی دانیشـتن و چالاکیەکانی پەرلەمان نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ پاڵپشتیکردنی خودی بڕیاری پەرلەمانی."[1]

پێویسـتە هەردوولا (کەناڵەکان و پەرلەمان) ئەو ڕاسـتیە بزانن، کە پێویسـتیان بەیەکتر هەیە، یەکەم، پەرلەمانە کە دەیەوێت کار و چالاکییەکانی پیشـانی خەڵکبدات، دەزگاکانیش دەیانەوێت زانیارییەکان لە ئەندامان وەربگرن و خوێنەریان زیاتربێت، هەربۆیە پێویسـتە پەیوەندیەکی تەندروسـت لەنێوانیاندا هەبێت، هەروەها نابێت پەرلەمانتاران ترسـیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەبێت، بۆ پەیوەندیەکی دروستو بەهێز لە نێوان پەرلەمان و ڕاگەیاندن پێویستە ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:

١." پشتبەستن بە ڕاگەیاندکارە تایبەتمەندەکان بۆ یارمەتیدانی پەرلەمانتاران و داڕشتنی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان.
٢. دانانی پێگەی ئینتەرنێت بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان.
٣. بڵاوکردنەوەی لێدوان و شیکاری پەرلەمانتاران و دەرکەوتنیان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان.
٤. مافی وەڵامدانەوە بە بێدەنگی لەسەر بارودۆخ و هێرشەکان.
٥. زانیاری بەردەوام لەبارەی بڵاوکراوەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سـەبارەت بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران.
٦. دەسـتپێشـخەری لە پەیوەندیکردن و بانگێشـتکردنی سـەرنوسـەری ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنوسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆکان پێویستە پەرلەمانتاران ئەوە بزانن، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆمەڵەی خێرخوازی نین، بەڵکو سەنتەری هێزی سیاسی و هزر و بەرژەوەندی و ئاڕاستەی خۆیان هەیە،"[2]

ڕاگەیاندن هەندێکجار بەشداریدەکات لە شێواندنی ڕاستیەکان، ئەمەش دەبێتە شێواندنی وێنەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەپێش چاوی دەنگدەرانیان و جەماوەر بە گشـتی "بۆ ڕێگریکردن لە

---

[1] - بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانيي و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٩
[2] - ايلى خورى، العلاقة بين وسائل الاعلام والبرلمان، مطبعة لوبنان، لوبنان، ٢٠٠٥، ص٦-٩

شـــێواندنی زانیارییەکان و پروپاگەندەکان پێویســـتە ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەوڵی ئەوە بدات، کە زانیاری ڕاســـت و دروســـت بدەنە میدیاکاران و کەناڵەکانیتر بەبێ شـــێواندنی زانیارییەکان، یان شاردنەوەی بەشێک لە ڕووداوەکان، پێویستە بەشێوازی یەکسان مامەڵەبکات لەگەڵ سەرجەم کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، ڕاگەیاندنی پەرلەمان بۆ ســـەرخســـتنی پرۆســـەی دیموکراتی، پێویســـتە دوور بکەوێتەوە لە وەلامدانەوەی پرۆپاگەندە بچووکەکان، هەروەها پێویســـتە کاربکات لەســـەر پیشـاندانی وێنەی ڕاستی و ڕوونی ئەنجومەنی نوێنەران، کە پێویستە گوزارشـت بێت لە وێنەی ڕاســـتەقینەی پەرلەمان بۆ جەماوەر، پشـــتبەســـتووبێت بە ڕاســـتگۆیی و وردبینی و ڕوونی، هەروەها پێویسـتە پەیڕەوی سـیاسـەتێکی ڕوون و کراوە و شـەفاف بکات لە هەڵسـوکەوتکردنی لەگەڵ ڕاگەیاندن لەڕێگەی ڕومالکردنی دانیشـتن و چالاکیەکانی پەرلەمان بەشـێوەی ئاشـکرا"[1] هەروەها فەراهەمکردنی بەشـــداریپێکردنی کەناڵەکان لە دانیشـــتن و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان بەبێ جیاوازی، ڕاگەیاندنی پەرلەمان نابێ بکەوێتە دژایەتی کەناڵەکان و ببێتە هۆکاری دروسـتکردنی گرژی لەنێوان کەناڵەکان، بەڵکو پێویسـتە هاوکاری بەردەوامی کەناڵەکانی تر بێت لەپێناو بەرژەوەندی خەڵک، هەموو ئامادەییەک پیشـانبدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەنێوان پەرلەمان و کەناڵەکان، بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە پێویســـتە پەرلەمان هۆکار و کەناڵی جیاجیای هەبێ بۆئەوەی ڕومـاڵی زۆرترین زانیـاری بۆ زۆرترین جەمـاوەربکـات ئەوەی، کە پێویســـتە پەرلەمان هەیبێت ئەمانەن:

١. "بڵاوکردنەوەی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە، ســەبارەت بە کارکردنی دەســتەی ســەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکان و خستنەڕووی یاسا و بڕیارە دەرچوێنراوەکان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پرۆسەی تەشریعن.

٢. تۆڕی تەلەفزیۆنی: بوونی تۆڕی تەلەفزیۆنی یەکێکە لە گرنگترین هۆیەکـانی گەیشـــتن بە جەماوەر، ئەو پەرلەمانانەی، کە تەلەفزیۆنیان هەیە بەمانای گەیشـــتن بە جەماوەر لە قەڵەم دەدرێن.

٣. پێگەی ئینتەرنێت: کە تێیدا دەســـتور و پەیڕەوی ناوخۆ و کوتلە ســـیاســـیەکان و لیژنە و ئەندامانی پەرلەمان و ڕۆژانەی پەرلەمان لەخۆدەگرێت.

٤. ڕۆژنامەی تایبەت بە پەرلەمان: ســەرەڕای باونەمانی ڕۆژنامە بەلام بوونی زۆر گرنگە، وەک بەڵگەنامەیەکی وەرەقی.

---

[1] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانيی و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠

٥. کتێبخانەیەک بۆ هەمووان، کە تێیدا وێنە و بڵاوکراوە و فیلم و فایلی یاسایی لەخۆبگرێت.

٦. خزمەتگوزاری بەشێوەی تەلەفون بۆ پرسیارکردن و بەدەستهێنانی زانیاری.

٧. ڕاپۆرتی ساڵانەی کاری پەرلەمان، ئاڕاستەکراو بۆ هەموو خەڵک.

٨. دروســـــتکردنی پێگەی ئەلیکترۆنی بۆ هەریەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان تاوەکو هاوڵاتیان بتوانن گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن."[1]

پەرلەمـان بۆ ڕێکخســـــتنی ئەم کـاروبـارانە پێویســــتی بە بەش، یـان بەڕێوبەرایەتی، یـان بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن هەیە، ئەم یەکە کارگێڕیانەش بەپێی گرنگی پێدانی پەرلەمانەکان بۆ کاری ڕاگەیاندن دەگۆڕێت، بەڵام لە هەر ئاستێکی کارگێڕیدا بێت پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆکاری پەرلەمانی، چونکە بەشـی کارگێڕی ڕاگەیاندنی پەرلەمان بەرپرسـیارە لە دروسـتکردنی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەمە سەرەڕای ئەم ئەرکانەی، کە هەیەتی:

"یەکەم: کاری میدیایی بەپێی بۆچوونەکانی پەرلەمان واتا گەیاندنی ئەو بابەتانەی، کە پەرلەمان ڕێگەی پێداون بۆ دەرەوەری پەرلەمان، وەک وێنەگرتنی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان و دانیشـــتنی لیژنەکان و پەخشکردنی لە بازنەی ناوخۆدا، یان لەڕێگەی کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆی.

دووەم: ڕێکخســـتنی پەیوەندی لەگەڵ پەیامنێر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی تایبەتمەندییان هەیە لەناو پەرلەمان، هەروەها ڕێکخســـــتنی کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەمان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

سـێیەم: ڕوماڵکردنی کاری دانیشـتنەکانی پەرلەمان و هەواڵەکانی پەرلەمان و هەواڵی سـەرۆکی پەرلەمان لەناو پەرلەمان و دەرەوەی وڵات.

چوارەم: ڕێکخســـــتنی بڵاوکراوەکانی پەرلەمان و چاودێریکردنی ئەو ڕۆژنامانەی، کە لەبارەی پەرلەمانەوە دەردەچن، هەروەها ڕێکخســـــتنی بڵاوکراوەی هەفتانە و دابەشـــکردنی بەســــەر ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکاندا.

پێنجەم: بەدواداچوون بۆ کاری ڕۆژنامەنووسان لەناو پەرلەمان.

شـــەشـــەم: ڕێکخســـتنی پەیوەندی نێوان ئەندامان و کۆمەڵگە لەڕێگەی ئامڕازەکانی پەیوەندی و میدیاییەوە ئامانجی ناساندنی کۆمەڵگە بە ئەنجومەنی نوێنەران و جوڵە و کارەکانی.

---

[1] – ایلی خوري، سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

حەوتەم: ڕێکخستنی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەندامان و لیژنەکانی پەرلەمان." [1]

## دووەم: کەناڵی تەلەفزیۆنی پەرلەمان لە پەرلەمانی بەشێک لە وڵاتان:

پەرلەمانی وڵاتانی دونیا هەر لە کۆنەوە گرنگیان بە ڕاگەیاندن داوە، وەک هۆکارێک لەنێوان پەرلەمان و هاوڵاتیاندا لە ئێستادا ڕاگەیاندنی پەرلەمان وایلێهاتووە، کە پشت بە سەرجەم هۆیەکانی ڕاگەیاندن ببەستێت بە بینراو و بیستراو تەنانەت میدیای ئەلیکترۆنیش، بەڵام تەلەفزیۆن، وەک هۆیەکی گرنگی ڕاگەیاندن ڕۆڵ و کاریگەری خۆی وونەکردووە. "شۆڕشی تەلەفزیۆنی و کەناڵی ئاسمانی گرنگیەکی تایبەتی لە بەرەوپێشبردنی میدیای پەرلەمانی بینراودا هەیە، بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی پەرلەمان پشت بەستن بە میدیای بینراو باشترین بژاردەیە، پەرلەمانی وڵاتانی عەرەبی کاتێک گەشەیان کرد، کە پشتیان بە بوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی بەست، کەناڵی تەلەفزیۆنی دەبێتە بازنەیەک لەنێوان خەڵک و پەرلەمان بۆ گەیاندنی پەیامی پەرلەمانی بەوشێوەیەی، کە پەرلەمان خۆی دەیەوێت، نەک بەوجۆرەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەیەوێت، کەناڵی پەرلەمانی دەبێتە چاوی جەماوەر بەتایبەتی لەکاتی گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجە، چونکە بودجە گرنگترین ئەرکی پەرلەمانە بەرامبەر بە هاوڵاتیانی وڵاتەکە، ئەگەر پەرلەمان خۆی کەناڵی تەلەفزیۆنی نەبێت ناچار دەبێت پشت بە کەناڵی حکومی ببەستێت، کەناڵە حکومییەکانیش بەپێی سیاسەتی خۆیان دانیشتنەکانی پەرلەمان پەخش دەکەن، ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە ئاشکراکردنی گەندەڵی و لێپرسینەوە و لێسەندنەوەی متمانەی وەزیرەکان بۆ جەماوەر پەخشناکات، بۆیە بوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی بۆ پەرلەمانەکانی دونیا بووەتە پێداویستیەکی گرنگ، تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە واقعی پەرلەمان بۆ جەماوەر بخاتەڕوو."[2]

"ئەگەر پرس و ڕۆڵی ئەکتیڤی پەرلەمان بەشێکبێت لە بەشداری هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، ئەوە بێگومان بێ ئازادییە گشتییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و فرەیی حزبی و ئازادییە سیاسییەکان ئەوە دیسانەوە پرۆسەیەکی ڕەنگکراوی سیاسییە و ئەمەش نەک هەر نامۆیە بە سیستەمی دیموکراسی بەڵکو ناکۆکیشە بە زەرورەتی عەقڵیەتی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان و بەردەوامیدان بە پیادەکردنی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، هەربۆیە پێچەوانەی ئەم دیدە و

[1] – ایلی خوري، سەرچاوەی پێشوو، ص٧–١٠.

[2] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانيی و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٥

هەر دید و هەنگاوێکی تری سـیاسـی هەڵگری ڤایرۆسـی خۆسـەپاندن و توندوتیژی و خوێناویکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵگەیە." [1]

"ئەنجومەنی نیشتمانی هەنگاریا گرنگی زۆر بە بەشداری ڕاگەیاندن لە پەرلەمان دەدات، بەلایەوە گرنگە دەرفەتی ئاگاداربوون لە چالاکیەکانی پەرلەمان بۆ هاولاتیان برەخسـێنێت، ئەوەش لەڕێگەی کەناڵە هەمەجۆرەکانەوە، بەلای زۆرینەی خەڵکەوە تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی چاپکراو و ڕادیۆ چەند کەناڵێکی پێگەیشتنی سەرەکین، دانیشتنە گشتیەکانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە پەخشـدەکرێن، هەروەها دەکرێ لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ببینرێن، ئەمە وێڕای بوونی هێڵێکی تەلەفزیۆن و پۆسـتێکی ئەلیکترۆنی تـایبەت، کە هەموو هاولاتیان دەتوانن بەکاریان بهێنن."[2]

"لە کۆماری کۆریا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە پشـتی بە کەناڵی تەلەفزیۆنی (کەی تی ڤی) حکومی بەستووە بۆ پەخشکردنی دانیشتنە گشتییەکانی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە کەناڵێکی تەرخانکردووە بەتەنها بۆ کاروبارە یاسادانەرەکان، کە لەڕێگەیەوە پەخشـی ڕاسـتەوخۆی سـەرجەم ڕووداوەکانی دانیشـتنەکانی ئەنجومەنەکە بڵاودەکاتەوە، هەرچەندە ئەم کەناڵانە جێی بایەخی کەمایەتیەکن، بەڵام وێنایەکی گشتی و فراوانە بۆ زۆربوونی جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەوەرها ئەنجومەنی نیشـتمانی فەرەنسـا، هەمیشـە گفتوگۆ پەرلەمانیەکان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ لەڕێگەی تۆڕێکی پەرلەمانیەوە پەخشـدەکات، ئەم تۆڕە، کە چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانی ناو ستۆدیۆکان و بنەما ڕۆشنبیرییەکان پەخشدەکات، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ و دەستپێکردنی پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی زەمینی، لە فەرەنسا دەرفەتی زیاتر ڕەخسا بۆ فراوانکردنی سـنووری وەرگرتنی ئەم تۆڕە بەشـێوەیەکی ڕوون، بەمەش تۆڕی پەرلەمانی بووبە یەکێک لەو چواردە کەنـاڵەی، کە بێ بەرامبەر خزمەتگوزاری دیجیتـاڵی پێشـکەش بە جەماوەر دەکات،

لە مەکسـیک لە ٢٨ی ئابی ٢٠٠٠ دا گۆنگرێس بەفەرمی کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆنگرێسـی کۆماری مەکسـیکی کردەوە، کە بەرنامەکانی تایبەت بوو بە چالاکیەکانی یاسـادانان و دانیشـتنەکانی کۆنگرێس و کۆبوونەوەکانی لیژنەکانیشـی پەخشـدەکرد، بەرنامەکانی گۆڕینەوەی بیروڕابوون لەسـەر یاسـاکان و دیداریشـی دەکرد لەگەڵ بەپرسـانی حکومی، کەناڵی کۆنگرێس ڕووماڵی تەواوی مەکسـیک دەکات، چونکە پەخشـی خۆی بە سـیسـتەمێکی کێبڵەوە ئەنجام دەدات، کە دەگاتە نزیکەی ١٠ ملیۆن بینەر، هەروەها لەڕێگەی بەشداریکردن لەسەر سیستەمێکی تر دەگاتە

---

[1] – دلێر محەمەد شەریف ، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٥.

[2] – و/هەڵکەوت عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٦.

١٠ ملیۆن بینەری تریش، ئەم کەناڵە لەلایەکەوە دیمەنێکی ڕاگەیاندنکارانەی واقیعتر و کاملتر دەربارەی ئەنجومەنی پیران پێشکەشدەکات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەکانی کارلێککردن لەگەڵ یاسادانەرەکاندا ئاساندەکات، بەمەش کەناڵەکە مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان و ئازادی ڕادەربڕین لە وڵاتدا دەبەخشێت و بەشداریدەکات لە بنیاتنانی هاوڵاتیدا، نەک تەنها بینەر زیاد بکات"[1].

"پەخشکردنی ڕووداوەکانی پەرلەمان لەلای هیندیەکان هۆکارێکە بۆ ڕۆشنبیرکردنی سیاسی گشت میللەت، چونکە دەرفەت بۆ هەڵبژاردنەکان دەڕەخسێنێت، لە ساڵی ٢٠٠٤ جێگری سەرۆکی هیند و سەرۆکی لوک سابها دەستیان بە کردنەوەی دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە پەخشکردنی ڕووداوەکانی ئەنجومەنی راجیاسابها و لوک سابهایان کرد، لە گشت ناوچەکانی نیشتمان، هەروەها بەرنامەی تەرخانکراو بۆ پرسیارەکانی هەردوو ئەنجومەنەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕادیۆی تایبەت بە ئەنجومەنەکە پەخشدەکرد، بەمەش گەیشتنی بە مەودایەکی فراوانتری جەماوەری بە پانتایی وڵات مسۆگەرکرد، نابێت لە بایەخی پەخشی ڕادیۆیی لەو وڵات یان کۆمەڵگەیانە کەم بکەینەوە، کە تێکڕای خاوەندارێتی تەلەفزیۆن تێیاندا نزمە، لە هەندێک وڵات، وەک هندستان و وڵاتە ئەفریقیەکان ڕادیۆ گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکانە."[2]

لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیا، پەرلەمانەکانی دونیا ڕێگەکانی گەیشتن بە جەماوەریان فراوانتر کردووە، ئێستا نزیکەی هەموو پەرلەمانەکان سایتی تایبەت بەخۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دامەزراندووە، "لەو سایتانەدا سایتی گشتی هەیە یارمەتی هاوڵاتیان دەدات لەگەڵ ڕووداوە پەرلەمانییەکاندا ڕێبکەن و فایلێک دەربارەی یاسادانەکان پێشکەشبکات، بۆ نموونە لە ئەنجومەنی پیرانی ئیتالیا کەوتوەتە ژێرکاریگەریی ئەو تەوژمەی کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەدەست هاتووە، لەبەرئەوەی خەڵک بۆ ناردنی نامەی ئەلیکترۆنی بۆ نوێنەرەکانیان زیادیکردووە، لەو ڕێگەیەشەوە خەڵک دەتوانن باشتربزانن، کە نوێنەرەکانیان ڕایان چیبوو لەسەر بابەتە دیاریکراوەکان و دەنگیان بە چی داوە، لە ئوسترالیا ئەنجومەنی نوێنەران پوختەی کارەکانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکەنەوە و سەلماندوشیانە، کە جەماوەرێکی زۆریان هەیە، لە لاتیڤیاش بنکەی داتاکانی پەرلەمان (سیما)، کە دەقی تەواوی پرۆژە یاساکان لەخۆدەگرێت

---

1 - و/هەڵکەوت عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، لا 95-96
2 – و/هەڵکەوت عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، لا 97-100

زۆرترین جار بەکارهێنراوە، ئەمەش فاکتەرێکە بەوەی هەر هاولاتیەک دەتوانێت ئاگاداربێت لە گەشەکردنی ئەو یاسایەی، کە مەبەستیەتی."[1]

"ئەزمونی ولاتی کوێت لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان زۆر پێشــکەوتووە، تەلەفزیۆنێکی تایبەت بەخۆی هەیە، جگە لەپەخشــی کۆبونەوەکانی پەرلەمان، کار لەســەر بلاوکردنەوەی ڕۆشــبیری پەرلەمانی دەکات، ڕۆژانە چەندین بەرنامە دەکات لەبواری بلاوکردنەوەی هۆشــیاری یاســایی و کارکردنی پەرلەمانی و کاری لیژنەکان، ئەمە سەرەڕای نەشرە هەواڵییەکان، کە ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر هۆشیاری جەماوەر لەســەر پەرلەمان و هۆشیاری یاسایی، لە تورکیاش کەناڵی پەرلەمان، جگە لە بلاوکردنەوەی کۆبونەوەکانی پەرلەمان، کۆبونەوەی لیژنەکانی پەرلەمانیش پەخش دەکات، کە ئەمە تازەترین مۆدێلی کاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانە لە دونیادا."[2]

"پەرلەمانی هەنگاریا، پەرلەمانێکی ئەلیکترۆنی دامەزراندووە، کە لەگەڵ خســــتنەڕووی هەموو پێشــنیارەکانی وەک (پڕۆژەیاســا پێشــنیارکراوەکان، ڕاســتکردنەوەکان، بڕیارەکان، یاســاکان، ڕەشنوسەکانی داتا سیاسییەکان، ڕاپۆرتەکان و لێکۆڵینەوەکان و پرسیارەکان ....هتد)، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پەخشــــکراون، ئەگەرچی کاری ســــەرەکی لەو هەنگاوە، ئاســــانکردنی کاری نوێنەرەکانی پەرلەمان و شــــارەزابوونە تێیاندا، بەلام دەســــتەبەرکردنی ئەو دەقانەشــــە، کە پەیوەندییان بە هاولاتیانەوە هەیە، ئەوەش لەڕێگەی ســــایتی پەرلەمانەوە لەســــەر ئینتەرنێت هاتووەتە بەرهەم."[3]

ئینتەرنێت بەرژەوەندی و پێداویســــتی هاولاتیانی زیادکردووە، هەربۆیە پەرلەمانتاران گرنگی پێدەدەن، لێکۆڵینەوەکان دەریانخســــتووە، کە زۆربەی دەنگدەران دەیانەوێت بە بۆچوون و ئایدیاکانیان بەشــداربن لە ســیاســەت و بڕیار و یاســادانان (تەشــریعی) بۆئەوەی بەشــداری هاولاتیان بەهایەکی گرنگی هەبێت.

"ڕاپۆرتێکی جیهانی لەساڵی ٢٠١٠ دەریخستووە، کە ٤٣٪ پەرلەمانەکانی جیهان ئینتەرنێت، وەک ڕێگەیەکی پەیوەندیی بۆ پەخشــی دانیشــتنەکانی پەرلەمان بەکاردەهێنن، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ٧٠٪ ئەوکـات لێکەوتەکـانیش بۆ خســــتنەڕووی شــــەفافیەت

---

[1] – و/هەڵکەوت عەبدولا، سەرچاوەی پێشوو، لا195

[2] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر.

[3] – و/هەڵکەوت عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٥.

بەهێزتردەبن."[1]، "شـــۆڕشـــی تەکنەلۆجیا بەتایبەتی دەرکەوتنی ئینتەرنێت ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەخزمەتکردنی پەرلەمان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پەرلەمان، بەتایبەتی دەرکردنی یاســـا و پرۆســـەی چاودێریکردن، زۆربەی پەرلەمانی وڵاتە عەرەبییەکان ماڵپەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پشـــتگیریکراوە، بەمەبەســـتی ڕوماڵکردنی ئەو چالاکیانەی کە لیژنەکانی پەرلەمان دەیکەن، بۆئەوەی خەڵک ئاگاداری کاروچالاکیەکان بێت، بەئاســـانی دەســـتی بە زانیارییەکانی ناو پەرلەمان بگات."[2]

لەهەرێمی کوردســـــتانیش بزاوتنی ڕۆژنامەگەری بەرەوپێش چووە، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ســـاڵی ١٩٩١ و دواتر دروســـتبوونی پەرلەمانی کوردســـتان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش چەند بەڵگە و ئاماژەیەک دەخەینەڕوو:

١. "بوونی ســـەدەها ڕۆژنامە و گۆڤاری تۆمارکراو و دەیاها کەناڵی ڕادیۆ و کەناڵی ئاســـمانی ڕێگەپێدراو، ســـەربـاری بوونی زۆرێـک لە پێگە ئەلیکترۆنی و تۆڕەکـانی پەیوەنـدیکردنی کۆمەڵایەتی، کە ئەم هۆکارانە دەســتیاندایە چاودێریکردنی دەســەڵاتە گشــتییەکان و پرۆســەی سیاسی لە هەرێمدا ئەمە جگە لە گەیاندن و خستنەڕووی کێشە و گرفتی هاوڵاتیان.

٢. دەرکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆ لە (ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگەی ئەلیکترۆنی و ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ئاســـمانیی)، کە خاوەندارێتیان بۆ کەس و دامەزراوە و کۆمپانیا و چاپخانە ئەهلیە ناحکومیەکان دەگەڕێتەوە، هەمیشــە لەپەرەســەندنی بەردەوامدان، کە یەکێکە لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی مەدەنیەت و تازەگەری و پێشکەوتن لە هەر وڵاتێکدا.

٣. دەرچوونی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی (یاسای ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧)، کە جیاوازە لە یاساکانی پێشوو مەودای ئازادی ڕادەبڕین و کاری ڕۆژنامەوانی لە کوردستان پەرەپێدا.

٤. ســـەرباری ئەو ڕۆڵە چاودێرییەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەســـەر دەســـەڵاتە گشـــتییەکانی کۆمەڵگەوە پیـادەیـدەکەن، ڕێکخراوی چـاودێریی تـایبەتی لەبواری میـدیـا هەن لەوانە (لیژنەی بەرگری لە ئـازادی ڕۆژنـامـەگەری و مـافی ڕۆژنـامەنوســـــان)، کە ســـەر بە ســـەنـدیکـای ڕۆژنامەنوســـانی کوردســـتانە، هەروەها دەیان ڕێکخراوی ناحکومی و مەدەنی تر لەم بوارەدا پەرەیان سەندووە.

---

[1] – علي رمال، الاعلام البرلماني بين متطلبان الديموقراتي و الضرورات المهنية ، لە ئینتەرنێتەوە، ڕۆژی سەردان: ٢٠٢١/١٠/٢٠
https://l.facebook.com/l.php?u=http%3A%2F%2Fold.agora-parl.orgl

[2] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانيى و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٨٤

٥. دەرکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری (یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣)، ئەم یاسایە دەبێتە هۆی تواناپێدانی هاولاتیان لە پیادەکردنی مافەکانیان لە بەدەســـتهێنانی زانیاری لە دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکاندا."[1] ڕۆژنامەنوسان و میدیاکار بەوپێیەی، کە زیاتر پێویستیان بە زانیارییە زۆرتر ســـوود لە جێبەجێکردنی ئەم یاســـایە وەردەگرن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردســـتان تاوەکو ئێســـتا ڕێنمایی بۆ ئاســـان جێبەجێکردنی ئەو یاســـایە دەرنەکردووە، کە پێویســـتبوو بە پاڵپشـــت بە ماددەی (٢١)ی یاســـاکە ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ دەســتەی ســەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕێنمایی پێویســت بۆ ئاســان جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە دەربکردایە،

لە کوردستان ئەزمونی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی زۆرکەمە، چونکە کوردستان خۆی لە سیستەم و کاری پەرلەمانی هەرێمێکی ئەزموندارنیە، لەم بارەیەوە فوئاد ئەحمەد ســـلێمان ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردســـــتان دەڵێت" کورد ئەزموونی کاری پەرلەمانیمان زۆر کەمە، پەرلەمانی کوردســتان تاکە پەرلەمانە، کە لەســەر ئاســتی دونیا بە کوردی قســە دەکات، یەکەم پەرلەمانی هەرێمیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش مانای ئەوەیە ناچارین بە خۆڕسکی و بە تاقیکردنەوە لەســەر خۆمان ئەزمون وەربگرین، چونکە ناتوانین خۆمان بەراورد بکەین بە ئەزموونی ژینگەی کارکردنی ولاتانی تر، چونکە ژینگەی ســیاســی ئێمە جیاوازە لە ئەمریکا و ئەوروپا و تەنانەت ولاتانی عەرەبیش. پەرلەمانی کوردســـتان نمونەیەکی زۆر تایبەتە لە دونیادا، تەنانەت لەڕووی داڕشتنی یاساوە ئێمە لە پەرلەمان پەسەندکردنی بڕیارە یاسامان هەیە، کە بڕیارە و ڕەهەندی یاســـایان هەیە، وەک (بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیی)، کە ئەمە لەزۆر پەرلەمانی دونیاد نییە."[2]

هەروەها تارق جەوهەر ســارمەمی ڕاوێژکار وبەرپرســی پێشــووی بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەڵێت "پرۆســـەی ســـیاســـی لە کوردســـتان پەرلەمانی کردوەتە چەقی ململانێ سیاسییەکان ئەمەش وایکردووە ببێتە جێگەی بایەخی کەناڵەکان، بەو پێیەی پەرلەمان مەرجەعی بڕیاری سیاسی چارەنوسساز و شوێنی بڕیار و یاساکانە، سەرچاوەی چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن و ئامادەکردن و داڕشتنی یاساکانە لەلایەن لیژنەکانەوە، مەڵبەندی پەسەندکردنی بودجەیە، کە ســـەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵکە، ئەمانەش وادەکات کە چالاکیەکانی پەرلەمان ببێتە جێگەی بایەخی خەڵک و میدیاکان ئێســـتا زۆربەی پەرلەمانانی دونیا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی

---

[1] -ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر،سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٤.

[2] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر.

تایبەت بەخۆی هەیە، کە سیاسەتی خۆی تێدا پەخشدەکات"[1] بەڵام ئێستا کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەپێی سـیاسـەتی خۆیان ڕوماڵی دانیشـتنەکان دەکەن و بەپێی دیدی خۆیان شـیکار بۆ ڕووداوەکانی پەرلەمان دەکەن، تەنانەت زۆرجار بەپێی دید و بۆچونی پەیامنیرەکە دارشـتنەوە بۆ ئەو هەواڵانەش دەکرێت، کە لەسەر پەرلەمان پەخشدەکریت، ئەمە جگە لەوەی، کە پێشوەختە هەموو پەیامنێریک ڕەچاوی سیاسیەتی کەناڵەکەی دەکات، ئەوکەنالانەی کە سەر بە دەسەڵاتن ئەدای کاری پەیامنیرەکانیان زۆر جیاوازترە لەو پەیامنیرانەی، کە لە کەناڵی ئۆپۆزسـیۆن کاردەکەن، زۆرجاریش شـوێنی گوڕینی پەیامنێران لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر هۆکاریکە کە کێشـە بۆ ڕاگەیاندنی پەرلەمان دروسـتدەکات، بەتایبەتی ئەو پەیامنێرانەی کە لە کەناڵێکی سـەر بەدەسـەڵاتەوە دەچنە کەناڵێکی ئۆپۆزسـیۆن، یاخود بە پێچەوانەوە، لەبەرئەوەی لەم ژینگە و بارودۆخەدا ئەدای کارەکەی پێچەوانەدەبێتەوە، بەشـێوەیەک بە ڕوماڵەکانیانەوە بە ڕوونی دەردەکەویت.

## سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

ڕاگەیاندنی پەرلەمانێکی دیاریکراو، یان بە گشـتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی (ئەو کەناڵانەی، کە گرنگ بە بابەتەکانی پەرلەمان دەدەن) پێویسـتە ڕەچاوی کۆمەڵێک شـت بکەن، لە ڕووی پەیڕەوکردنی سـیاسـەتی کەناڵەکەیان تایبەت بە ڕووماڵی پەرلەمان، یان لەو میدیاکارانەی کە دەیان نێرنە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان دامەزراوەیەکی گرنگی یاسایی و سیاسی خەڵکە و تاکە ئامرازێکە کە جەماوەر لە ڕێگەیەوە چاودێری نوێنەرەکانی لە پەرلەمان بکات، لێرەدا دەگەڕێین بەدوای میدیا (بەرەوسـەر) واتا لە هاوڵاتییەوە بۆ پەرلەمان نەک میدیای (بەرەوخوار) واتا لە پەرلەمانەوە بۆ هاوڵاتی، میدیای پەرلەمانی دەبێت زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە، بەبێ دەسـتوەردان، هەروەها پێویسـتە ئالیەتێکی بۆ پێکەوە بەسـتن، لەنێوان کاری پیشـەیی میدیا و کاری پەرلەماندا هەبێت.

ناکۆکیەکی زۆر لەنێوان کاری پیشـەیی میدیا و کاری پەرلەمان هەیە، کە لەم خشـتەیەدا ڕوونی دەکەینەوە:

---

[1] – تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

خشتەی(ب)

تایبەتمەندی میدیایی پەرلەمانی

| تایبەتمەندییەکانی کاری پەرلەمانی | پێویستییە پیشەییەکان |
|---|---|
| هێواشی لە کاری یاسادانان | خێرایی |
| دەقی ئاڵۆز | ئاسانکاری |
| گشتاندن | تایبەتمەندکردن |

"ئەو خێراییەی لە کارکردنی میدیای پێشکەوتوو هەیە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ شێوازی کارکردنی پەرلەمان، چونکە پەرلەمان پێویستی بە کاتە بۆ گفتوگۆکردن و شیکارکردن لەکاری یاسادانان، پێداویستییەکانی ئاسانکاری میدیای پێشکەوتوو بە زەحمەت یەکدەگرێت لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی کاری یاسادانان و دەقە یاساییەکان، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی میدیایەکی چالاکە و ڕێکخەرە، چونکە خۆی لەخۆیدا کارەکراوە و ڕاستگۆیە بەو ئاستەی، کە هەندێکجار باس لە بابەتی بێزارکەریش دەکات، ڕوونە لەڕووی تێگەیشتن و ئاسانە بۆ خوێندنەوە بۆ ئامانجەکەی، ڕاست و دروستە و ڕێگە نادات بەهیچ جۆرێک پڕوپاگەندە و بانگەشەیەک، کە ببێتە هۆی شێواندنی میدیا، هاوسەنگ و دادپەروەرە لە پەخشکردنی لەنێوان ئەندامان و کوتلە سیاسییەکاندا پەیامە میدیاییەکانی بە زمانی ئامانجی ڕایگشتی و پسپۆڕانە"[1]

بێگومان ئەمانەش لەڕێگەی میدیاکاری تایبەتمەند بە کاری پەرلەمانەوە دەکرێت، کە لە ئێستادا کەناڵەکان لە هەوڵی دروستکردنی ئەو جۆرە پەیامنێرانەدان و لە کوردستانیش تاڕادەیەک سەرکەوتوبوون، ئێستا کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پشت بە پەیامنێرێک، یان چەند پەیامنێرێک دەبەستن بۆ ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەرلەمان، تا تووشی سەرلێشێوان و بەرکەوتنی نەخوازراو نەبنەوە، "پەیامنێری میدیای پەرلەمانی جیاوازە لە پەیامنێرەکانیتر، چونکە شارەزا و بە ئەزموونە لە شێوازەکانی نووسین و داڕشتنەوەی یاسا و بڕیارەکان، شارەزایە لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی پڕۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان، شارەزایە لە شێوازی ڕوماڵی ڕوداوەکانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی تایبەتمەندی لەکاری پەرلەمانی وەرگرتووە، بەمەش هەموو پەیامنێرێک ناتوانێ ڕوو ماڵی ڕوداوەکانی پەرلەمان بکات، میدیاکاری پەرلەمانی توانای چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەواڵ و چالاکیەکانی پەرلەمانی هەیە، بەبەردەوامی بەبێ بێزاربوون و ماندووبوون، بەردەوام چاودێری ڕووداوەکانی پەرلەمان دەکات، تەنانەت لە پشووەکانی پەرلەمانیشدا بەدواداچوونی لەسەر کاری پەرلەمان بەردەوامە، لە پێناودانەبڕان لە کارەکانی

[1] – علی رمال، سەرچاوەی پێشوو.

پەرلەمان، هەرچەندە دەزانێت کە کارەکانی پەرلەمان وەرزییە، میدیاکاری پەرلەمانی پێویستە زۆر شارەزا و بەتوانابێت، چونکە لەکاری پەرلەمانی میدیاکاری پەرلەمانی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن وەستاوە بۆیە ناچارە بەشێوازێکی بێلایەنیی ڕوومالّی ڕوداوەکانی پەرلەمان بکات، بە تایبەتی لەو دانیشتنانەی، کە تایبەتن بە پرساندنی وەزیرەکان یان بانگێشتکردنی وەزیر و دەسەڵاتی جێبەجێکردن."[1]

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی دروستکردنی بیرۆکەی تازە و بۆچوونی تازەیە لەسەر بابەتە گشتییەکان، لە بەرئەنجامی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی، کە لەناو پەرلەمان هەن، چونکە پەرلەمان خۆی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جێگەی ئەو جیاوازیانەیە، کە خۆی لە چوار ساڵ زیاتر دەبینێتەوە، نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان لەیەک بینادا کۆدەکاتەوە، کە هەر یەکێکیان پەیڕەوی بیرو بۆچون و ئایدیۆلۆژیای جیاواز دەکەن، بەڵام پەرلەمان ناچاریاندەکات بەو هەموو بیروبۆچوونە جیاوازە پێکەوە کاربکەن و ڕێکبکەون لەسەر بیرۆکەیەکی تازە لەپێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیاندا.

## چوارەم: ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

سەبارەت بە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانیی، وەک پەیام و ئەرکی میدیایی، پسپۆڕان و شارەزایانی میدیای پەرلەمانیی، ئەرکی ئەم میدیایە لە چەند خاڵێکدا دیاریدەکەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. "ڕونکردنەوەی ڕۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لەڕێی ڕۆشنای خستنەسەر دیارترین پرساندنەکان و پرسیارەکان و قسەکردن و گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا.

٢. وەبیرهێنانەوەی خەڵکی سەبارەت بە مێژووی سیاسی پەرلەمان و هەڵوێستەکانی پەرلەمان لەو پرسانەدا، کە لەسەریان وەستاوە، چ هەڵوێستەکانی پشتگیریکردن بن بۆ داخوازیی و داواکارییەکانی گەل، یان دژیان بێت، سەرەڕای تەرکیز خستنەسەر ڕۆڵی ئەندامان و چۆنیەتی ئەداکردنیان.

---

[1] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلماني و السياسي، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٥-١٢٨

٣. پاڵپشتیکردنی ڕۆشنبیریی سیاسیی و بەشداریکردنی سیاسی و بانگهێشتکردنی جەماوەر بۆ گردبوونەوە لە دەوری پەرلەمان."[1]

٤. "بەدەرخستنی ڕۆڵی کوتلەی پەرلەمانی لە هەڵوێستەکانیان لەناو پەرلەمان و تیشکخستنەسەر چالاکیەکانیان، ئاشکراکردنی ئەو ڕاستیانە بۆ جەماوەر تا خەڵک بۆی دەربکەوێت تا چەند قسە و هەڵوێستەکانی حزبە سیاسییەکان لەناو پەرلەمان لەگەڵ قسەکانیان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا یەکانگیرە.

٥. بەشداریکردن لە پرۆسەی سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ پێکهێنانی پەرلەمان دوای کۆتایی هاتنی هەر خولێکی پەرلەمانی و ئاڕاستەکردنی کاندیدەکان، تا بەپێی کارەکانی پەرلەمان بەرنامەی هەڵبژاردنیان دیاری بکەن و دووربکەونەوە لە بەڵێنێک، کە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نەبێت.

٦. هەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمانتار لەلای جەماوەر، چونکە میدیا تاکە ئامرازێکە، کە لەڕێگەیەوە خەڵک بتوانێت ئەدای کاری نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان بزانن،"[2]

٧. "پشتیوانیکردن لە بڕیارە پەرلەمانیەکان و ئەو بڕیار و یاسایانەی، کە پەرلەمان دەری دەکات وە پڕ زانیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەو پرۆژە و بڕیارانەی، کە دەیانەوێت بیکەن بە یاسا بۆ خەڵک.

٨. بڵاوکردنەوەی زانیاری و ژمارە و داتاکانی ناو پەرلەمان بەشێوازێکی ڕاست و دروست لەبوونی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان و دانیشتنەکانی گفتوگۆکردن و لێپرسینەوە و چاودێریکردن، هەروەها بوونی ژمارەی یاسا و بڕیارەکان و ئەو یاداشتانەی ئاڕاستەی پەرلەمان کراوە بە داتا و ئاماری وردەوە.

٩. برەودان بە هەڵسوکەتی ئەندامانی پەرلەمان لەپێناو بەرژەوەندی خەڵک، ئەندامانی پەرلەمان هەریەکێکیان لەشوێن و پێگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی جیاوازەوە هاتوون، سەرەڕای جیاوازی بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای سیاسی جیاواز، کە هەڵکردنی ئەمانە پێکەوە لە هۆڵێکدا قورس و زەحمەتە بۆیە ئەرکی میدیای پەرلەمانییە ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە لەیەک نزیک بکاتەوە لەپێناو بەرژەوەندی خەڵک."[3]

---

[1] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلماني و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣.
[2] – بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلماني و السياسي ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٥
[3] – علی عبدالفتاح،سەرچاوەی پێشوو، لا١٥١-١٥٣.

بەڵام وێناکردنی پەرلەمان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام لەگۆڕاندایە، ئەمەش بەهۆی "گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە بەردەوامەکانەوە، کە لە جیهاندا ڕوودەدەن، هەروەها پێشکەوتنە خێرا و بەردەوامەکانی تەکنەلۆجیا و کاریگەرییە خێرا و سەرسوڕهێنەرەکانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان، سەرەڕای گۆڕانکاری ڕوومالّی ڕووداوەکان لەلایەن ئاژانسەکانی دەنگ و باس و تۆڕی هەواڵییە ئاسمانییە جیهانییەکان لە گواستنەوە و شیکاری و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ڕووداوەکان، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان بۆ کەمکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییە بەهێز و خێرایانەی، کە لەسەریەتی پێویستی بە متمانەی زۆرە لەناو جەماوەر و ڕای گشتی میدیای پەرلەمانی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەستپێکردنی دیالۆگی یاسادانان و بونیادنەر نەک زۆر بڵێی یاسایی، کە زۆرجار لە میدیای تەقلیدیدا دەکرێت، چونکە ئەمجۆرە لە قسەکردن یارمەتیدەر نابێت بۆ هاوڵاتیان تاوەکو لە بابەتەکان تێبگەن، هەروەها وێنەی پەرلەمان و پەرلەمانتارانیش بەشێوەیەکی جوان دەرناکەوێت."[1]

## پێنجەم: ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجە لەوانە:

١. "تیشک خستنەسەر ڕۆڵی ئەنجومەنەکانی پەرلەمان لە یاسادانان و چاودێری و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.

٢. بوژاندنەوە و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوای دیموکراسی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٣. کاراکردنی ڕۆڵی هاوڵاتیان لە هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەنجومەنی پەرلەمان و بەرزکردنەوەی بەشداری جەماوەری لە بڕیاردان و ڕاسپاردەکانی پەرلەمان بەپێوانەی ئاڕاستەکان لەڕای گشتیدا.

٤. بەهێزکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پەرلەمان لەڕێگەی بەستنەوەی ئەنجومەنەکانی پەرلەمان بەتاک و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کە حکومی و تایبەتن.

٥. تیشک خستنەسەر قەبارەی کاری پەرلەمانی و پراکتیکی ڕێکخەری و دەستپێشخەرییە یاساییەکانی ئەندامان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ناوخۆیی و جیهانیی و بڕیار و

[1] – بسام عبدالرحمان الشاريقة،ادارة الازمة في العلاقة بين الاعلام و البرلمان،سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨٦.

ڕاســـــپاردەکان، کە لەلایەن کۆڕە پەرلەمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانەوە، لەڕێی تۆڕی جۆراوجۆری بیستراو و بینراو و خوێندراو و تۆڕی زانیارییەکانی (ئینتەرنێت)."[1]

٦. "بەرزکردنەوەی پرەنســــیپی دیـالۆگ و پەســــەنـدکردنی بیروڕایتر لەڕێگەی پەیوەنـدی ڕاستەوخۆی نێوان ئەندامانی پەرلەمان و هاوڵاتیانەوە.

٧. شــــەفافتر و بابەتیانەتری کاری پەرلەمانی بکات لەکاتی ڕووماڵکردنی میدیایی دانیشـــــتن و لیژنەکانی پەرلەماندا.

٨. جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی حکومەت لەدابینکردنی زانیاری و هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەماندا.

٩. ناســاندنی ئەنجومەنی پەرلەمان و کۆنترۆڵ و بڕیار و ڕاسـپاردە و میکانیزم و چالاکییەکانی ئەندامانی."[2]

## شەشەم: ئامڕازەکانی کاراکردنی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

ڕاگەیاندنی پەرلەمان پێویســـتە پشــت بە ســـەرجەم ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن ببەســتێت بۆئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت و پەیوەندیەکانی لەگەڵ جەماوەر بەهێز بکات:

١. "کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و تۆڕەکانی ڕادیۆ: بریتییە لە وێســـــتگەی تەلەفزیۆنە ئاســــمانی و ناوخۆییەکان و ڕادیۆکان، کە یەکێکە لەو ئامڕازانەی هۆشـیاری پەرلەمانی لەناو هاوڵاتیاندا زیاد دەکات و دواین پێشــهاتەکانی دانیشــتنەکانی پەرلەمان و هەموو کۆنترۆڵ و بڕیار و ڕاســپاردە پەیوەندیدارەکانیـان بۆ دابین دەکات، هەروەهـا یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی یاســـــا و ڕێوشوێنەکانی پڕۆسەی یاسادانان، سەرەڕای کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی پەرلەمانیی،ئەمە جگە لە پشتیوانیکردنی بڕیاری یاسادانان لەڕێگەی کردنەوەی دیبەیت و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هاوڵاتیان بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان ســەبارەت بەو کێشــانەی لە پەرلەماندا بەرز کراوەتەوە پێش ئەوەی بڕیارەکە بدرێت.

٢. ڕۆژنـامەگەری: ڕۆژنـامەگەریی بـاوترین و کـاریگەرترین ئـامڕازی پەیوەنـدیکردنی زانیـاری پەرلەمانییە بۆ خوێنەر کە لەڕێگەی میدیای پەرلەمانییەوە تەواوی دەقەکانی بۆ دەگوازرێتەوە،"[3]

---

[1] – علی عبدالفتاح، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٩.

[2] – محمود عبدالعزیز،سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.

[3] -علی عبدالفتاح، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٠.

٣. "بڵاوکراوەکـانی پەرلەمـان: بڵاوکراوەکـانی پەرلەمـان، کە لەلایەن پەرلەمـانەوە دەردەچێت یەکێکە لەو ئـامرازانەی، کە میـدیـای پەرلەمـانی لەســــەر دامەزراوە بۆ گەیـانـدنی پەیـامە پەرلەمانییەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشـــهاتانەی، کە لە پەرلەمان و هەواڵە نوێیەکانی پەرلەمـاندا گفتوگۆیـان لەســـەر کراوە، جگە لە خوێندن و لێکۆڵینەوەکان، کە خزمەتی ئەندام پەرلەمان دەکەن و پێگەی خۆی بەهێز دەکات و هەروەها زانیاریشـــی لەبارەی پێویســـتی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر کاریگەریی و چالاکییە پەرلەمانییەکان بۆ دابیندەکات."[1]

٤. "تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی (ئینتەرنێت): تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی میدیایەکی کاریگەرە لە کارەکانی پەرلەمان و لە گەشـــەپێدانی ئەدای پەرلەمان، ئەم تۆڕە بەشـــداریدەکات لە گرێدانی پەرلەمان بە حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەوە، لەبەرئەوە پەرلەمان بەجیهانی دەرەوە گرێ دەدات، هەروەها پەیوەندییە لەنێوان هاولاتیان و پەرلەمان و ئەندامەکانیدا. بە وەرگرتنی پەیام و ســـکالا و بەدواداچوون بۆیان، جگە لە دابینکردنی گرنگترین پێشـــهاتەکانی ســـەر گۆڕەپانی پەرلەمان لەناوخۆ و دەرەوە و پێشکەشکردنی دانیشتنەکان و ئەوەی پەیوەندیدارە بەوەوە."[2]

---

[1] – محمود بن عبدالعزیز،سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٧.

[2] – علی عبدالفتاح، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥١.

## باسی سێیەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

### یەکەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان :

لە پەرلەمانی کوردستان، ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان) لە کۆی ئەو ٦ بەڕێوەبەرایەتیەی پەرلەمان کارەکانی خۆی دەکات، هەرچەندە بەپێی ماددەی (١١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە چوارچێوەی (بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان) دەبێت، بەڵام تا ئێستا ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیە، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان و بوونی ململانێ بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و نەبوونی بودجەی پێویست لە پەرلەمان نەکراوەتەوە، سەرەتا ڕاگەیاندنی پەرلەمان بەشێکی زۆر بچووکبووە تەنانەت لە چەند کەسێک پێکهاتبوون، کە دڵسۆزانە کاریان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی پەرلەمان دەکرد، وردەوردەکاریان لەسەر فراوانکردنی ئەم بەشەکرد، بە توانایەکی کەمەوە کارێکی گەورەیان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان دەکرد.

"ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتای خولی یەکەمەوە لە ١٩٩٢/٦/٤ گرنگی پێدراوە، بەڵام پەرلەمان خۆی ڕاگەیاندنی نەبوو، پشتی بە ڕاگەیاندنی حزبەکان بەستووە، هەواڵنوسێک و وێنەگرێکی هەبووە، کە هەواڵەکەی دەنووسی و دواتر وێنەکان و هەواڵەکەی بەسەر کەناڵە حزبییەکاندا دابەشدەکرد، دانیشتنەکانیش بە کامێرا ئەرشیف دەکرا و کامێرای کەناڵە حزبییەکانیش دەهاتنە ناو بینای پەرلەمان، لەقاتی سەرەوەی هۆڵی پەرلەمان تۆماری دانیشتنەکانیان دەکرد، دواتر پەخشیان دەکرد، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێ، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەپێی پەیڕەو دانیشتنەکانی بەداخراوی و دوور لە چاوی کامێرا بەڕێوەدەبرد، دۆخی ڕاگەیاندنی پەرلەمان بەمشێوەیە مایەوە، تا ساڵی ١٩٩٦ لە دوای ئەو ماوەیە بارودۆخی دارایی پەرلەمان باشتربوو، ڕاگەیاندن گرنگی زیاتری پێدرا، چەند کامێرایەک لەناو هۆڵی پەرلەمان بە تەکنیکێکی باش جێگیرکران، بەو جۆرە لەوکاتەدا تۆمارکردنی دانیشتنەکان گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی"[1]

دوای پەیدابوونی کەناڵی ئاسمانی، پەرلەمان توانی دانیشتنەکانی بە شێوازی پەخشی ڕاستەوخۆی بۆ بینەران بگوازێتەوە "یەکەم دانیشتنی پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنی یەکگرتنەوەی پەرلەمان بوو لە ٢٠٠٢/١٠/٤، کە کەناڵی گەلی کوردستان و کەناڵی کوردستان تی

---

[1] - تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان

ڤی پەخشـــیان کرد، پێش ئەو بەرواره هەموو دانیشـــتنەکانی پەرلەمان تۆمارکراوبوو، شـــەوان بەپێی ناوەڕۆکی دانیشـــتنەکە و ســـیاســـەتی کەناڵەکە بەشـــێوازی ڕاپۆرت و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ پەخشـــدەکرا، وتاری کەســـایەتییە گرنگەکانی وەک دانیاڵ میتەران و هەڤاڵ مام جەلال و کاک مەســـعود وەک خۆی بڵاودەکرایەوە، هەندێکجار هەر کەناڵێکی حزبی دەقی قســـەی ئەندامانی حزبەکەی وەک خۆی پەخشـــدەکرد، لەم قۆناغەدا ڕوماڵی میدیایی بۆ پەرلەمان بیرکردنەوەی تەســـکی حزبایەتی پێوە دیاربوو هیچ کەناڵێک ئامادەنەبوو بیروبۆچوونی ئەندامانی حزبی بەرامبەر پەخشبکات."[1]

لەدوای دەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی و گەشەکردنی تەکنەلۆجیا، بەتایبەت لەبواری میدیادا ڕوماڵ و پەخشـــکردنی میدیایی گۆڕانی بەســـەردا هات، بێگومان پەرلەمانیش ســـوودیی لەم تەکنیکانە وەرگرت، بەتایبەت لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردســـتاندا، "لەدوای ٢٠٠٥ و هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان لە ٢٠٠٥/٦/٤ خولی دووەم دەســـت بەکاربوو، ســـەرۆکی پەرلەمان (عەدنان موفتی) دوای چەند مانگێک فرمانیکرد، بەکردنەوەی بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و دانانی (تاریق جەوهەر بە بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و زاگرۆس کەمال بە جێگری بەڕێوبەر)، هەرلەم خولە ســـەرەڕای بوونی پەخشـــی ڕاســـتەوخۆی دانیشـــتنەکان، کەناڵ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان زیاتر دەهاتنە ناو پەرلەمان و گرنگیاندەدا بە پەرلەمان، پەرلەمان بووە جێگەی بایەخی کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆیی و عەرەبییەکان، ئەم قۆناغە زۆر جیاوازبوو، چونکە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بونیادنانەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان بوو، پرۆسەی سیاسی و نووسینەوەی دەستوور لە عێراق بووە جێگەی بایەخی هەموو میدیا جیهانیەکان، بێگومان پەرلەمانی کوردســـتانیش بێبەش نەبوو لەو گرنگی پێدانە. بۆیە پرۆژەی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی پەرلەمان پێشـــکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرا، بە ئامانجی پەخشی دانیشتنەکانی پەرلەمان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی لەناو خەڵکدا، هەرچەندە ڕەزامەندیدرا، بەڵام لەبەرئەوەی پەرلەمان پێداویســـتیتری پێویســـت بوو، پرۆژەکە دواکەوت بۆ خولی دواتر، بەڵام وەک جێگرەوەی ئەو پرۆژیە، ســـایتی پەرلەمانی کوردســـتان لە مانگی ١٢ی ســـاڵی ٢٠٠٧ دامەزرا، کە کۆی گشـــتی چالاکییەکان و دانیشـتن و بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی تێیدا بۆ ڕۆژنامەنوسـان و خەڵکی هەرێمی کوردسـتان فەراهەمکرا، بەڵام پەخشـــی دانیشـــتنەکان هاوشـــێوەی ســـاڵانی پێشـــووتر هەر لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە دەبوو."[2]

---

[1] –تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

[2] – تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

"ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردســتان لە ســاڵی ٢٠٠٧ هەیە و بەردەوامە لە ڕوماڵکردنی چالاکیەکانی پەرلەمان، ماڵپەڕێکی دەوڵەمەندە، توێژەر و هاوڵاتی دەتوانن ســوود لە ئایکۆنەکانی ئەم ماڵپەڕە وەربگرن، چونکە زۆر بابەتی گرنگ و زانیاری زۆری تێدایە لەســـــەر دامەزراوەی پەرلەمان، ئەوەی بەکاریبهێنێت زوو ئاشــــنا دەبێت بە کاری پەرلەمانی، ئەو ماڵپەڕە چەندینجار بەپێی گەشەکردنەوەکانی تەکنەلۆجیا نوێکراوەتەوە."[1]

سـەبارەت بە ڕێکخسـتنی کاری میدیای و پەخشـکردنی دانیشـتنەکانی پەرلەمان لە خولی دووەم "دەرگای پەرلەمان بۆ ســـــەرجەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کراوەبوو، نهۆمی ســـــەرەوەی هۆڵی پەرلەمان جێگەی میوان و میدیاکاران و ڕاوێژکارەکانی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بوو، پەیامنێران دەیانتوانی مایکی کەناڵەکانیان لەبەردەم دەســـــتەی ســـــەرۆکایەتی دابنێن، جاری وا هەبووە لەبەر ژمارەی زۆری لۆگۆی کەناڵەکان دەســـــتەی ســـــەرۆکایەتی بەدیار نەدەکەوتن و وێنەگری کەناڵەکان لەبەر ڕێکخستنی گرتە و تۆمارکردنی وێنەی ڤیدیۆیی لەنهۆمی پەرلەمانتاران دەبوون، کەشــــێکی قەرەباڵغ و زۆرجار ژاوەژاوە و شــــڵەژاوی دروســــتدەبوو، زۆرجار بۆ جێگیرکردنی کامێراکانیان بەردەمی پەرلەمانتارانیان دەگرت و ســـتاندی کامێراکانیان بەر پەرلەمانتار دەکەوت، بەمەش کەشـی بەڕێوەچوونی دانیشـتنەکانی پەرلەمان بووە مایەی بێزاری دەسـتەی سـەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران، سـەرەڕای ئەوەی زۆرجار میدیاکان مافی تایبەتمەندی پەرلەمانتارانی نەدەپاراست و وێنەی تایبەتی پەرلەمانتارانیان بڵاودەکردەوە، کە بۆ بڵاوکردنەوە گونجاونەبوو، بەتایبەتی لەکاتی پشووی پەرلەمانتاران، داواکرا ڕووماڵی دانیشتنەکان ڕێکبخرێت بۆیە بەپێی ئەزمونی ڕاوێژکاران و سـەرۆکایەتی ڕۆماڵی دانیشـتنەکان ڕێکخرا، لە خولی دووەم لە ڕێگەی کەناڵی گەلی کوردســـــتان و کوردســـــتان تی ڤی و کەناڵی نەورۆزەوە پەخشـــــی راســـتەوخۆی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان دەکرا، لە ناوەڕاســـتی خولی دووەمی پەرلەمان لەســـەر پێشـــنیاری (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری ڕۆشـــنبیری، دانیشـــتنەکانی پەرلەمان وەک خۆی و بەڕاستەوخۆیی لە کەناڵی نەورۆزی حکومی بڵاوکرایەوە، کە ئەمە بۆ پەرلەمان هەنگاوێکی باش و گرنگبوو، بەڕێوەچوونی جەلسـەکان زۆر بەباشـی ڕوماڵ دەکرا، ئەو قەرەباڵغیی و ژاوەژاوەی ناوهۆڵی پەرلەمـان نەمـا، هەموو کەنـاڵە تەلەفزیۆنییەکـان دەیـانتوانی لەڕێگەی ســــێرڤەرێکەوە دانیشتنەکان وەربگرن، کەناڵی نەورۆز چوار ساڵی بەردەوام هاوکاری پەرلەمان بوو،(سێ ساڵ خولی دووەم و ساڵێک خولی سێیەم)."[2]

---

[1] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر.

[2]– تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

بەڵام نوسـەر (ئەمین فەرەج شـەریف )لە کتێبی (حکومڕانیتی باش لە هەرێمی کوردسـتان) بەم جۆرە باس لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردسـتان دەکات "لەخولی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی کوردسـتاندا دانیشـتنەکانی پەرلەمان (لە چەند کات و حاڵەتێکی دیاریکراودا نەبێ) پەخش نەدەکران، لەخولی سـێیەمیشـدا زۆرجار ڕێگەنەدەدرا، کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن، بە بیانووی جۆراوجۆر، هەروەها ڕێگەش نەدەدرا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕومالّی ڕاستی و دروستی دانیشـتنەکان بکەن، بەڵکو ئەمانە لەڕێگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمان و بەهۆی ڕووتەختی (الشـاشـة) تەلەفزیۆنێکەوە دەگوازرانەوە، کە لە دەرەوەی هۆڵی گرێدانی دانیشـتنەکانی پەرلەمان دانرابوو، لە هەندێک دۆخیشـدا پەخشـەکە دەپچڕا یان بە پچڕ پچڕی دەگوازرایەوە. هەروەها گواسـتنەوەی ڕاسـتی و دروسـتی دانیشـتنەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتیان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە وەک پێویسـت نەبوو، بەشـێوەیەک، کە ڕەوتی دانیشتنەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ واتە بە تۆمارکراوی و مۆنتاژکراوی دەگوازرانەوە، هەتا لەکۆتایی خولی سـێیەمی پەرلەمان بەدیاریکراوی لە ٢٠١٤/٤/١ پەخشـی کەناڵە ئاسـمانیەکەی پەرلەمان بەتەواوی ڕاگیرا."[1]

لەخولی سێیەمی پەرلەمان ڕاگەیاندنی پەرلەمان گەشەیکرد لەچاو خولەکانی پێشوودا و بوو بە خاوەنی کەناڵی تایبەت بەخۆی، کە ئەمەش زیاتر وایلێکرد پشت بە کەناڵی خۆی ببەستێت، توانی سیاسەتی خۆی لە کەناڵی خۆیەوە پەخشبکات.

"لە خولی سـێیەمەوە هۆشـیاری پەرلەمانی زیاتر بڵاوبووەوە، خەڵک و میدیاکان بە گرنگی زیاترەوە سەیری پەرلەمانیان دەکرد، خەڵک وەک مەرجەعی بڕیاری سیاسی چارەنوسساز و ناوەندیی دامەزراندنی یاسـا و بڕیارەکان لەپەرلەمانیان دەڕوانی، بۆیە دەبوایە پەیوەندییەکانی پەرلەمان لەڕێگەی میدیا و پەیوەندییە گشـتییەکان و بە سـوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ بەهێزتر بکرایە وزیاتر پەرەپێبدرایە، بەتایبەتی لەدوای داخسـتنی کەناڵی نەورۆز لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆشـاییەکی زۆر بۆ پەرلەمان دروسـت بوو، بۆیە پەرلەمان بڕیاریدا کەکەناڵی تایبەت بە خۆیکاتەوە، لە ٢٠١١/٣/١ پەخشـی ئەزمونی کەناڵی ئاسـمان پەرلەمان دەستی پێکرد، بۆ ئەم کەناڵە سوود لە کامێرامان و ستافەکەی کەناڵی نەورۆز وەرگیرا، هەروەها سـەنتەری میدیا دامەزراند، کە لە ڕێگەیەوە هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەبێ جیاوازی دەیانتوانی بە یەک تەکنیک و ڕوومالّ دانیشـتنەکانی پەرلەمان وەربگرن و پەخشـیبکەن، ئەم کەناڵە بووە هۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە ڕومالّی دانیشـتن و چالاکیەکانی پەرلەمان بدرێ دانیشـتنەکانی پەرلەمان وەک خۆی پەخشـدەکرا ئەگەر دە کاتژمێریش بوایە، هەروەها چەند

[1] – ئەمین فەرەج شەریف، و/ لوقمان حاجی قادر،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

بەرنامەیەکیشی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەرلەمانی پەخشدەکرد، ئەمە سەرەڕای بەرنامەی تایبەت بۆنە و یادە کوردییەکان و بۆنە کارەساتبارەکانی وەک ئەنفال و جینۆساید، ئەمە جگەلەوەی بەرنامەی ڕاستەوخۆ هەبوو، کە میوانداری پەرلەمانتارانی دەکرد و خەڵکیش بە پەیوەندی تەلەفونی پرسیاری لە میوانەکان دەکرد، هەروەها بەرنامەی مایکی کراوە هەبوو، کە ئەمەش زۆررۆڵی هەبوو، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی، ئەم کەناڵە دوو ساڵ بەردەوام بوو، دواتر هەندێک پەرلەمانتار باوەڕیان بە سەرۆکایەتی هێنا، کە ئەم کەناڵە پارەی زۆری تێدەچێ بڕیاریاندا کەناڵە ئاسمانییەکە رابگرن، بۆ جێگرەوەی کەناڵە ئاسمانیەکە ڕاگەیاندنی پەرلەمان پرۆژەی کەناڵێکی ناوخۆی دیجیتاڵی، پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و مەشغوولبوونی پەرلەمان بە بابەتیتری، وەک سەرۆکایەتی هەرێم و دواتر لەخولی چوارەم دوو ساڵ پەرلەمان پەککرا، بۆیە پرۆژەکە نەچوە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لەسەرەتای خولی پێنجەمەوە جارێکیتر ئەو بیرۆکەیە پێشکەشکرایەوە و بە خۆشحاڵیەوە ئەم جارە پەسەندکرا ئێستا کەناڵی ناوخۆی پەرلەمان لەسەر پەخشی دیجیتاڵی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان تەنها لەکاتی جەلسەی پەرلەمانی پەخشی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات، لەخولی سێیەمەوە پەخشی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەڕاستەوخۆیی سەرەڕای پەخشکردنی لە کەناڵی پەرلەمان لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمان لە یوتیوب و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پەرلەمان دادەنرێ."[1]

سەبارەت بە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەوکاتەی پەرلەمان و پەککەوتنی پەرلەمان بۆماوەی دوو ساڵ، "پەخشی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمان و یوتیوب و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پەرلەمان دادەنرا و لەڕێگەی سەنتەری میدیاوە پەخشەکە دەدرا بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، ئەم خولەی پەرلەمان خاوەنی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی خۆی نەبوو کەناڵی ناوخۆیشی نەبوو." [2]

پەرلەمانی کوردستان ئێستا، لە خولی پێنجی پەرلەمانە، بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن ٢٧ کارمەندی هەیە، سەنتەرێکی میدیای هەیە، کە لەڕێگەیەوە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەدرێتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ هەوڵدەدات بە چەندین شێواز پەیامەکانیان بگەیەنن بە جەماوەر، ئێستا پەرلەمانی کوردستان خاوەنی "ماڵپەڕێکی تایبەتە کە لە (org)

---

[1] – تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

[2] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر

گۆڕاوە بە (krd)، کە تایبەتە بە دامەزراوە گرنگەکان، هەروەها کەناڵیکی (یوتیوب و تیوتەر)یشی هەیە، ئەمە جگە لە بوونی پەیجێکی فەیسبووک و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی، کە تایبەتە بە دانیشتنەکانی پەرلەمان و بەس کاتی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پەخشدەکات، لە میکس میدیاوە، کەناڵەکان لەوێوەوە دەتوانن دانیشتنەکانی پەرلەمان وەربگرن، یان لە سەنتەری میدیا (out put)ی پەرلەمان وەریبگرن."[1]

"ماڵپەڕەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە، لە چەند بەشی گرنگ پێکدێت، لەوانە کۆی ئەو یاسایانەی، کە پەرلەمان پەسەندیکردووە، بەپێی ساڵی دەرچوونیان ڕیزبەندی کراوە، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بڕیارەکانی پەرلەمان، هەروەها ناوی ئەندامانی هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی تێدایە، لە بەشی کاروباری پەرلەمان هەواڵەکانی سەرۆکایەتی و لیژنەکان و بەرنامەی کاری کۆبونەوەکان و بانگێشتی ئەندامان و ڤیدیۆی دانیشتنەکان و کۆنوس و ئامادەنەبوونی ئەندامانی تێدا پەخشکراوە، لەبەشی دەربارەی پەرلەمان مێژووی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن و خولەکانی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ دانراوە، لەبەشی پەیوەندی بانکی زانیاری و ژمارە تەلەفونی ئەندامان و پێگەکانی پەرلەمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دانراوە، ئەمە جگە لە بوونی ئایکۆنی تایبەت بە بینینی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئایکۆنی کتێبخانەی پەرلەمان و سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان ئەوەی، لەوەش گرنگتر ئایکۆنی گەڕانە بۆ زوو دۆزینەوەی بابەتی مەبەستدار لەناو ماڵپەڕەکەدا."[2]

"ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان جگە لە پەخشی دانیشتنەکان، ڕووماڵی دیدار و چالاکیەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات، ڕووماڵی کۆبونەوەکانی سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان دەکات، ئەمە جگە لە سەردان و میوانداریيەکانی لیژنە بەمەرجێک ئەو سەردان و پێشوازیانەی لیژنە سێ ئەندامی لیژنە ئامادەیان هەبووبێ، هەروەها ڕووماڵی سەرجەم چالاکی و سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنە لاوەکیەکانی ناو لیژنەکان دەکات، ئەمەش لەڕێگەی فۆڕمێکی تایبەت، کە سکرتێری لیژنەکان پێش ئەو چالاکی و کۆبونەوانە بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی لێ ئاگاداردەکاتەوە، ئەگەر لیژنەکان بچنە شار و شارۆچکەکان، بە تەنسیق لەگەڵ نووسینگەکانی پەرلەمان ڕووماڵی سەردانەکانیان بۆ دەکرێت."[3]

---

[1] – سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

[2] – سایتی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی سەردان لە ٢٠٢١/٥/٥.

[3] – سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

چالاکی لیژنەکان تەنها لە ماڵپەڕی پەرلەمان گرنگی پێدەدرێ و لە کەناڵەکانی تر زۆر گرنگی پێنادرێ "کەناڵە میدیاییەکان بە پلەی یەکەم گرنگیدەدەن بە ڕوماڵی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان، کەمتر گرنگیدەدەن بە ڕووماڵی کۆبوونەوەی لیژنەکان، چونکە لەلایەک لە ئیدارەی پەرلەمان ڕێکاری توندی هەیە بۆ چوونی میدیاکاران بۆ بەشـــداریکردنیان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان لەلایەکیتر میدیاکان خۆیان زۆر بە گرنگی لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ناڕوانن، تەنانەت لە سـەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنەکان بۆ سـەردانی وەزارەت و شـوێنەکانیتر زۆرجار نابێتە جێگەی بایەخی کەناڵەکان، ڕاگەیاندنی پەرلەمانیش ڕووماڵی چالاکیەکانی لیژنەکان تەنها وەک هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە، بەبێخســـتنەڕووی وردەکاری و بۆچوونی ئەندامـان و بۆچوونی فراکسیۆنەکان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان، بۆچوونە دژ و یەکەکان ناخرێتەڕوو، هەربۆیە زۆرجار پەرلەمانتارانی ئۆپۆزســیۆن هەندێک شـــتبڵاودەکەنەوە، وایپیشـــاندەدەن، کە ســـەرۆکی دامودەزگاکانی پەرلەمان فەشـــەلیان هێناوە لە خســتنەڕووی وێنەی ڕاســتەقینەی پەرلەمان بۆ جەماوەر."[1]، لەدونیادا ڕووماڵی کۆبوونەوە و گفتوگۆی لیژنەکان گرنگی زۆرپێدەدرێ، بەڵام لە پەرلەمانی کوردســـتان تەنها لە ماڵپەڕی پەرلەمان، وەک هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە، کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش زۆر بەکەمی بگرە بەدەگمەن گرنگی بە کۆبوونەوەی لیژنەکان دەدەن، "بۆیە ناتوانین بڵێین ڕووماڵی میدیایی لە پەرلەمانی کوردستان بووەتە هۆیی دروستکردنی ڕایگشتی تەنها لەو کاتانەدا نەبێ، کە ململانێی سیاسی هەیە، چونک دەنگی نارازی دەبێتە جێگەی بایەخی میدیاکان، بۆیە پێویســـتە بە ســـوودوەرگرتن لەو کەناڵە ، کە پەرلەمان هەیەتی (کە بەس کاتی دانیشتنەکان پەخشدەکات) بەکاربهێنین بۆ بوونی بە کەناڵێکی باشی پەرلەمانی و بەدواداچوونە پەرلەمانیەکان و پەخشـــکردنی کۆبوونەوەی لیژنەکان، چونکە لە هەموو پەرلەمانەکانی دونیا گفتوگۆ جدییەکان و ململانێکان لەســـەر یاســـاکان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکرێت، بەڵام لەکوردســـتان لەناو هۆڵی پەرلەمان دەکرێت، لەکاتێکدا پێویســـتە فراکســـیۆنەکان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە لیژنەکان سـیاسـەتی خۆیان بخەنەڕوو، بەڵام ئێسـتا سـەرەڕای نووسـینی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەلایەن ئەندامانی لیژنەکانەوە، بەڵام لەکاتی گفتوگۆی یاســـاکان ئەندامانی لیژنەکە زۆرتر لەناو هۆڵی پەرلەمان قسەی لەسەر دەکەن، کە خۆی پێویستە ئەو بۆچوونانە لە کۆبوونەوەی لیژنە بخەنەڕوو، ڕاگەیاندنی پەرلەمان پێویستە ڕۆڵی هەبێ لە پرۆسەی یاسادانان و دەرگایەکبێت بۆ بەشداریخەڵک لە پرۆسەی یاسادانان."[2]

---

[1] - بسام عبدالرحمن، المشاقبة، العلام برلماني والسياسي، سەرچاوەی پێشوو، ص 123

[2] - تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە چوار ڕێگەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ هاوڵاتیان و میدیاکاران فەراهەم کردووە:

١. "لەڕیگەی کەناڵی ناوخۆیی و Out putی پەرلەمانەوە.

٢. لەڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی لە یوتیوب.

٣. لەڕێگەی لایڤی پەیجی فەیسبووکەوە.

٤. لەڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی لە ماڵپەڕی پەرلەمانەوە."[1]

سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان (فوئاد ئەحمەد سلێمان) بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان دەڵێ "پەرلەمان و ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەموو ئەو هۆکارانەی دەستەبەرکردووە بۆئەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بگات بە جەماوەر، ئەگەر پەرلەمان جێگەی سەرنجی خەڵک نەبێ ئەوا هۆکارەکە پەرلەمان نیە، چونکە هەموو هۆیەکانی دەستگەیشتن بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوە و کارەکانی پەرلەمان فەراهەمکراوە، دانیشتنەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێت لە کەناڵی تەلەفزیۆنی، لەساڵی ٢٠٠٨ەوە هەموو دانیشتنەکان لە ماڵپەڕی پەرلەمان بە ڕاستەوخۆیی پەخشدەکرێت و تا ئێستاش بەردەوامە، چالاکی لیژنەکان و کۆڕ و کۆنفرانسی لیژنەکان و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان هەمووی لە ماڵپەڕ بڵاودەکرێتەوە، بەڵام تا چەند دەگاتە خەڵک ئەوە دەبێ بە توێژینەوە پێیبگەین، بەڵام ئە مانای ئەوە نییە پەرلەمان کەمکورتی نیە، چونکە تا ئێستا نەتوانراوە وەک پەرلەمانەکانی دونیا ڕووماڵی دانیشتنەکانی لیژنە بکات، چونکە مۆدێلی تازە لە دونیادا ئەوەیە، کە کۆبوونەوەی لیژنەکانەکان پەخشبکرێت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، چونکە مەتبەخی کارکردن و داڕشتنی یاساکان لەناو لیژنەکانە، ناوهۆڵی پەرلەمان تەنها بۆ دەنگدان و پەسەندکردنی یاساکان بەکاردەهێنرێت، گفتوگۆ جەوهەرییەکان لە لیژنەکان دەکرێ، بەڕاستی لیژنەکان زۆر ماندووئەبن، هەر ئەوە نییە کە خەڵک لەناوهۆڵی پەرلەمان و لەشاشەوە دەیبینێت، ماندووبوون و کارە جدییەکە لەناو لیژنەکان دەکرێت و بە ئامادەیی دێتە هۆڵی پەرلەمان، پەرلەمان پێویستی بە بڵاوکراوەی زیاتر هەیە بۆئەوەی بە سەرجەم چین وتوێژەکان بگات، پەرلەمان تا ئێستا هیچی بە زمانی منداڵ نیە، ڕێنیشاندەرێکی بە زمانی قانونی نییە، تا بە خوێندکارانی بەشی یاسای بدات، یان تایبەت بێ بە ڕاگەیاندنی پەرلەمان تا خوێندکارانی بوارەکە بزانن ڕاگەیاندنی پەرلەمان چۆن کاردەکات،

[1] -سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

تەنانەت کێشـــەمان لەناو پەرلەمانیش هەیە، کە نەتوانراوە بەیەکجار هەر ١١١ ئەندامەکەی پەرلەمان کۆبکرێتەوە، تا باســـی گرنگی ڕاگەیاندنی پەرلەمان و چۆنیەتی ســـوود وەرگرتنی ماڵپەڕەکەیان بۆ بکرێت، ئێمە وەک ســـەنتەری توێژینەوە لەســـەر ئاســـتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان و لیژنەکانیش داوامانکردوە بەڵام بەداخەوە نەکرا."[1]

## دووەم: پەیوەندی نێوان بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

لە پەرلەمانی کوردســـتان ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە چوارچێوەی بەڕێوبەرایەتیەک ڕێکخراوە، ئەم بەڕێوبەرایەتیە هەوڵدەدات لە ئاســـت بەرپرســـیارێتی پەرلەمان کارەکانی خۆیبکات، چونکە "پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، پەرلەمانی کردووەتە چەقی ململانێ سیاسییەکان ئەمەش وای کردووە ببێتە جێگەی بایەخی کەناڵەکان، بەو پێیەی پەرلەمان مەرجەعی بڕیاری ســـیاســـی چارەنوسساز و شوێنی بڕیار و یاساکانە و سەرچاوەی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئامادەکردن و دارشتنی یاساکانە لەلایەن لیژنەکانەوە و مەڵبەندی پەسەندکردنی بودجەیە، کە ســـەرچاوەی بژێری ژیانی خەڵکە، ئەمانەش وادەکات چالاکییەکانی پەرلەمان ببێتە جێگەی بایەخی خەڵک و میدیاکان، ئێستا زۆربەی پەرلەمانانی دونیا کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ســـیاســـەتی خۆی تێدا پەخشـــدەکات، بەڵام ئێســـتا بەهۆی ئەو بۆشـــاییەوە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەپێی سیاسەتی خۆیان ڕوماڵی دانیشتنەکان دەکەن، بەپێی دیدی خۆیان شیکار بۆ ڕووداوەکانی پەرلەمان دەکەن"[2]، پەیامنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرجار بەدرێژای کۆبونەوەکانی پەرلەمان لەناو بینای پەرلەمان دەمێننەوە،ئامادەن بۆ وەرگرتنی لێدوان و کۆنگرەیی ڕۆژنامەوانی فراکســـیۆنەکانی پەرلەمان، "دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ تۆماری ڕاســـتەوخۆی بەرنامەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەتوانن بچنە ناو بینای پەرلەمان، هەروەها بۆ وەرگرتنی لێدوانی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش دەچنە فراکسیۆنەکان، بەو پێیەی، کە ڕۆژانە نزیکەی ٥-١٥ ئەندامی پەرلەمان و بگرە زیاتریش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لێدواندەدەن، بۆیە پێویســـتە ئەندامانی پەرلەمان بچنە خوارەوە و لەبەردەم پرســـگەی دووەمی پەرلەمان لێدوانەکانبدەن، بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گروپێکی تێلیگرامیان هەیە، کە لەو ڕێگەیەوە کۆبوونەوە و چالاکی لیژنەکان و دانیشتن و بەرنامەی کاری

---

[1] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر

[2] – فوئاد ئەحمەد سلێمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر

کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیش دەگەیەنینە میدیاکاران، کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانیش دوایئەوەی، کە لە ماڵپەڕی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە بە ئیمێڵ دەینێرت بۆ هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکان"[1]، هاتنەناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پەیامنیری دەزگا نافەرمی و مۆڵەت پێنەدراوەکان و پەیجە ئەکرۆنیەکان نارەزای پەرلەمانتاران و پەیامنێری دەگا فرمیەکانی لێکەوتەوە، "بۆیە بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان لەڕۆژی ٢٠٢١/٤/٢٩ بە ڕەزامەندی دیوانی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا بە ڕێکخستنی کاری ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی، کە دێنە ناو بینای پەرلەمان لەبەر ڕۆشــنایی یاســا و ڕێنماییە بەرکارەکان و بەتایبەتی یاســای ژمارە ٣٥ی کاری ڕۆژنامەگەری، ڕێکخســـتـەوەکە بەجۆرێکە ،کە تەنها ڕێگە بەودەزگا ڕاگەیاندنانەی کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە دەدرێت، کە ئەمەش پشتدەبەستیت بە نوسراوی فەرمی مۆڵەتی کەناڵە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، و نوسراوی فەرمی سەندیکای ڕۆژنامەنوســـان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی، کە دەزگایی میدیایی ڕاســتەقینە جیابکرێتەوە لە پەیج و ئەکاونت و ســایتە فەیکەکان، ســەرەڕای ئەوەی ئەم ڕێکخســتنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاســانکاری زۆر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەموو قۆناغەکانی دارشــتنەوەی یاســاکان بکات، ســەرەڕای ئاســانکاریەکان دەزگاکان خۆیان ســەرپشــکن چۆن گرنگی بەم بابەتانە دەدەن و تا چەند بۆ خەڵکی دەیگوێزنەوە، یان نا! چونکە ماڵپەڕ و دەزگاکانی پەرلەمان ئەوەی مەبەســتی نەبێ ســەردانی ناکات وە پەخشــی تەلەفزیۆنەکەش تەنها لە کاتی جەلسەکانی پەرلەمانە" [2]

ســەبارەت بە کرانەوەی پەرلەمانی کوردســتان بەڕووی میدیاکاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان (تارق جەوهەر سارمەمی) ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەڵێت "بەپێی شــارەزایی و ســەردانکردنمان بۆ پەرلەمانانی دونیا بەتایبەتی پەرلەمانی بەریتانیا و کۆریا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و سویسرا و وڵاتانی عەرەبی و بەپێی نوسراو بەڵگە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی دونیا ئەو ڕێکارانەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان بەپێی ستاندارە جیهانیەکەیە، بگرە کراوەتریشــین و مەودای زیاتر بۆ میدیاکاران و میوانەکانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دراوە" [3]، هەر لەم بارەیەوە ( ســامان ئەحمد بەکر ) بەڕیوبەری ئیســتای ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەڵیت " ئەوەی لە توانا و دەســەڵاتی ئێمە بێت کردوومانە، وەک هەموو

[1] - سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

[2] –سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

[3] – تاریق جەوهەرسارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

ڕاگەیاندنی هەموو پەرلەمانی دونیا هەروا دەکەن، ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ڕۆژنامەوان و میدیاکاران لەزۆر شوێنی دونیا باشترە، لە پەرلەمانی عێراق بە دە ساڵیتریش ناتوانن وەک ئێمە ژینگەیەکی گونجاو بۆ میدیاکاران فەراهەم بکەن، زۆر هاوکاری میدیاکاران بووین لەوەی ئەندامی گونجاو و پسپۆڕیان بۆ دەستنیشان بکەین بەتایبەتی کەناڵە عەرەبیەکان بۆ وەرگرتنی لێدوان و چاوپێکەوتن"[1]

سەبارەت بە بوونی کادری تایبەتمەندیش دەڵێت: "پەیوەندیمان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر باشە و هەماهەنگی زۆر باشمان هەیە، بەشێوازێکی ئازادانە و بێ هیچ سانسۆر و فشارێک دێنە ناو پەرلەمان بۆ ڕوماڵ و چاوپێکەوتن و لێدوانیان لەگەڵ پەرلەمانتاران، بەڵام بەداخەوە بەشێک لە دەزگاکان ئەو کادرانەی دەینێرنە پەرلەمان شارەزای کاری پەرلەمان نین، پێویستە پەیڕەوی ناوخۆ بخوێننەوە و شارەزابن لە ناو لیژنە و فراکسیۆن و کارەکان و شێوازەکانی دانیشتن و کۆبوونەوەکان، نەشارەزایی بەشێکیان زۆرجار توشی کێشەمان لە گواستنەوەی زانیارییەکان دەکات، بۆ نموونە دەڵێت؛ پەرلەمان ١٦ لیژنەی هەیە لەکاتێکدا ١٩ لیژنەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەگەڵ سەنتەری توێژینەوە بەنیازبووین خولی تایبەت بۆ ئەو میدیاکارانە بکەینەوە، بەڵام بارودۆخی کۆرۆنا هاوکار نەبوو بۆ کردنەوەی ئەم خولە. "[2]

هەر لەم بارەیەوە بەپرسی سەنتەری توێژینەوە دەڵێت: "پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر باشە و هەمیشە هاوکار و هەماهەنگی باش لەنێوانیاندا هەیە، چەندینجار داوامانکردوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیامنێرەکانیان بۆ پەرلەمان دیاریبکەن تا خولی تایبەتیان بۆ بکەینەوە لەسەر پەرلەمان و شێوازی کارکردن و پەیڕەوی ناوخۆوە، بۆئەوەی تایبەتمەندی وەربگرن، لە خولی دووەمی پەرلەمان باجی تایبەتیمان بۆ سەرجەم ئەو میدیاکاران دەکرد، کە دەهاتنە ناو پەرلەمان، ئەوەی دەیبینم تەلەفزیۆنەکان بەخۆشحاڵیەوە چاویان لەسەر پەرلەمانە، بەڵام پێویستمان بەوەیە، کە بوارەکە باشتر ڕێکبخەین و گرنگی بە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری تایبەتمەندبدەین لە کارکردنی پەرلەمانیدا." [3]

"لە پەرلەمانەکانی دونیا میدیاکار و پەیامنێری کەناڵەکان پێویستە باجی تایبەتیان هەبێ بۆئەوەی بتوانین پەیامنێری تایبەتمەند و بەئەزموون لە ڕووماڵی پەرلەمانی دروست بکەین، لە پەرلەمانی

---

[1] - سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

[2] – سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

[3] – فوئاد ئەحمەد سلیمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر

کوردســـتان هەر لەســـەرەتای دامەزراندنی ڕاگەیاندنی پەرلەمانەوە تا ئێســـتاش میدیاکاران و پەیامنێرانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان باجیان هەیە و ناســـراون لەلای ڕاگەیاندنی پەرلەمان و هەر خولێک نوسـراوی تایبەت دەکرێ بۆ کەناڵەکان تا پەیامنێری خۆیان دەسـتنیشـان بکەن، ئێسـتا بەشـــێکی زۆر لە کەنـاڵەکـان بەتـایبەتی کەنـاڵە تەلەفزیۆنییە هەواڵییەکـان پـابەنـدن بەنـاردنی پەیامنێری تایبەتمەند بە پەرلەمان، کەناڵی وا هەیە یەک پەیامنێری دێت، کەناڵی وا هەیە چەند پەیامنێرێکی دێتە پەرلەمان، ئەمەش کارێکی زۆر باشـە چونکە پەیامنێری تایبەتمەند و شـارەزا دروســـتدەبن لەبواری ڕوماڵی پەرلەمانی."[1] لەزۆربەی وڵاتانی دونیاش پشـــت بە پەیامنێری بە ئەزموون و بەتەمەن دەبەسـتن بۆ ڕوماڵکردنی دانیشـتنەکانی کۆنگرێس و پەرلەمان "پەیامنێری کۆشـکی سـپی و پەرلەمانەکانی دونیا زیاتر ڕۆژنامەنووسـانی خاوەن ئەزموون و بەتەمەنن، کە کاری پەیامنێری لەو شوێنانە دەکەن، ئەوانە ستایلی ژیانیان جیایە و ئاشقی سیاسەتن و بیر و بۆچوونەکانیان زۆربەی جار ڕاســـت و بێلایەنانە و تەواو دەردەچێت، ئەو پەیامنێرانە جگە لە سیاسەت، شارەزاییان لە هونەری دیپلۆماتی هەیە".[2]

تێنەگەیشـــتن بۆ کاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی تەنها لەلایەن بەشـــێک لە میدیاکاران نییە بەڵکو گلەیی هەیە لەوەی، کە ئەندامانی پەرلەمانیش زۆر لەم بابەتە شـــارەزا نین "بەداخەوە ئەندامی پەرلەمان هەیە پەیج و ماڵپەڕ جیا ناکاتەوە، زۆرجار توشـــی کێشـــە دەبین دەڵێن بۆ هەواڵی لیژنەکەمان لە ماڵپەڕ بڵاونەبوەتەوە دواتر بەدواداچوونی بۆ دەکەین دەبینین مەبەســـتی پەیجی فەیسـبووکەکەیە، چونکە لە پێش هەمووی لە ماڵپەڕەکە بڵاویدەکەینەوە، ئەندامان زۆر پشـت بە ســۆشــیال میدیا دەبەســتن" [3] ، هەر لەم بارەیەوە بەرپرســی ســەنتەری توێژینەوە دەڵێت: "بەداخەوە بەشــێکی زۆر لە پەرلەمانتاران ماڵپەڕ و پەیجی ســۆشــیال میدیا لێک جیاناکانەوە، داوامانکردووە لە هەر لیژنەیەکی پەرلەمانی شـارەزایەکی تەکنەلۆژی هەبێ تا هاوکاری لیژنە و ئەندامانی لیژنەکە بکات بۆ سود وەرگرتن لە میدیا و تەکنەلۆژیا، بۆ ئاسان جێبەجێکردنی کاری لیژنەکان، ئێمە ئێســتا کار لەســەرئەوە دەکەین، کە جانتایەکی پەرلەمانی ئامادەبکەین بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان، کە شـــێوازەکەی یاســـا و چاودێری پەرلەمانی و پەیڕەوی ناوخۆ و بیرۆکەیەک لەسـەر ڕووداوەکانی پەرلەمان لەخۆبگرێت، تا کاندیدەکان سـوودی لێوەربگرن، ئەم دامەزراوەیە بە سـەرجەم بەش و بەڕێوبەرایەتیەکانیەوە و بەدیوانی پەرلەمانیشـەوە لە خزمەتی

[1] – تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

[2] – مەغدید سەپان، سەرچاوەی پێشوو، لا٧١.

[3] –سامان ئەحمەد بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان،چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە 2021/5/3، لە بینای پەرلەمان ، هەولێر، کاتژمێر 10

ئەندامانی پەرلەماندایە، بۆیە ئێمە وەک سەنتەری توێژینەوە پێش دەستپێکردنی خولی تازەی پەرلەمان سەرجەم بەش و بەڕێوبەرایەتیەکان بە بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنیشەوە ڕادەسپێرین، کە کورتەیەک لە شێوازی کارکردنیان ئامادەبکەن بۆ ئەندامانی نوێی پەرلەمان تا شارەزابن لە کاری پەرلەمانی، لەڕێگەی چەندین خولەوە بە بەشداری کەسانی پسپۆڕ و زۆرجار ئەو کەسانەش لەدەرەوەی کوردستان دەهێنین تا توانای مرۆیی ئەندامی پەرلەمان بەهێز بکەین و یارمەتییان بدەین لە شێوازی کاری پەرلەمانی لە پرۆسەی یاسادانان و چاودێریکردن و بودجە و چۆنیەتی کارکردنی لیژنەکانی پەرلەمان، لە خولی پێنجەمی پەرلەمان ئێمە لە قۆناغی کاندیدەکانەوە دەستمان پێکرد بە هاوکاری (NDI) ، چەندین خولمان بۆ کاندیدی حزبە سیاسییەکان کردەوە، کە باشترین کەسمان لە ئەندامانی پەرلەمان و ڕاوێژکارە قانونیەکان دیاریکرد بۆ وتنەوەی ئەو خولانە، کە دواتر لە فیدباکی خولەکە دەرئەنجامێکی باشمان دەستکەوت، خۆشبەختانە زۆربەی ئەوانەش، کە بەشداربوون دەرچوون و بوون بە ئەندامی پەرلەمان و ئێستاش بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێمە ئەوانەی، کە بەشداری خولەکانیان کردبوو ئەدای کارکردنی پەرلەمانیان زۆر جیاوازترە لەوانیتر و کارەکان زۆر بە بەپرسیاری و بە ئەکادیمی دەکەن. ئێمە زۆرجار کێشەمان لەگەڵ بەشێک لە ئەندامی پەرلەمان هەیە، کە شارەزا نیە لە ڕۆشنبیری پەرلەمانی، کە من پێموایە، ئەمە سەرەڕای کێشەمەکێشی سیاسی و بارودۆخی سیاسی لە کوردستان، بەشێکی پەیوەندی بە پەرلەمان خۆیەوە هەیە، کە باش کار و ئەرکی پەرلەمانی بە خەڵک نەگەیاندووە، چونکە پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان جگە لە موچەکەی، کە بەیاسا ڕێکخراوە هیچیتری نیە، تەنانەت دەسەڵاتی سەرفکردنی یەک دنیاریشی نیە، مافی جێبەجێکردنی هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریشی نیە، هیچ گەندەڵیەکی دارایی نایەتە سەر پەرلەمانتار، بەداخەوە ئەمە نەچوەتە ناو خەڵک، خەڵک کێشەی لەگەڵ حکومەت هەیە دێتە بەردەم پەرلەمان، چونکە نازانێ لەوەی کاری پەرلەمان چیە! بۆیە هەمیشە گلەیی لە پەرلەمانتار دەکرێ، من ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە، کە لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کاندیدەکان بەڵێنی زۆر و سەیردەدەن بە جەماوەر لەپێناو دەرچوونیان." [1]

پێویستە ڕاگەیاندنی پەرلەمان سود لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان وەربگرێت بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان "هەر کەناڵێک سیاسەتی تایبەت بەخۆی هەیە لە دیدی خۆیەوە ڕووماڵی ڕووداوەکان و پرسەکانی ناو پەرلەمان دەکات، پێویستە پەرلەمان دەرگای بەڕووی هەموو کەناڵ و میدیاکاندا کراوەبێت، ئەگەر میدیاکە ئەلیکترۆنی بێت، یان تەقلیدی، دەبێ پەیوەندی لەگەڵ دەزگاکان باش بێت ،لەو قۆناغەدا پێویستە ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەگەڵ

[1] – فوئاد ئەحمەد سلیمان، ڕاوێژکار و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی مەیدانی لە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، لە بینای پەرلەمان لە هەولێر

میدیاکان هەمیشە لە سەرخەتین، نابێت مۆبایلی بەرووی میداکاران داخراو بێت، دەبێت لە پرسە هەنوکەیی و سیاسییە هەستیارەکاندا پەیامی ڕوون و ڕاشکاو و پوختی هەبێت، کە تەعبیر لە سیاسەتی پەرلەمان بۆئەو پرسە بکات، ئێستا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەناو پەرلەمان زۆرە، بەڵام ئەمانە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانە، یان هی لیژنەکانە، یان هی پەرلەمانتارە ئەمانە هیچی تەعبیر لە خیتابی سیاسی پەرلەمان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان ناکات، بۆیە پەرلە مانیش وەک پەرلە ماذتار حەقی ئەوەی هەیە بیروبۆچوونی خۆی بخاتەڕوو، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە تەنها کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی فراکسیۆنەکانە، یان پەرلەمانتارانە، کە زۆربەی پەرلەمانتاران لەبەرئەوەی ئێستا پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکان دە خولەک دواتر دەست پێدەکات، پەلەیانە و دوای قسەکانیان لە دانیشتنەکە خێرا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەکەن، ئەمەش لە زۆربەی پەرلەمانانی دونیا پەیڕەو دەکرێت بۆ ڕێگریکردن لە پەخشبوونی گرژییەکانی ناو پەرلەمان، کە پێیانوایە پەخشبوونی شەڕە بۆکس و شەڕە کورسی و گرژییەکان دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی پەرلەمان و شکۆی پەرلەمان لەناو خەڵکدا. "[1] پەرلەمانتارانی کوردستان زیاتر پشت بە میدیای ئەلکترۆنی دەبەستن،زۆرجار چالاکیەکانیان لە سۆشیال میدیا زۆرترە تاکو لە ناو پەرلەمان، هەرچەندە ئەمڕۆ میدیای ئەلیکترۆنی شوێنی میدیای تەقلیدی گرتووەتەوە، بۆیە زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکان زیاتر پشت بە میدیای ئەلیکترۆنی دەبەستن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە جەماوەر.بەڵام بەم گرنگی پێدانەی پەرلەمانتاران بە سۆشیال میدیا لە ئاستێکی بەرزدایە.

---

[1] - تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، چاوپێکەوتنی مەیدانی، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمان.

# بەشی چوارەم:

# چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

فۆڕمی ڕاپرسی یەکەم :تایبەت بە پەرلەمانتاران

فۆڕمی ڕاپرسی دووەم: تایبەت بە پەیامنێران

دەرئەنجام

ڕاسپاردە

پێشنیار

# بەشی چوارەم:چوارچیوەی مەیدانی توێژینەوەکە:

## فۆرمی راپرسی یەکەم: تایبەت بە پەرلەمانتاران

### یەکەم: أ- تایبەتمەندی دیمۆگرافی: خشتەی (1)

تایبەتمەندی دیمۆگرافی پەرلەمانتاران

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی پەرلەمانتاران | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 70 | ٪71.4 |
| | مێ | 28 | ٪28.6 |
| | کۆ | 98 | ٪100 |
| تەمەن | 25-34 ساڵ | 22 | ٪22.4 |
| | 35-44 ساڵ | 36 | ٪36.7 |
| | 45-54 ساڵ | 26 | ٪26.5 |
| | 55 بەرەوژوور | 14 | ٪14.3 |
| | کۆ | 98 | 100.0 |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 7 | ٪7.1 |
| | دبلۆم | 14 | ٪14.3 |
| | بەکالۆریۆس | 49 | ٪50.0 |
| | دبلۆمی باڵا | 1 | ٪1.0 |
| | ماستەر | 19 | ٪19.4 |
| | دکتۆرا | 8 | ٪8.2 |
| | کۆ | 98 | 100.0 |
| لایەنی سیاسی | سەربەخۆ | 3 | ٪3.1 |
| | کۆمەڵی دادگەری | 6 | ٪6.1 |
| | پارتی | 44 | ٪44.9 |
| | یەکێتی | 19 | ٪19.4 |
| | گۆڕان | 10 | ٪10.2 |
| | پێکهاتەکان | 9 | ٪9.2 |
| | نەوەی نوێ | 2 | ٪2.0 |
| | یەکگرتوو | 4 | ٪4.1 |
| | ئازادی | 1 | ٪1.0 |
| | سەردەم | 0 | 0 |
| | کۆ | 98 | 100.0 |

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە خشـــتەی (١) خراوەتەڕوو،کە تایبەتە بە تایبەتمەندی دیمۆگرافی پـەرلـەمنتـاران، ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (71.4٪) بەپلەی یەکەم دێت، ڕەگەزی مێینەش ڕێژەی (28،6٪)ی پێکهێناوە و بەپلەی دووەم دێت، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرلەمانتاران زۆرینەیان ڕەگەزی نێرن و لەکۆی 111 ئەندامی پەرلەمانی 34 ئەندامی پەرلەمان ژنن، کە بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان ڕێژەی ژنان لەناو پەرلەمان بە 30٪ دیاریکراوە.

هەروەها ڕێژەی (36.7٪) پەرلەمانتاران تەمەنیان لەنێوان (35–44) ساڵیدایە و پلەی یەکەم لە سـامپڵەکە جێگیر دەکەن، وە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (45–54) ساڵیدایە بەپلەی دووەم دێن بەڕێژەی (26.5٪)، پلەی سێیەمیش ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (25–34) ساڵیدان بە ڕێژەی (22.4٪)، هەروەها ئەوانەی کە تەمەنیـان لە (٥٥ ســـاڵ بەرەوژوور) ڕێژەی (14.3)ن و لە ڕیزبەندی کۆتاییدایە، بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی پەرلەمانتاران تەمەنیان لەنێوان (٣٥–٤٤) ساڵیدایە.

بەســـەرنجدان لە خشـتەکە دەردەکەوێت ،کە زۆرینەی پەرلەمانتاران بڕوانامەی بەکالۆرۆسـیان هەیە بە پلەی یەکەم بەڕێژەی (٥٠٪)، وە هەڵگرانی بڕوانامەی ماســتەر ڕیزبەندی دووەم جێگیر دەکەن بە ڕێژەی (١٩,٤٪)، ئەوانەشـــی بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە ڕێژەی (١٤,٣٪) پێکدەهێنن بە ڕیزبەندی سـێیەم، هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراش بە ڕیزبەندی چوارەم و بەڕێژەی (٨,٢٪) دێن، ئەوانەشـــی بڕوانـامەی ئـامـادەییـان هەیە ڕێژەی (٧,١٪) و لە ڕیزبەنـدی پێنجەمن، هەروەهـا هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە ڕیزبەندی کۆتاییە بە ڕێژەی (١,٠٪) دێت. ئەمەش مانای وایە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردســـتان زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەکالۆریۆســـن و ئەمەش مانای وایە، کە حزب و لایەنە سیاسییەکان کەسانەی خاوەن بڕوانامە دەنێرنە پەرلەمان.

بۆلایەنی ســـیاســـی پەرلەمانتاران، حزبی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بە ڕیزبەندی یەکەم و بەڕێژەی (٤٤,٩٪) دێت، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ڕیزبەندی دووەم و بە ڕێژەی (١٩,٤٪) دێت، حزبی بزوتنەوەی گۆڕانیش بە پلەی سـێیەم و بەڕێژەی (١٠,٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکەن، پێکهـاتەکـانی نـاو پەرلەمـانیش ڕێژەی (٩,٢٪) ڕیزبەنـدی چوارەم دێن، کۆمەڵەی دادگەریش بە ڕیزبەندی پێنجەم بەڕێژەی (٦,١٪) دێت، یەکگرتوی ئیســـلامی کوردســـتان بەڕێژەی (٤,١٪) ڕیزبەندی شـــەشـــەم دیاری دەکات، ســـەربەخۆکانی پەرلەمانیش بەڕێژەی (٣,١٪) ڕیزبەندی حەوتەمن و نەوەی نوێ بەڕێژەی (٢,٠٪) ڕیزبەندی هەشـتەمن و فراکسـیۆنی ئازادیش بەڕێژەی (١,٠٪) لەڕیزبەندی نۆیەم و لیســـتی ســـەردەمیش (0%) ڕیزبەندی کۆتایین ، بەپێی ژمارەی کورسـییەکانی پەرلەمان فراکسـیۆنی پارتی زۆرترین ژمارەی کورسـیان هەیە، کە ٤٥ کورسـی پەرلەمانیە وە ئاســـتی وەڵامدانەوەی فراکســـیۆنەکەشـــیان بۆ ئەم ڕاپرســـیە زۆرترینی ناو ســـامپڵەکەیە، فراکســیۆنی یەکێتی دووەم گەورەترین کوتلەی پەرلەمانیە بۆیە لێرەش ڕیزبەندی دووەمی سامپڵەکەی دیاریکردووە.

**ب- ڕادەی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە میدیا:**

خشتەی (2)

ڕادەی بەرکەوتنی پەرلەمانتاران بە میدیا

| لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرە | % | چ | کاتەکانی بەرکەوتن | ناونیشانی برگە | تەوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.894 | 2.60 | 12.2 | 12 | کەمتر لە ١ | ڕادەی بەرکەوتنی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان. | یەکەم |
| | | 30.6 | 30 | ١---٢ | | |
| | | 41.8 | 41 | ٢---٤ | | |
| | | 15.3 | 15 | ٤ بەرەوژوور | | |
| 0.701 | 1.77 | 36.7 | 36 | کەمتر لە ١ | ڕادەی بەرکەوتنی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان بە سۆشیاڵ میدیا | دووەم |
| | | 52.0 | 51 | ١---٢ | | |
| | | 9.2 | 9 | ٢---٤ | | |
| | | 2.0 | 2 | ٤ بەرەوژوور | | |

ئەوەی لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو ڕادەی بەرکەوتنی ڕۆژانەی پەرلەمانتارانە بە میدیا (کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان و سۆشیاڵ میدیا) کە بەڕێژەی (٤١,٨٪)ی نمونەی سامپڵەکەی بە ڕیزبەندی یەکەم (٢-٤ کاتژمێر) ڕۆژانە سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن، بە ڕیزبەندی دووەم بەڕێژەی (٣٠,٦٪) ڕۆژانە (١-٢ کاتژمێر) بەرکەوتنیان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان هەیە، بەڕیزبەندی سێیەم و بەڕێژەی (١٥,٣٪)ی سامپڵەکە زیاتر لە (٤ کاتژمێر) بەرکەوتنیان بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان هەیە، لە ڕیزبەندی کۆتاییشدا و ئەوانەی کە (کەمتر لە ١ کاتژمێر) سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن ڕێژەکەیان (١٢,٢٪)ە.

بەڵام بۆ ڕادەی بەرکەوتنیان بە سۆشیال میدیا یان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەڕێژەی (٥٢,٠٪) ڕۆژانە (١-٢ کاتژمێر) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕیزبەندی یەکەم دیاری دەکات، ئەوانەی ڕۆژانە (کەمتر لە ١ کاتژمێر) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بە ڕیزبەندی دووەم دێن بە ڕێژەی (٣٦٠٧٪)، ئەوانەشی (٢-٤) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن لە ڕیزبەندی سێیەم بە ڕێژەی (٩,٢٪)دێن، لە ڕیزبەندی کۆتایشدا بەڕێژەی (٢,٠٪) ئەوانەن کە ڕۆژانە (زیاتر لە ٤ کاتژمێر) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پەرلەمانتاران زیاتر ســەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن وەک لە ســـۆشـــیال میدیا، ئەگەر (٢-٤) کاتژمێر بە نموونە وەربگرین ئەوان (٤١,٨٪)ی پەرلەمانتاران ئەوکاتە ســەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا (٩,٢٪) ســەیری ســۆشــیال میدیا دەکەن، ئەمەش مانایوایە کە پەرلەمانتاران بە بایەخەوە گرنگی بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەدەن و بەسەرچاوەی پشتپێبەستنی هەواڵ و زانیارییەکانی دادەنێن.

## دووەم : پرسیاری توێژینەوەکە:

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان

خشتەی (3)

ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١. پێدانی زانیاری پێویست بەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکان سەبارەت بە یاسا و بڕیارەکان | 5 | 5.1 | 18 | 18.4 | 35 | 35.7 | 30 | 30.6 | 10 | 10.2 | 2.78 | 3 | هەندێکجار |
| 2- هەوڵدان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکان بە هاوڵاتیان | 4 | 4.1 | 18 | 18.4 | 29 | 29.6 | 34 | 34.7 | 13 | 13.3 | 2.65 | 4 | هەندێکجار |
| 3-سود لێبینینی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ گواستنەوەی کارو چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر. | 15 | 15.3 | 25 | 25.5 | 28 | 28.6 | 25 | 25.5 | 5 | 5.1 | 3.20 | 2 | هەندێکجار |
| 4 – بونی ململانێ سیاسیەکان و سیاسەتی کەناڵەکان لە گەیشتن و ناساندنی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریارەکان | 26 | 26.5 | 37 | 37.8 | 21 | 21.4 | 11 | 11.2 | 3 | 3.1 | 3.73 | 1 | زۆرجار |
| 5-ماڵپەڕی پەرلەمان بووەتە تاکە سەرچاوە بۆ ناساندنی یاساوبڕیارەکان. | 8 | 8.2 | 11 | 11.2 | 30 | 30.6 | 34 | 34.7 | 15 | 15.3 | 2.62 | 5 | هەندێکجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.99 | | هەندێکجار |

ئەوەی لە خشـتەی ژمارە(3)دا ڕوونکراوەتەوە، بڕگەکانی تەوەری یەکەمە، کە (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا) دەخاتەڕوو، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم وەک لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم (٣٥,٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکە (هەندێکجار)، وە بە پلەی دووەم، لە (٣٠,٦%)ی نموونەکە (کەمجار)، بە پلەی ســـێیەم (زۆرجار) و بە پلەی چوارەم (هەرگیز) و لەکۆتایشـــدا (هەمیشـــە)، پێیانوایە ،کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان توانیویەتی زانیاری پێویست بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکان بدەن،

سەبارەی بە بڕگەی دووەم: بە پلەی یەکەم (کەمجار) بە ڕێژەی (٣٤,٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکە و بەپلەی دووەم (هەنـدێکجـار) بەڕێژەی (٢٩,٦٪)و، (زۆرجـار) بە ڕێژەی (١٨,٤٪) لە پلەی سێیەمدایە و پلەی چوارەمیش (هەرگیز) بە ڕێژەی (١٣,٣٪)ە، لە کۆتایشدا (هەمیشە) بە ڕێژەی (٤,١٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەوڵی بۆ ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمان داوە.

سـەبارەت بە بڕگەی سێیەم: بە پلەی یەکەم هەڵبژاردەی (هەندێکجار) بە ڕێژەی (٢٨,٦٪) دێت و بەپلەی دووەم هەردوو بژاردەی( زۆرجار) و (کەمجار) بەڕێژەی (٢٥,٥٪) دێت، دواتر بەڕێژەی (١٥,٣٪) (هەمیشــە) و لەکۆتایشــدا بژاردەی (هەرگیز) بە ڕێژەی (٥,١٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە، کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان توانیویانە ســوود لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکییەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر وەربگرن.

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم: کە باس لە ڕۆڵی ململانێ سیاسییەکان دەکات و بە پلەی یەکەم و دووەم بەڕێژەی (٣٧,٨٪) زۆرجـار و بەڕێژەی (٢٦,٥٪) هەمیشـــە پێیـانوایـە، کە ململانێ سـیاسـییەکان و سـیاسـەتی کەناڵەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان لە گەیشـتن و ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانی پەرلەمان بە جەماوەر هەبووە.

ســـەبـارەت بە بڕگەی پێنجەم: بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (٣٤,٧)ی پەرلەمـانتـاران (کەمجـار) پێیانوایە، کە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردســـتان بووەتە تاکە ســـەرچاوەی ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمان و دواتر (هەندێکجار) بەڕێژەی (٣٠,٦٪) هەمان ڕایان هەیە، (١٥,٣٪)یش پێیانوایە (هەرگیز) ماڵپەڕی پەرلەمان ئەو ڕۆڵەی نەبووە.

بەشـــێوەیەکی گشـــتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان لە ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکاندا) بە کۆی گشـــتی ناوەندە ژمێرەی (٢،٩٩) و بە پێوەری لیکارد، (هەندێکجار) ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردسـتان ڕۆڵ دەگێڕێت لە ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکاندا، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت، کە بڕگەی چوارەم بە ناوەندە ژمێرەی (٣,٧٣) لەڕیزبەندی یەکەمدایە کە پێیانوایە زۆرجار ململانێ سـیاسـیەکان و سـیاسـەتی کەناڵەکان ڕێگربوونە لە ناساندن و گەیشتنی پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان بە جەماوەر.

پاشان بڕگەی سێیەم بە ناوەندە ژمێرەی (٣,٢٠) لە ڕیزبەندی دوەمدایە، کە پێیانوایە هەندێکجار کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان توانیویانە سوود لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر وەربگرن.

دواتر بڕگەی یەکەم بە ڕیزبەندی سێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (٢,٧٨) دێت، کە پێیانوایە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجارزانیاری پێویست بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان سەبارەت بە یاسا و بڕیارەکان دەدات.

ڕیزبەندی چوارەمیش بڕگەی دووەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (٢،٦٥)، کە پێیانوایە هەندێکجار راگەیاندنی پەرلەمان هەوڵی ناساندنی یاسا و بڕیارەکان دەدات.

وە ڕیزبەندی کۆتاییش بڕگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە، بە ناوەندە ژمێرە (٢،٦٢) پێیانوایە، ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار بووەتە تاکە سەرچاوەی ناساندنی یاسا و بڕیارەکان.

## تەوەری دووەم: توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

خشتەی (4)

توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

| بڕگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1 – سوودی توانا پیشەیی وتەکنیکیە کانی بۆ بەدواداچوونە پەرلەمانییەکان | 3 | 3.1 | 13 | 13.3 | 25 | 25.5 | 44 | 44.9 | 13 | 13.9 | 2.48 | 3 | کەمجار |
| 2- بێلایەن و هاوسەنگی بەرامبەر پەرلەمانتاران | 12 | 12.2 | 18 | 18.4 | 26 | 26.5 | 26 | 26.5 | 16 | 16.3 | 2.84 | 2 | هەندێکجار |
| 3-بە یەکسانی ڕوماڵ کردنی چالاکی لیژنەکان | 20 | 20.4 | 30 | 30.6 | 31 | 31.6 | 11 | 11.2 | 6 | 6.1 | 3.48 | 1 | زۆرجار |
| 4 – ئاستی توانا تەکنیکی و هونەریەکان بۆ پەرلەمانین | 4 | 4.1 | 13 | 13.3 | 31 | 31.6 | 26 | 26.5 | 24 | 24.5 | 2.46 | 4 | کەمجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.81 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتە ڕوو پرسیارەکانی تەوەری دووەمە،کە تایبەتە بە (توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان) سەبارەت بە بڕگەکانیش:

بڕگەی یەکەم: وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (٤٤،٩٪)ی پەرلەمانتاران پێیانوایە (کەمجار) توانا پیشەیی و تەکنیکیەکانی پەرلەمان سوودی بۆ بەدواداچوونە پەرلەمانییەکان هەبووە، دوای ئەوان بەڕێژەی (٢٥،٥٪)بەبژاردەی (هەندێکجار) و بەڕێژەی (١٣،٩٪)یش (هەرگیز) هەمان ڕایان هەیە.

بڕگەی دووەم: بەڕێژەی (٢٦،٥%) (هەندێکجار) و (کەمجار) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان بێلایەن و هاوسەنگ بووە لەبەرامبەریاندا، بەڕێژەی (١٨،٤٪) بە (زۆرجار) و بەڕێژەی (١٢،٢٪)

(هەمیشـــە) پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان بێلایەن و هاوســەنگە، هەروەها بەرێژەی (١٦،٣٪)ی پەرلەمانتاران پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان (هەرگیز) هاوسەنگ و بێلایەن نەبووە.

بڕگەی ســـێیەم: بەرێژەی (٣٠،٦٪) (هەندێکجار) و بەرێژەی (٣٠،٦٪) (زۆرجار) و بەرێژەی (٢٠،٤٪) (هەمیشــە) پێیان وابووە ، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان بەیەکســانی ڕووماڵی چالاکی لیژنەکان دەکات.

بڕگەی چوارەم: بەرێژەی (٣١،٦٪) (هەنـدێکجـار) و بەرێژەی (٢٦،٥٪) (کەمجـار) و بەرێژەی (٢٤،٥٪) (هەرگیز) پێیانوایە، کە توانا تەکنیکی و هونەرییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەئاســـت کاری پەرلەمانی نین.

بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (توانا پیشەییەکانی راگەیاندنی پەرلەمان) بەکۆی گشـــتی ناوەندە ژمێرەی (٢،٨١) و بەپێوەری لیکارد، پەرلەمانتاران پێیانوایە، کە هەندێکجار لە توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان ڕازین.

بەڵام لە وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت، کە بڕگەی ســێیەم بە ناوەندە ژمێرەی (٣،٤٨) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان زۆرجار بە یەکسانی ڕوماڵی چالاکی لیژنەکانی دەکات.

پاشــان بڕگەی دووەم بە ناوەندە ژمێرە (٢،٨٤) لە ڕیزبەندی دووەمدایە، کە پێیانوایە ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەندێکجار بێلایەن و هاوسەنگە بەرامبەر پەرلەمانتاران.

دواتر بڕگەی یەکەم بە ڕیزبەندی ســـێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (٢،٤٨) دێت،کە پێیانوایە، توانا پیشــەیی و تەکنیکییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان کەمجار ســوودی بۆ بەدواداچوونە پەرلەمانیەکانیان هەبووە، وە ڕیزبەندی چوارەمیش بڕگەی چوارەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (٢،٤٦) کە پێیانوایە، کەمجارتوانا تەکنیکی و هونەریەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەئاستی کاری پەرلەمانین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشـتوون توانا پیشــەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان بۆ کاری پەرلەمانی لە ئاسـت پێویســـتدا نین، پەرلەمـانتـاران لە ئەدا و کـاری ڕاگەیـاندنی پەرلەمـان ڕازینین، پێیـانوایە، کە بەرامبەر پەرلەمانتاران بێلایەن و هاوسەنگنیین.

## تەوەری سێیەم: توانا پەیوەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

خشتەی (5)

توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

| بڕگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1 – توانای ڕوماڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان وکۆبونەوەی لیژنەکان | 24 | 24.5 | 28 | 28.6 | 31 | 31.6 | 9 | 9.2 | 6 | 6.1 | 3.56 | 1 | زۆرجار |
| ٢ –یەکسانی مامەڵە کردنی لە هەماهەنگی لەگەڵ،تەلەفزیۆنیەکان | 13 | 13.3 | 21 | 21.4 | 22 | 22.4 | 26 | 26.5 | 16 | 16.3 | 2.89 | 3 | هەندێکجار |
| ٣ - بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان و کۆبونەوەی لیژنەکان | 12 | 12.2 | 26 | 26.5 | 20 | 20.4 | 22 | 22.4 | 18 | 18.4 | 2.92 | 2 | هەندێکجار |
| ٤ – گواستنەوەی کۆبونەوەی لیژنەکان لەسەر گفتوگۆ و دارشتنی یاسا و بڕیارەکان | 5 | 5.1 | 10 | 10.2 | 25 | 25.5 | 28 | 28.6 | 30 | 30.6 | 2.31 | 4 | کەمجار |
| ٥–توانای دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەربی وبیانیەکان بۆ گواستنەوەی چالاکیەکانی پەرلەمان | 2 | 2.0 | 13 | 13.3 | 11 | 11.2 | 28 | 28.6 | 44 | 44.9 | 1.99 | 5 | کەمجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.73 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (5)دا خراوەتەڕوو دەرخستنی ئاستی (توانا پەیوەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان)ە. سەبارەت بە بڕگەکانیش:

بڕگەی یەکەم: پەرلەمانتاران بە ڕێژەی (31.6%) (هەندێکجار) و بەڕێژەی (28.6%) (زۆرجار) و ڕێژەی (24.5%) بە (هەمیشە) پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی ڕوماڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بکات.

بڕگەی دووەم: بە ڕێژەی (26.5%) (کەمجار) و بەڕێژەی (21.4%) (زۆرجار) و (هەندێکجار)یش بەڕێژەی (21.4%) پێیانوایە ،کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی یەکسان مامەڵە لە هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕاگەیاندنەکانی تر بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی پەرلەمان دەکات، بەڕێژەی(16.3%) بە(هەرگیز) و ڕێژەی (13.3%) بە (هەمیشە) هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی سێیەم: بە پلەی یەکەم لە (26.5%) پەرلەمانتاران (زۆرجار) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان کار و چالاکیەکانی ناوهۆڵی پەرلەمان و کۆبونەوەی لیژنەکان تەنها وەک هەواڵێک بڵاودەکاتەوە و شیکاری و زانیارییەکان بۆ هاوڵاتیان ناخرێتەڕوو ، لە (22.4%)(کەمجار) و (20.4%)بە (هەندێکجار) و بەڕێژەی (18.4%) بە (هەرگیز) و (20.2%) بە (هەمیشە) هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی چوارەم: بە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم پەرلەمانتاران بە ڕێژەکانی (30.6%) (هەرگیز)، (28.6%)(کەمجار)، (25.5%)(هەندێکجار)، پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وردەکاری کاری کۆبونەوەی لیژنەکان لەسەر گفتوگۆ و دارشتنی یاسا و بڕیارەکان بۆ هاوڵاتیان دەگوێزێتەوە، (زۆرجار) بە پلەی چوارەم و (هەمیشە) بە پلەی پێنجەم هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی پێنجەم: کەتایبەتە بە هەماهەنگی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە بیانی و عەرەبیەکان بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (44.9%)ی پەرلەمانتاران پێیانوایە، کە هەرگیز ڕاگەیاندنی پەرلەمان نەیتوانیوە ئەو هەماهەنگیە دروستبکات، بە پلەی دووەم و بەڕێژەی (28.6%) بەبژاردەی (کەمجار) هەمانڕایان هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (2.73) و بە پێوەری ( لیکارد)، دەگەینە ئەو ئەنجامەی،کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار توانیویەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی تر ڕێکبخات و هەماهەنگی لە نێوانیان دروستبکات.

بەڵام بۆ وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت کە بڕگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی (3.56) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، زۆرجار ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان توانیویەتی ڕوماڵی دانیشتنەکان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بکات.

پاشـــان بڕگەی ســـێیەم بە ناوەندە ژمێرەی (2.92) لە ڕیزبەندی دووەمدایە، کە پێیانوایە هەندێکجار، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان کۆبوونەوەی لیژنەکان و کار و چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان تەنها وەک هەواڵێک بڵاودەکاتەوە و شـــیکاری و زانیارییەکان بۆ هاوڵاتیان ناخاتەڕوو.

دواتر بڕگەی دووەم بە ڕیزبەندی ســـێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (2.89) دێت، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان هەندێکجار بە یەکســـانی هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی پەرلەمان دەکات.

ڕیزبەندی چوارەمیش بڕگەی چوارەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (2.31)، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان کەمجار وردەکاری کاری پەرلەمانی و کۆبونەوەی لیژنەکان لەسەر گفتوگۆ و داڕشتنی یاسا و بڕیارەکان بۆ هاوڵاتیان دەگوێزێتەوە.

ڕیزبەندی کۆتاییش بڕگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە، کە بەناوەندە ژمێرەی (1.99) پێیانوایە، کەمجار ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان توانیویەتی هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەرەبی و بیانییەکان بۆ گواستنەوەی چالاکیەکانی پەرلەمان دروستبکات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەبەشـــێوەیەکی گشـــتی و بەپێی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشـــتووین پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان لە ئاســـتی پێویســـتدانین و هەماهەنگیەکانیان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان تاڕادەیەک باشـــە و هەماهەنگیەکانیشـــی لەگەڵ کەناڵە عەرەبی و بیانییەکان لە ئاســـتێکی خراپدایە، هەروەها زانیاری پێویســـت لەســـەر گفتوگۆ و داڕشـــتنی یاســـاکان بۆ جەماوەر ناخاتەڕوو، نەشـــیتوانیوە وەک پێویســـت ســـوود لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ئەم مەبەســـتە وەربگرێت، ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئەرکی خۆی تەنها لە پەخشـــکردنی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی لیژنەکان وەک هەواڵێک چڕکردۆتەوە.

## تەوەری چوارەم :ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران

خشتە (6)

ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران

| بڕگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١- بوە بە سەرچاوەی زانیاری بۆپەرلەمانتاران | 4 | 4.1 | 6 | 6.1 | 18 | 18.4 | 34 | 34.7 | 36 | 36.7 | 2.06 | 2 | کەمجار |
| ٢ هاوکارە لە بەخشینی داتا و زانیاری | 7 | 7.1 | 17 | 17.3 | 22 | 22.4 | 32 | 32.7 | 20 | 20.4 | 2.58 | 1 | کەمجار |
| ٣-بوەتە پردێکی نێوان پەرلەمنتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | 4 | 4.1 | 9 | 9.2 | 13 | 13.3 | 25 | 25.5 | 47 | 48.0 | 1.96 | 4 | کەمجار |
| ٤-توانیویەتی رایەکی گشتی ئەرێنی دروست بکات لەناوخەڵکدا | 1 | 1.9 | 10 | 10.2 | 17 | 17.3 | 27 | 27.6 | 43 | 43.9 | 1.97 | 3 | کەمجار |
| ٥ – بوەتە هۆی گۆڕین یان دەستکاری کردنی ئەو بڕگە و مادانەی کە خەڵک ڕایان لەسەر نیە | 1 | 1.0 | 7 | 7.1 | 13 | 13.3 | 26 | 26.5 | 51 | 52.0 | 1.79 | 5 | هەرگیز |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.07 | کەمجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (6) دا ڕوونکراوەتەوە بڕگەکانی تەوەری چوارەمە، کە (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەخشینی داتا و زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران) دەخاتەڕوو.

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم: وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم (36.7%)ی نمونەی توێژینەوەکە بە(هەرگیز)، بەپلەی دووەم ولە(34.7%)ی نمونەکە(کەمجار) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بووەتە سەرچاوەی زانیاریەکان بۆ بەدواداچوونەکانیان. بەپلەی سێیەم (هەندێکجار) و بە پلەی چوارەم (زۆرجار) و لە کۆتایشدا (هەمیشە)، هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی دووەم: بە پلەی یەکەم (کەمجار) و بە ڕێژەی (32.7%)ی نموونەی توێژینەوەکە و بە پلەی دووەم (هەندێکجار)بە ڕێژەی (22.4%) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان هاوکارە لەبەخشینی داتا و زانیارییەکان لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان، هەروەها بژاردەی (هەرگیز) لەپلەی سێیەم دایە بە ڕێژەی (20.4%) ،(زۆرجار) بە ڕێژەی (17.3%)لە پلەی چوارەمدایە، لە کۆتایشدا (هەمیشە)بە ڕێژەی (7.1%)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی سێیەم: بە پلەی یەکەم بژاردەی (هەرگیز) بە ڕێژەی (48%) پێیانوایە ،کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەرگیز نەیانتوانیوە ببنە پردێکی پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی قسەکردن لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان یان یاساکان خۆیان، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (25.5%) پەرلەمانتاران پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان کەمجار توانیویەتی ببێتە ئەو پردی پەیوەندییە.

بڕگەی چوارەم: بە پلەی یەکەم بژاردەی (هەرگیز)بە ڕێژەی (43.9%) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەرگیز نەیانتوانیوە ڕایەکی گشتی ئەرێنی لەناو خەڵکدا دروستکەن لەسەر ئەو بڕیار و پڕۆژەیاسایانەی،کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (27.6%) پەرلەمادتاران پێیانوایە، کەمجار ڕاگەیاندنی پەرلەمان توانیویەتی ئەو ڕایەگشتیە ئەرێنییە لەناو خەڵکدا دروستبکات، دوای ئەوە بژاردەی (هەندێکجار) لە پلەی سێیەم، و (زۆرجار) لەپلەی چوارەم ،و لە کۆتایشدا (هەمیشە) دێت.

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەمیش: بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (52%)ی پەرلەمانتاران پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەرگیز نەیتوانیوە بە خستنەڕووی زانیاریەکانی کاریگەری خەڵک لەسەر دارشتنی پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان دروستبکات، ببێتە هۆی گۆڕین یان دەستکاریکردنی ئەو بڕگە و ماددانەی کە خەڵک ڕایان لەسەرنەبووە، لە (26.5%)ی بە (کەمجار)، و لە (13.3%) بە (هەندێکجار) هەمانڕایان هەبوە.

بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەخشینی داتا و زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (2.07) و بە پێوەری (لیکارد)، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار ڕۆڵی هەبووە لە بەخشینی داتا و زانیاری بە پەرلەمانتاران.

بەڵام بۆ وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت کە بڕگەی دووەم  بە ناوەندە ژمێرەی (2.58) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار لە بەخشینی داتا و زانیاریەکان لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان هاوکاربووە.

پاشان بڕگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی(2.06) لە ڕیزبەندی دوەمدایە، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار بووەتە سەرچاوەی زانیاری بۆ بەدواداچونەکانی پەرلەمانتاران، لە ڕیزبەندی سێیەم، بڕگەی چوارەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (1.97) کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان کەمجار توانیویەتی ڕایەکی گشتی ئەرێنی لە ناو خەڵک لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان دروستبکات.

ڕیزبەندی چوارەم بڕگەی سێیەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (1.96) کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار بووەتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و پەرلەمانتاران بە ئامانجی قسەکردن لە سەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان.

وە ڕیزبەندی کۆتاییش بڕگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە کە بەناوەندە ژمێرەی (1.79) پێیانوایە، هەرگیز ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانیوە کاریگەری خەڵک لەسەر دارشتنی پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان دروستبکات، ببێتهە هۆی گۆڕین یان دەستکاری کردنی ئەو بڕگە و ماددانەی کە خەڵک ڕایان لەسەرنەبووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەشێوەیەکی گشتی و بە پێی ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، لە بەخشینی داتا و زانیاری دروست بە پەرلەمانتاران و جەماوەر لە ئاست پێویستدانین ، هەروەها نەبوەتە سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاریەکان بۆ پەرلەمنتاران، هەروەها نەبوونەتە پردێکی بەهێز لە نێوان پەرلەمنتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی ناساندن و گەیاندنی یاسا و بڕیارەکان بە خەڵک، نەشیتوانیوە ڕایگشتی ئەرێنی لەسەر یاساکان لە ناو خەڵک دروستبکات، تەنانەت نەبووەتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵک بە پەرلەمان لە گەیاندنی ڕاکانیان لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان.

**وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ هەر چوار تەوەرەکە :**

خشتە ( 7 )

وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە

| تەوەر | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|
| **تەوەری یەکەم** | 2.99 | 1 | هەندێکجار |
| **تەوەری دووەم** | 2.81 | 2 | هەندێکجار |
| **تەوەری سێیەم** | 2.73 | 3 | هەندێکجار |
| **تەوەری چوارەم** | 2.07 | 4 | کەمجار |
| **کۆ** | 2.65 | هەندێکجار | |

خشتەی ژماری (7) ئاماژەدانە، بە وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بە پێی پێوەری (لیکارد) بۆ وەڵامدانەوەی تەوەرەکان دەردەکەوێت، کە تەوەری یەکەم لە ڕیزبەندی یەکەمە بە ناوەندە ژمێرەی (2.99) و تەوەری دووەم لە ڕیزبەندی دووەمە بە ناوەندە ژمێرەی (2.81) و تەوەری سێیەم لە ڕیزبەندی سێیەمە بە ناوەندە ژمێرەی (2.73) و تەوەری چوارەم لە ڕیزبەندی چوارەمە بە ناوەندە ژمێرەی (2.07).

شێوەیەکی گشتی لەسەرئاستی هەر چوار تەوەرەکە، بە ناوەندە ژمێرەی (2.65)، بژاردەی (هەندێکجار)ە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار ڕۆڵی هەبووە لە بەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا.

**بەهای (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

خشتەی (8)

دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوی ڕەگەز

| تەوەر | ناونیشانی برگە | ڕەگەز | چەندبارە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا. | نێر | 70 | 15.24 | 3.629 | 96 | 1.128 | 0.262 |
| | | مێ | 28 | 14.36 | 3.188 | | | |
| دووەم | توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | نێر | 70 | 11.39 | 3.932 | 96 | 0.555 | 0.580 |
| | | مێ | 28 | 10.93 | 2.956 | | | |
| سێیەم | توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | نێر | 70 | 13.90 | 4.527 | 96 | 0.837 | 0.405 |
| | | مێ | 28 | 13.07 | 4.163 | | | |
| چوارەم | ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران. | نێر | 70 | 10.47 | 4.555 | 96 | 0.386 | 0.700 |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، وەک لە خشتەی ژمارە(8) دا دەردەکەوێت، پەرلەمانتاران لە ڕەگەزی نێر پێکهاتوون لە (70) پەرلەمانتار، ڕەگەزی مێ (28)پەرلەمانتار وەڵامیان داوەتەوە.هەروەها وەک لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، بەهای (T) بۆ تەوەری یەکەم بە بەهای (1.128)، تەوەری دووەم بە بەهای (0.555)، و تەوەری سێیەم بە بەهای (0.837)، و تەوەری چوارەم بە بەهای (0.386). ئاماژەدارنییە بۆ هەبوونی جیاوازی، هەروەها ئاستی بەڵگەداریان لە (0.05) زیاترە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ناو پەرلەمانتاراندا بەدیناکرێت لە وەڵامدانەوەیان بە (هەندێکجار) بۆ هەرچوار تەوەری ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

**تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکانی ساممپڵی توێژینەوەکە**

خشتە (9)

ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکان

| تەوەر | ناونیشانی برگە | تەمەن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا. | ٢٥---٣٤ | 14.68 | 2.234 | 3 | 0.670 | 0.573 |
| | | ٣٥---٤٤ | 15.58 | 3.459 | | | |
| | | ٤٥----٥٤ | 14.88 | 4.385 | 94 | | |
| | | ٥٥ زیاتر | 14.14 | 3.613 | | | |
| دووەم | توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | ٢٥---٣٤ | 10.36 | 3.017 | 3 | 1.359 | 0.260 |
| | | ٣٥---٤٤ | 12.19 | 3.763 | | | |
| | | ٤٥----٥٤ | 10.92 | 4.088 | 94 | | |
| | | ٥٥ زیاتر | 10.86 | 3.371 | | | |
| سێیەم | توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | ٢٥---٣٤ | 12.45 | 3.595 | 3 | 1.545 | 0.208 |
| | | ٣٥---٤٤ | 14.83 | 4.178 | | | |
| | | ٤٥----٥٤ | 13.42 | 5.255 | 94 | | |
| | | ٥٥ زیاتر | 13.00 | 4.243 | | | |
| چوارەم | ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران. | ٢٥---٣٤ | 8.36 | 3.472 | 3 | 3.485 | 0.019 |
| | | ٣٥---٤٤ | 12.08 | 5.151 | | | |
| | | ٤٥----٥٤ | 9.69 | 4.434 | 94 | | |
| | | ٥٥ زیاتر | 10.29 | 3.730 | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە(9) دا دەرکەوتووە بەهای (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر پەرلەمانتاران بە تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بۆ (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا)، 0.670 (F)یە بە ئاستی بەڵگەداری 0.573 کە زیاترە لە 0.05 واتە بە جیاوازی تەمەنی پەرلەمانتاران وەک لە خشتەی(9) دەرکەوتووە، بەکۆی گشتی و بێبوونی جیاوازی ڕایانوایە، کە (هەندێکجار) ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا ڕۆڵی گێڕاوە. لە هەمان کاتدا لە تەوەری (دووەمدا) بە هەمان شێوە و بە بەهای (F)ی 1.359 و ئاستی بەڵگەداری 0.260، هەروەها بۆ تەوەری سێیەم بە بەهای (F)ی 1.545 و ئاستی بەڵگەداری 0.208 بێ بوونی جیاوازی ڕایانوایە، کە هەندێکجار (توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان، توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان) ڕۆڵیانگێڕاوە.

بەڵام هەرچی تایبەتە بە تەوەری (چوارەم) وەک لە خشتەکەی سەرەوەدا روونکراوەتەوە؛ بەهای (F) بریتییە لە 3.485 و ئاستی بەڵگەداری 0.019 کە بچووکترە لە 0.05 و ئەمیش ئاماژەیە بۆ هەبوونی جیاوازی، بەپێی تاقیکردنەوەی (LSD) دەرکەوتووە ئەو پەرلەمانتارانەی، کە تەمەنیان لە نێوان (٣٥ بۆ ٤٤) ساڵدایە جیاوازیان درووستکردووە، بە جیاوازی ناوەندە ژمێرەی(3.730) لەگەڵ تەمەنی (٢٥ بۆ ٣٤)، وە بە جیاوازی ناوەندە ژمێرەی(2.391) لەگەڵ تەمەنی (٤٥ بۆ ٥٤). بەوەی کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران (کەمجار) ڕۆڵیانگێڕاوە.

**تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر تەوەرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

خشتە (10)

ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر تەوەرەکان

| تەوەر | ناونیشانی برگە | بڕوانامە | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا. | ئامادەیی | 16.14 | 4.562 | 5 | 1.081 | 0.376 |
| | | دبلۆم | 15.57 | 2.821 | | | |
| | | بەکالۆریۆس | 14.78 | 3.362 | 92 | | |
| | | دبلۆمی باڵا | 8.00 | – | | | |
| | | ماستەر | 14.89 | 3.230 | | | |
| | | دکتۆرا | 15.38 | 4.984 | | | |
| دووەم | توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | ئامادەیی | 12.00 | 4.243 | 5 | 0.714 | 0.614 |
| | | دبلۆم | 12.00 | 3.530 | | | |
| | | بەکالۆریۆس | 10.90 | 3.613 | 92 | | |
| | | دبلۆمی باڵا | 6.00 | – | | | |
| | | ماستەر | 11.37 | 3.789 | | | |
| | | دکتۆرا | 11.88 | 3.834 | | | |
| سێیەم | توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | ئامادەیی | 15.43 | 4.276 | 5 | 0.780 | 0.567 |
| | | دبلۆم | 13.64 | 4.413 | | | |
| | | بەکالۆریۆس | 12.96 | 4.340 | 92 | | |
| | | دبلۆمی باڵا | 11.00 | – | | | |
| | | ماستەر | 14.68 | 4.243 | | | |
| | | دکتۆرا | 14.38 | 5.706 | | | |
| چوارەم | ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران. | ئامادەیی | 10.14 | 4.059 | 5 | 0.432 | 0.825 |
| | | دبلۆم | 10.43 | 5.185 | | | |
| | | بەکالۆریۆس | 9.90 | 4.469 | 92 | | |
| | | دبلۆمی باڵا | 8.00 | – | | | |
| | | ماستەر | 11.63 | 5.304 | | | |
| | | دکتۆرا | 10.50 | 3.780 | | | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشـــتەی ژمارە(10)دەرکەوتووە بەهای (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاسـتی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسـەر هەرچوار تەوەر فۆڕمی ڕاپرسـییەکە، دەردەکەوێت کە بەهای (F) بۆ تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکاندا) بریتییە

له 1.081 و ئاســتی بەڵگەداری (0.376 )کە زیاترە لە 0.05 بەمەش دەردەکەوێت، کە بڕوانامە جیاوازی دروست نەکردووە.

بە هەمان شـــێوە بۆ تەوەری (توانا پیشـــەییەکانی ڕاگەیاندنی پەڕلەمان) بەهای (F) بریتییە لە 0.714 بە ئاستی بەڵگەداری 0.614 کە دیسان هیچ جیاوازییەکی دروستنەکردووە.

هەروەها بۆ تەوەری (تواناى پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەڕلەمان) بەهای 0.780 (F) بە ئاستی بەڵگەداری 0.567 کە ئەمیش هیچ ئاماژەیەک بە بوونی جیاوازی نادات.

لە لایەکی تریشـــەوە هەرچی تەوەری (ڕاگەیاندنی پەڕلەمان لە بەخشـــینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران) بە پێی بڕوانامەکانی پەرلەمانتاران هیچ جیاوازییەک نییە، لە وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو بڕگەیەش بەهای 0.432 (F) بە ئاســـتی بەڵگەداری 0.825. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت بونی بڕوانامە نەبوەتە هۆکاری کاریگەری لەسەر وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە.

**تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ ئاستی کاریگەری گۆڕاوی فراکسیۆن لەسەر تەوەرەکانی سامپڵی تویژینەوەکە:**

خشتە(11)

ئاستی کاریگەری گۆڕاوی لایەنی سیاسی لەسەر تەوەرەکان

| تەوەر | ناونیشانی برگە | فراکسیۆن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا. | سەربەخۆ | 15.33 | 3.512 | 8 | 0.973 | 0.462 |
| | | کۆمەڵ | 14.33 | 1.366 | | | |
| | | پارتی | 15.32 | 3.922 | 89 | | |
| | | یەکێتی | 14.26 | 3.212 | | | |
| | | گۆڕان | 16.70 | 2.312 | | | |
| | | پێکهاتەکان | 13.56 | 3.358 | | | |
| | | نەوەی نوێ | 12.00 | 1.414 | | | |
| | | یەکگرتوو | 16.50 | 5.196 | | | |
| | | ئازادی | 13.00 | - | | | |
| دووەم | توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | سەربەخۆ | 12.67 | 2.517 | 8 | 0.856 | 0.557 |
| | | کۆمەڵ | 10.67 | 2.422 | | | |
| | | پارتی | 11.59 | 3.775 | 89 | | |
| | | یەکێتی | 11.53 | 3.470 | | | |
| | | گۆڕان | 11.20 | 4.315 | | | |
| | | پێکهاتەکان | 9.78 | 3.898 | | | |
| | | نەوەی نوێ | 6.00 | 2.828 | | | |
| | | یەکگرتوو | 12.25 | 3.862 | | | |
| | | ئازادی | 11.00 | - | | | |
| سێیەم | توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان. | سەربەخۆ | 15.33 | 4.041 | 8 | 0.580 | 0.792 |
| | | کۆمەڵ | 13.67 | 2.658 | | | |
| | | پارتی | 13.77 | 4.544 | 89 | | |
| | | یەکێتی | 13.42 | 4.194 | | | |
| | | گۆڕان | 15.00 | 4.397 | | | |
| | | پێکهاتەکان | 11.78 | 4.494 | | | |
| | | نەوەی نوێ | 10.00 | 4.243 | | | |
| | | یەکگرتوو | 15.00 | 7.659 | | | |
| | | ئازادی | 14.00 | - | | | |
| چوارەم | ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران. | سەربەخۆ | 10.67 | 4.041 | 8 | 1.250 | 0.280 |
| | | کۆمەڵ | 8.50 | 3.271 | | | |
| | | پارتی | 10.93 | 4.858 | 89 | | |
| | | یەکێتی | 8.89 | 3.857 | | | |
| | | گۆڕان | 12.40 | 5.420 | | | |
| | | پێکهاتەکان | 9.33 | 4.743 | | | |
| | | نەوەی نوێ | 5.50 | .707 | | | |
| | | یەکگرتوو | 13.25 | 3.594 | | | |
| | | ئازادی | 10.00 | - | | | |

به پێی ئەنجامەکانی خشـــتەی ژمارە (11) دەرکەوتووە بەهای (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاســـتی کاریگەری گۆڕاوی فراکســـیۆن لەســـەر هەرچوار تەوەری فۆڕمی ڕاپرســـییەکە، دەردەکەوێت، کە بەهای (F) بۆ تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناســـاندنی یاســـا و بڕیـارەکـانـدا) بریتییە لە 0.973 و ئـاســـتی بەڵگەداری 0.462 کە زیـاترە لە 0.05 بەمەش دەردەکەوێت، کە فراکسیۆنەکان جیاوازیان دروستنەکردووە.

بە هەمان شـــێوە بۆ تەوەری (توانا پیشـــەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان) بەهای (F) بریتییە لە 0.856 بە ئاســـتی بەڵگەداری 0.557 کە دیســـان بەراورد بە بەهای بەڵگەداری (0.05)، هیچ جیـاوازییەکی دروســـتنەکردووە. هەروەهـا بۆ تەوەری (توانـای پەیوەنـدییەکـانی ڕاگەیـانـدنی پەرلەمان) بەهای 0.580 (F) بە ئاستی بەڵگەداری 0.792 کە ئەمیش هیچ ئاماژەیەک بە بوونی جیـاوازی نـادات. لەلایەکی تریشـــەوە هەرچی تەوەری (ڕاگەیـانـدنی پەرلـەمـان لە بەخشـــینی زانیارییەکان بە پەڕلەمانتاران) بە پێی فراکســـیۆنەکانیان لە پەرلەمان هیچ جیاوازییەک نییە لە وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو بڕگەیەش بەهای 1.250 (F) بە ئاستی بەڵگەداری 0.280. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ســـەرەڕای جیاوازی بیروبۆچون و ئایدۆلۆژیای ســـیاســـی نێوان فراکســـیۆنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان بەڵام ئەم جیاوازیانە کاریگەی نەبووە لەســـەر وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە.

## فۆڕمی ڕاپرسی دووەم : تایبەت بە پەیامنێران

## یەکەم: تایبەتمەندیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

### أ-تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە:

خشتەی (١)

تایبەتمەندی دیمۆگرافی پەیامنێران

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی پەرلەمانتاران | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 26 | %92.9 |
| | مێ | 2 | %7.1 |
| | کۆ | 28 | %100.0 |
| تەمەن | ٢٥-٣٤ | 15 | 53.6% |
| | ٣٥-٤٤ | 13 | 46.4% |
| | کۆ | 28 | %100.0 |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 3 | %10.7 |
| | دبلۆم | 7 | %25.0 |
| | بەکالۆریۆس | 16 | %57.1 |
| | دبلۆمی باڵا | 0 | 0 |
| | ماستەر | 1 | %3.6 |
| | دکتۆرا | 1 | %3.6 |
| | کۆ | 28 | 100.0% |

بە پێیئەو زانیاریانەی کە لە خشـــتەی (1) ڕوونکراوەتەوە، رەگەزی نێر بە ڕێژەی (92.9%) بە پلەی یەکەم دێت، ڕەگەزی مێینەش ڕێژەی (7.1%)ی پێکهێناوە و بە پلەی دووەم دێت، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەمتر کاری پەیامنێری دەکەن لەچاو ڕەگەزی نێر.سەبارەت بە تەمەن ئەوانەی، کە تەمەنیان لەنێوان (25-34) ساڵی دایە ڕێژەی (53.6%) لە ڕیزبەندی یەکەمدان، بەڕیزبەندی دووەمیش ئەوانەن، کە تەمەنیان لە نێوان (35_44)دان بە ڕێژەی (46.4%) ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ئەوانەی کاری پەیامنێری دەکەن لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرینەیان گەنجن.

بەسەرنجدان لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت لە زۆربەی پەیامنێران بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی( 57.1%)، هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم ڕیزبەندی دووەم جێگیر دەکەن بە ڕێژەی (25%)، ئەوانەشی بڕوانامەی ئامادەییان هەیە ڕێژەی(10.7%) پێکدەهێنن و لە ڕیزبەندی سێیەم جێگیربوون، هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و

دکتۆراش بە ڕیزبەنـدی چوارەم و پێنجەم بەڕێژەی( 3.6%)دێن، ئەمەش مـانـایوایە، کە پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەکالۆریۆسیان هەیە.

**ب - ڕادەی بەرکەوتنی پەیامنێران بە میدیا:**

خشتەی (2)

ڕادەی بەرکەوتنی پەیامنێران بە میدیا

| ئەوەر | ناونیشانی برگە | کاتەکانی بەرکەوتن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی ٪ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕادەی بەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان. | کەمتر لە ١ | - | - | ٣,١٤ | ٠,٨٩١ |
| | | ١---٢ | ٥ | %١٧,٩ | | |
| | | ٢---٤ | ٩ | %٣٢,١ | | |
| | | ٤ بەرەوژوور | ١٤ | %٥٠ | | |
| دووەم | ڕادەی بەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسان بە سۆشیاڵ میدیا | کەمتر لە ١ | ١ | %٣,٦ | ٣,٣٢ | ٠,٧٧٢ |
| | | ١---٢ | ٦ | %٢١,٤ | | |
| | | ٢---٤ | ٩ | %٣٢,١ | | |
| | | ٤ بەرەوژوور | ١٢ | %٤٢,٩ | | |

ئەوەی لەم خشـتەیەدا خراوەتەڕوو ڕادەی بەرکەوتنی ڕۆژانەی سـامپڵی توێژینەوەکەیە بە میدیا (کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و سـوشـیال میدیا) کە بە ڕێژەی (50%) ی نمونەی سـامپڵەکە بە ڕیزبەندی یەکەم ئەوانەن کە رۆژانە (4 کاتژمێر بەرەوژوور) سـەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەکەن، بەڕیزبەنـدی دووەم بەڕێژەی (32.1%) ڕۆژنە (2-4کـاتژمێر) بەرکەوتنیـان لەگەڵ کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان هەیە، بەڕیزبەندی سێیەم وبەڕێژەی (17.9%) ی سامپڵەکە زیاتر لە (1-2کاتژمێر) بەرکەوتنیان بەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکان هەیە.

بەڵام بۆ ڕادەی بەرکەوتنیان بە سـۆشـیال میدیا یان بەکارهێنانی سـۆشـیال میدیا بە ڕێژەی (42.9%) ڕۆژانە (4کاتژمێر بەرەوژوور) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕیزبەندی یەکەم

دیاریدەکات ، ئەوانەی ڕۆژانە (2-4کاتژمێر) سـۆشـیال میدیا بەکاردەهێنن بەڕیزبەندی دووەم دێن بە ڕێژەی (32.1%)، ئەوانەشـی (1-2کاتژمێر) سـۆشـیال میدیا بەکاردەهێنن لە ڕیزبەندە سـێیەم بە ڕێژەی (21.4%)دێن، لە ڕیزبەندی کۆتایشـدا بە ڕێژەی (3.6%) ئەوانەن کە ڕۆژانە(کەمتر لە 1 کاتژمێر) سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سـامپڵی توێژینەوەکە زیاتر سـەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەکەن وەک لە سۆشیال میدیا ، ئەگەر (4 کاتژمێر بەرەوژوور) بەنمونە وەربگرین ئەوا (50%) ی پەیامنێران ئەوکاتە سـەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا (42.9%) سـەیری سـۆشـیال میدیا دەکەن، ئەمەش مانایوایە، کە سـامپڵەکەمان بە بایەخەوە گرنگی بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەدەن و بەسەرچاوەی پشتپێبەستنی هەواڵ و زانیاریەکانی دادەنێن.

## دووەم : پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەبەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا

خشتەی (3)

ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ج | % | ج | % | ج | % | ج | % | ج | % | | | |
| 1-پێدانی زانیاریپێویست بەکەناڵەتەلەفزیۆنیەکان سەبارەت بە یاسا وبڕیارەکان | 4 | 14.3 | 8 | 28.6 | 14 | 50.0 | 2 | 7.1 | – | – | 3.50 | 2 | زۆرجار |
| 2– هەوڵدان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکان بە هاولاتیان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە | 2 | 7.1 | 4 | 14.3 | 11 | 39.3 | 10 | 35.7 | 1 | 3.6 | 2.86 | 4 | هەندێکجار |
| 3-بونی ململانێ سیاسیەکان لەبەردەم گەیشتنی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە زانیاری و ئەجێندای کاری پەرلەمانی | 6 | 21.4 | 11 | 39.3 | 6 | 21.4 | 4 | 14.3 | 1 | 3.6 | 3.61 | 1 | زۆرجار |
| 4– بایەخ نەدانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە تاوتوێی پڕۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان | – | – | 7 | 25.0 | 9 | 32.1 | 8 | 28.6 | 4 | 14.3 | 2.68 | 5 | هەندێکجار |
| 5-کۆبونەوە و وردەکاریکاری لیژنەکانی پەرلەمان تەنها وەک هەواڵێک بلاودەکرێتەوە و وردکاری پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان ناخرێتەڕوو بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | 2 | 7.1 | 9 | 32.1 | 8 | 28.6 | 5 | 17.9 | 4 | 14.3 | 3.00 | 3 | هەندێکجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 3.13 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشـتـەی ژمارە (3)دا ڕوونکراوەتەوە بڕگەکانی تەوەری یەکەمە کە (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان لە بەشـــداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکاندا) دەخاتەڕوو ، سەبارەت بە بڕگەکانیش

بڕگەی یەکەم: وەک لە خشـتـەکەدا دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم (50%)ی نمونەی توێژینەوەکە (هەندێکجارە)، وە بەپلەی دووەم و لە (28.6%)ی نمونەکە(زۆرجار) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان توانیویەتی زانیاری پێویست بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکان بدات، بەپلەی سێیەم (هەمیشە) و بە پلەی چوارەم (کەمجار) هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی دووەم: بە پلەی یەکەم (هەندێکجار) بە ڕێژەی (39.3%)ی نمونەی توێژینەوەکە و بە پلەی دووەم (کەمجار) بە ڕێژەی (35.7%) پێیانوایە،کە ڕاگەیاندنی پەرلەمان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە هەوڵی ناســاندنی یاســا و بڕیارەکانی داوە، (زۆرجار) بە ڕێژەی (14.3%)لە پلەی سێیەمدایە و پلەی چوارەمیش بژاردەی (هەمیشە) بە ڕێژە(7.1%)ە، لە کۆتایشدا (هەرگیز) بە ڕێژەی( 3.6%)ی نمونەی توێژینەوەکە هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی ســێیەم: کە باس لە ڕۆڵی ململانێ ســیاســیەکان دەکات و بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (39.3%) پێیانوایە، ململانێ ســیاســیەکان زۆرجار ڕێگرە لەبەردەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ گەیشـــتن بە زانیاری و ئەجێندای کاری پەرلەمان، بەڕێژەی (21.4%)ی نمونەی توێژینەوەکە زۆرجار و هەندێکجار هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی چوارەم: کە باس لە بایەخدانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەکات بۆ پێشـــنیازە یاســـا وبڕیارەکان، لەپلەی یەکەم (32.1%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە، کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان هەندێکجار خۆیان بایەخ بە تاوتوێی پڕۆژە و پێشـــنیازە یاســـاکان نادەن ، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (28.6%) بە بژاردەی (کەمجار)، و (25%) بە بژاردەی (زۆرجار) هەمانڕایان هەیە.

ســەبارەت بە بڕگەی پێنجەم: بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (32.1%)ی پەیامنێران پێیان وابووە کە (زۆرجار) ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردسـتان وردەکاری پڕۆژە و پێشـنیازە یاسـاکان ناخاتەڕوو بۆ کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان، دواتر (هەندێکجار) بە ڕێژەی (28.6%) هەمان ڕایان هەیە.

بە شــێوەیەکی گشــتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان لە بەشداریپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (3.13) و بە پێوەری (لیکارد) ، (هەندێکجار) ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان بەشـــداریبە کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان لە ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکاندا دەکات، بەڵام بۆ وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت کە بڕگەی سێیەم بە ناوەندە ژمێرەی (3.61)

لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، ململانێ سیاسەکان زۆرجار ڕێگربووە لەبەردەمی کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان بۆ گەیشتنیان بە زانیاری و ئەجێنداری کاری پەرلەمان.

پاشان برگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی(3.50) لە ڕیزبەندی دوەمدایە، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان زۆرجار توانیویەتی زانیاری پێویست بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان سەبارەت بە یاسا وبڕیارەکانی پەرلەمان بدات.

دواتر برگەی پێنجەم بە ڕیزبەندی سێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (3.0) دێت، کە پێیانوایە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار وردەکاری پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان بۆ کەناڵەتەلەفزیۆنییەکان دەخاتەڕوو.

وە ڕیزبەندی چوارەمیش برگەی دووەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (2.86) کە پێیانوایە، هەندێکجار ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە هەوڵی ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی داوە.

وە ڕیزبەندی کۆتایش برگەی چوارەمی تەوەرەکەیە کە بەناوەندە ژمێرە (2.68) پێیانوایە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان هەندێکجار خۆیان بایەخ بە تاوتوێی پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان نادەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەبەشێوەیەکی گشتی و بە پێی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوون، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لەبەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئامانجی ناساندن و گەیاندنی یاسا و بڕیارەکان بە خەڵک لە ئاست پێویستدانییە، هەروەها ململانێ سیاسیەکان ڕێگری گەورەدەکەن بەرامبەر بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ گەیشتنیان بە زانیاری و ئەجێنداری کاری پەرلەمان، هەروەها ڕاگەیاندنی پەرلەمان بەپێی پێویست وردەکاری پڕۆژە وپێشنیازە یاساکان ناداتە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، ئەمەش بوتە هۆکارێک بۆئەوەی کەناڵەکانیش بایەخ بە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان نەدەن .

## تەوەری دووەم : پەیوەندیەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

خشتە(4)

پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەڕلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

| بڕگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1-توانای ڕوماڵکردنی کۆبونەوەکان لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە | 2 | 7.1 | 15 | 53.6 | 4 | 14.3 | 5 | 17.9 | 2 | 7.1 | 3.36 | 1 | هەندێکجار |
| 2-بەیەکسان مامەڵە دەکات لە هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵەتەلەفزیۆنیەکان | 5 | 17.9 | 3 | 10.7 | 8 | 28.6 | 10 | 35.7 | 2 | 7.1 | 2.96 | 3 | هەندێکجار |
| 3- خۆی زانیاری لەسەر کار و چالاکیەکانی بەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەدات | - | - | 13 | 46.4 | 3 | 10.7 | 6 | 21.4 | 6 | 21.4 | 2.82 | 4 | هەندێکجار |
| 4-کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان سوود لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان وەردەگرن بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر | 3 | 10.7 | 7 | 25.0 | 9 | 32.1 | 6 | 21.4 | 3 | 10.7 | 3.04 | 2 | هەندێکجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 3.04 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (4)دا خراوەتەڕوو، تەوەری دووەمی ڕاپرسییەکەیە، کە تایبەتە بە دەرخستنی (ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانە) سەبارەت بە بڕگەکانیش

بڕگەی یەکەم: پەیامنێران بە ڕێژەی (53.6%) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان زۆرجار توانیویەتی ڕوومالّی دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبونەوەی لیژنەکان لە ڕێگەی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکانەوە بکات، بەڕێژەی (17.9%) کەمجار و ڕێژەی (14.3%) بە هەندێکجار هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی دووەم : بەڕێژەی (35.7%) کەمجار و بەڕێژەی (28.6%) (هەندێکجار) پێیانوایە، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی یەکسان مامەڵە لە هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕاگەیاندنەکانی تر بۆ گواستنەوەی کار و چالاکییەکانی پەرلەمان دەکات، بە ڕێژەی (17.9%) بە بژاردەی هەمیشە و ڕێژەی (10.7%) زۆرجار، هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی سێیەم: بە پلەی یەکەم لە (46.4%) پەیامنێران پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان زۆرجار خۆی زانیاری بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لەسەر کار و چالاکییەکانی دەدات، بە ڕێژەی (10.7%)ی پەیامنێران (هەندێکجار) ئەو ڕایەیان هەیە، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی (21.4%)ی پەیامنێران بە بژاردەی (کەمجار و هەرگیز) ڕایان پێچەوانەیە.

بڕگەی چوارەم: بە پلەی یەکەم سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (32.1%) هەندێکجار کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان توانیویانە سوود لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی ناو پەرلەمان وەربگرن، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (25%) بە بژاردەی(زۆرجار) هەمانڕایان هەیە، لەبەرامبەردا (21.4%) بە کەمجار و (10.7%) بە بژاردەی هەرگیز بە پێچەوانەی ئەو ڕایەن.

بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (3.04)بە پێوەری( لیکارد)، دەگەینە ئەو ئامانجەی، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار توانیویەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی تر ڕێکبخات و هەماهەنگی لە نێوانیان دروستبکات.

بەڵام بۆ وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت، کە بڕگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی (3.36) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار توانیویەتی ڕوومالّی دانیشتنەکان و کۆبونەوەی لیژنەکان لە ڕێگەیی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بکات.

پاشـــــان بڕگەی چوارەم بە ناوەندە ژمێرەی(3.04) لە ڕیزبەندی دوەمدایە، کە پێیانوایە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان هەندێکجار سوودی لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بۆ گواستنەوەی کارو چالاکییەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر وەرگرتووە.

دواتر بڕگەی دووەم بە ڕیزبەندی ســـێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (2.96)دێت، کە پێیـانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان هەندێکجار بە یەکســـانی هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکییەکانی پەرلەمان دەکات.

ڕیزبەندی چوارەمیش بڕگەی ســـێیەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (2.82) ،کە پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەندێکجار خۆی زانیاری بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەدات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەشـــێوەیەکی گشـــتی و بە پێی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشـــتوون پەیوەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســتان و هەماهەنگیەکانیان لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان تاڕادەیەک باشە، هەروەها هەندێکجار زانیاری پێویست لەسەر گفتوگۆ و داڕشتنی یاســـاکان لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بۆ جەماوەر دەخاتەڕوو، وە بە پێی ئەنجامەکان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجاریش پشت بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی ناو پەرلەمان دەبەستێت.

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

خشتە (5)

ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندەژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1-بووبە سەرچاوەی زانیاری بۆ بەدواداچون و ڕووماڵەکان لەسەر پەرلەمان | 5 | 17.9 | 13 | 46.4 | 9 | 32.1 | 1 | 3.6 | – | – | 3.79 | 1 | زۆرجار |
| 2- هاوکارە لە بەخشینی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان | – | – | 10 | 35.7 | 9 | 32.1 | 7 | 25.0 | 2 | 7.1 | 2.96 | 4 | هەندێکجار |
| 3-بووەتە پردێکی بەهێز لە نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | 2 | 7.1 | 12 | 42.9 | 6 | 21.4 | 5 | 17.9 | 3 | 10.7 | 3.18 | 2 | هەندێکجار |
| 4-بابەتەکانی ناو پەرلەمان هەموویان کراوەن بۆ ڕوماڵکردن | 1 | 3.6 | 9 | 32.1 | 10 | 35.7 | 6 | 21.4 | 2 | 7.1 | 3.04 | 3 | هەندێکجار |
| 5-بەربەست دروستدەکات لە ڕوماڵ و پێدانی زادیاری لە نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | 1 | 3.6 | 7 | 25.0 | 12 | 42.9 | 5 | 17.9 | 3 | 10.7 | 2.93 | 5 | هەندێکجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 3.18 | | هەندێکجار |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (5)دا ڕوونكراوەتەوە، بڕگەكانی تەوەری سێیەمە، كە (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان لە بەخشینی زانیارییەكان بە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان) دەخاتەڕوو.

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم: وەك لە خشتەكەدا دەردەكەوێت، بە پلەی یەكەم (46.4%)ی نمونەی توێژینەوەكە بە بژاردەی(زۆرجار)، بە پلەی دووەمیش لە (32.1%) بە(هەندێكجار) پێیانوایە، كە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان بووە بە سەرچاوەی زانیاری بۆ بەدواداچوونەكانیان لەسەر پەرلەمان.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم: بە پلەی یەكەم بە ڕێژەی (35.7%)ی نمونەی توێژینەوەكە (زۆرجار) وبە پلەی دووەم (هەندێكجار) بە ڕێژەی (23.1%) پێیانوایە، كە ڕاگەیاندنی پەرلەمان هاوكاری كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانە لەبەخشینی داتا و زانیارییەكان لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساكان، هەروەها بژاردەی (كەمجار) لەپلەی سێیەمدایە بە ڕێژەی (25%) هەمانڕایان هەیە.

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم: بە پلەی یەكەم بە ڕێژەی (42.9%) پێیانوایە ،كە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان (زۆرجار) توانیویانە ببنە پردێكی بەهێز لە نێوان پەرلەمانتاران و كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان بە ئامانجی قسەكردن لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساكان یان یاساكان، بە پلەی دووەم بە ڕێژەی (21.4%) پەیامنێران پێیانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەندێكجار ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم: بە پلەی یەكەم بژاردەی (هەندێكجارە) بە ڕێژەی (35.7%) و (32.1%) پێیانوایە، زۆرجار بابەتەكانی گفتوگۆ و تاوتوێكراوی ناو پەرلەمان بۆ ڕووماڵكردن ڕێگەپێدراوە.

سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم: بە پلەی یەكەم بە ڕێژەی (42.9%)ی پەیامنێران، پێیانوایە، كە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان هەندێكجار بەربەست لە نێوان كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان دروستدەكات لە پێدانی زانیاریش جیاكاریدەكات، لە (25%)ی پەیامنێرانیش بە (زۆرجار) وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

بە شێوەیەكی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان لە بەخشینی داتا و زانیارییەكان بە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان) بە كۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (3.18) و بە پێوەری (لیكارد)، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان هەندێكجار ڕۆڵی لە بەخشینی داتا و زانیاری بە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان هەبووە.

بەڵام بۆ وەڵام دانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت، کە بڕگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی (3.79) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە کە پێیانوایە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان زۆرجار هاوکاربووە لە بەخشـــینی داتاو زانیارییەکان لەســـەر پرۆژە و پێشـــنیازە یاســـاکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

پاشــــان بڕگەی ســــێیەم بە ناوەندە ژمێرەی(3.18) لە ڕیزبەندی دووەمدایە، کە پێیانوایە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســــتان هەندێکجار بوەتە پردێکی بەهێز لە نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

لە ڕیزبەندی ســـێیەم، بڕگەی چوارەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (3.04) ،کە پێیانوایە بابەتەکانی گفتوگۆ و تاوتێکراوی ناو پەرلەمان هەندێکجار کراوەن بۆ ڕووماڵکردن.

ڕیزبەنـدی چوارەم بڕگەی دووەمی تەوەرەکەیە، بەنـاوەنـدە ژمێرەی(2.96)، کە پێیـانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردسـتان هەندێکجار هاوکاری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی لە بەخشـی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژە یاساکان کردووە.

وە ڕیزبەنـدی کۆتـایش بڕگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە، کە بەنـاوەنـدە ژمێرە (2.93) پێیـانوایە، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردســـتان هەندێکجار بەربەســـت و جیاکاریی لەبەردەمی کەناڵەکان لە ڕووماڵ و پێدانیی زانیاری دروستدەکات.

ئەمەش وەدەگەیەنێت کەبەشێوەیەکی گشتی و بە پێیئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار هاوکاری کەناڵەکانی لە بەخشینی داتا و زانیاری دروستکردوە، بەڵام زۆربەی پەیامنێران پێیـانوایە، کە ڕاگەیـاندنی پەرلەمـان هـاوکاریـانە لە گەیشـــتنیـان بە پەرلەمانتان بۆ قســـەکردن لەســـەر یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمان، زۆرجار وەک ســـەرچاوەی زانیاری و هاوکارێکی باش، سەیری ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەکەن.

## تەوەری چوارەم : پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

خشتەی (6)

پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1-کەناڵەکان بونەتە پردێکی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر | 1 | 3.6 | 12 | 42.9 | 8 | 28.6 | 5 | 17.9 | 2 | 7.1 | 3.18 | 3 | هەندێکجار |
| 2-پەرلەمانتاران گفتوگۆی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان دەگوێزنەوە بۆ کەناڵەکان | – | – | 2 | 7.1 | 9 | 32.1 | 10 | 35.7 | 7 | 25.0 | 2.21 | 4 | کەمجار |
| 3-ڕاوبۆچونی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان بە هەند وەردەگیرێت لەلایەن لیژنەکانەوە | 6 | 21.4 | 7 | 25.0 | 9 | 32.1 | 5 | 17.9 | 1 | 3.6 | 3.43 | 2 | زۆرجار |
| 4-کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان گرنگی دەدەن بە کار و چالاکی و کۆبونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان | 4 | 14.3 | 15 | 53.6 | 4 | 14.3 | 3 | 10.7 | 2 | 7.1 | 3.57 | 1 | زۆرجار |
| 5-کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەشداری دەکەن لە گفتوگۆی نێوان لیژنەکان و جەماوەر | 1 | 3.6 | 3 | 10.7 | 4 | 14.3 | 7 | 25.0 | 13 | 46.4 | 2.00 | 5 | کەمجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.87 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشـــتەی ژمارە (6)دا خراوەتەڕوو دەرخســـتنی ئاســـتی (پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان)ە. سەبارەت بە بڕگەکانیش

بڕگەی یەکەم: پەیامنێران بە ڕێژەی (42.9%) پێیانوایە، کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان زۆرجار بوونەتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەر بۆ ڕونکردنەوە و ناساندنی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمان، بەڕێژەی (28.6%)( هەندێکجار) و (کەمجار) بە ڕێژەی (17.9%)ی پەیامنێران هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی دووەم: بە ڕێژەی (35.7%) (کەمجار) و بەڕێژەی (32.1%) (هەندێکجار)، بە ڕێژەی (25%) (هەرگیز) پێیانوایە، کە ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان گفتوگۆی پڕۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیارە پێشنیازکراوەکان بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەگوێزنەوە.

بڕگەی ســـێیەم : بە پلەی یەکەم لە (32.1%)پەیامنێران، پێیانوایە، کە لیژنەکانی پەرلەمان هەندێکجار ڕاو بۆچونی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لەســـەر پڕۆژە و پێشـــنیازە یاســـاکان بەهەندوەردەگرن، وە ڕێژەی (25%) (زۆرجار)، و (21.3%)بە بژاردەی (هەمیشـــە) هەمانڕایان هەیە.

بڕگەی چوارەم :بە پلەی یەکەم وبە ڕێژەی (53.6%)ی پەیـامنێران، پێیـانوایە، کە کەنـاڵە تەلەفزیۆنیەکان زۆرجار گرنگی بە کار و چالاکی و کۆبوونەی لیژنەکانی پەرلەمان دەدەن، بە ڕێژەی (14.3%) بەبژاردەکانی (هەندێکجار) و (هەمیشە) هەمان ڕایان هەیە.

بڕگەی پێنجەم: کە تـایبەتە بە هـەمـاهـەنگی نێوان پەرلەمـانتـاران و کەنـاڵەتەلەفزیۆنییەکـان بۆ بەشـداری کردنیان لە دروسـتکردنی گفتوگۆ لەسـەر پرۆژە و پێشـنیازە یاسـا و بڕیارەکان، لە (46.3%)ی پەیـامنێران پێیـانوایە، کە لیژنەکـانی پەرلەمـان هەرگیز بەشـــــداریبە کەنـاڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ دروســـتکردنی گفتوگۆ لەنێوان لیژنەکان و جەماوەر بۆ داڕشـــتنی یاســـا و بڕیارەکان ناکەن، وە بە ڕێژەکانی (25%) بە (کەمجار)، و (14.3%) (هەندێکجار) هەمانڕایان هەیە.

بە شـێوەیەکی گشـتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ئاسـتی پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان) بە کۆی گشـــتی ناوەندە ژمێرەی (2.87) و بە پێوەری ( لیکارد)، دەگەینە ئەو ئامانجەی ،کە پەرلەمانتاران هەندێکجار توانیویەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕێکبخات و هەماهەنگی لە نێوانیان دروستبکات.

بەڵام بۆ وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت، کە بڕگەی چوارەم بە ناوەندە ژمێرەی (3.57) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، کە پێیانوایە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان زۆرجار گرنگی بە کار و چالاکی و کۆبونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان دەدەن.

پاشـــــان بڕگەی ســــێیەم ، بە ناوەندە ژمێرەی (3.43) لە ڕیزبەندی دووەمدایە ،کە پێیانوایە لیژنەکانی پەرلەمان زۆرجار ڕاوبۆچونی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لەســــەر پڕۆژە و پێشـــنیازە یاساکان بەهەند وەردەگرن.

دواتر بڕگەی یەکەم بە ڕیزبەندی ســێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (3.18) دێت ،کە پێیانوایە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بونەتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر بۆ قســــەکردن لەسەر پڕۆژە و پێشنیازە یاساکان.

ڕیزبەندی چوارەمیش بڕگەی دووەمی تەوەرەکەیە، بەناوەندە ژمێرەی (2.21) ،کە پێیانوایە، لیژنەکانی پەرلەمان کەمجار گفتوگۆی پڕۆژە وپێشـــنیازە یاســـا و بڕیارەکان بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەگوێزنەوە.

لە ڕیزبەندی کۆتایشـــدا بڕگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە، کە بەناوەندە ژمێرە (2.00) پێیانوایە، لیژنەکانی پەرلەمان کەمجار بەشداری بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە گفتوگۆی نێوان پەرلەمانتارن و جەماوەر لە داڕشتنی یاسا و بڕیارەکاندا دەکەن، ئەمەش وەدەگەیەنێت، کەبەشێوەیەکی گشتی و بەپێی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوون، پەیوەندیەکانی نێوان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ئاستی پێویستدانین و هەماهەنگییکردن، لە نێوانیان تاڕادەیەک باشە ، پەرلەمانتارن نەیانتوانیوە وەک پێویســت سـوود لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ گەیاندنی زانیاری پێویســـت لەســـەر گفتوگۆ و داڕشـــتنی یاســـاکان بۆ جەماوەر ببینین، بەڵام پەیامنێری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پێیانوایە، کە زۆرجار بونەتە پردێک لە نێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر بۆ ناســـاندنی یاســـا و بڕیارەکانی پەرلەمان، هەروەها پێیانوایە، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان گرنگی زۆردەدات بە کار وچالاکی و کۆبونەوەکانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان، بەڵام ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان(پەرلەمانتاران) گرنگی بە بەشـــداری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە گفتوگۆی نێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر نادەن، ســـەرەڕای ئەمەش پێیانوایە، کە تێبینیەکانیان لەلایەن پەرلەمانەوە بەهەند وەردەگیرێت.

## وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە لەسەر ئاستی هەر چوار تەوەرەکە:

خشتە (7)

وەڵامدانەوەی پەیامنێران بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە

| تەوەر | ناوەندەژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|
| **تەوەری یەکەم** | 3.13 | 1 | هەندێکجار |
| **تەوەری دووەم** | 3.04 | 2 | هەندێکجار |
| **تەوەری سێیەم** | 3.18 | 3 | هەندێکجار |
| **تەوەری چوارەم** | 2.87 | 4 | هەندێکجار |
| **کۆ** | 3.05 | هەندێکجار | |

خشـــتەی ژماری (7)ئاماژەدانە بە وەڵامدانەوەی پەیامنێران بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بە پێی پێوەری (لیکارد) بۆ وەڵامدانەوەی تەوەرەکان دەردەکەوێت، کە تەوەری یەکەم لە ڕیزبەندی یەکەمە بە ناوەندە ژمێرەی (3.13)، تەوەری دووەم لە ڕیزبەندی دووەمە بە ناوەندە ژمێرەی (3.04)، تەوەری سـێیەم لە ڕیزبەندی سـێیەمە بە ناوەندە ژمێرەی (3.18)، تەوەری چوارەم لە ڕیزبەندی چوارەمە بە ناوەندە ژمێرەی (2.87)

شـێوەیەکی گشـتی لەسـەرئاسـتی هەر چوار تەوەرەکە، بە ناوەندە ژمێرەی (3.05)، بژاردەی (هەندێکجار)ە لەمەوە بۆماندەردەکەوێت، کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردسـتان هەندێکجار ڕۆڵی لە بەشدارپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا هەبووە .

**بەهای (T) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

خشتەی (8)

دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوی ڕەگەز

| تەوەر | ناونیشانی برگە | ڕەگەز | چەند بارە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا | نێر | 26 | 15.46 | 2.716 | 26 | 1.271 | 0.215 |
| | | مێ | 2 | 18.00 | 2.828 | | | |
| دووەم | پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | نێر | 26 | 11.96 | 3.594 | 26 | 1.143 | 0.263 |
| | | مێ | 2 | 15.00 | 4.243 | | | |
| سێیەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | نێر | 26 | 15.81 | 2.829 | 26 | 0.583 | 0.565 |
| | | مێ | 2 | 17.00 | 1.414 | | | |
| چوارەم | پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | نێر | 26 | 14.35 | 2.911 | 26 | 0.281 | 0.781 |

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، وەک لە خشتەی ژمارە(8)دا دەردەکەوێت، ڕۆژنامەنووسان لە ڕەگەزی نێر پێکهاتوون لە (26) ڕۆژنامەنووس، ڕەگەزی مێ (2) ڕۆژنامەنووس. هەروەها وەک لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، بەهای (T) بۆ تەوەری یەکەم بە بەهای (1.271)، و تەوەری دووەم بە بەهای (1.143)، و تەوەری سێیەم بە بەهای (0.583)، و تەوەری چوارەم بە بەهای (0.281). کە ئاماژەدار نییە بۆ هەبوونی جیاوازی، بەوپێیەی ئاستی بەڵگەداریان لە (0.05) زیاترە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ناو ڕۆژنامەنووسان بەدیناکرێت، لە وەڵامدانەوەیان بە (هەندێکجار) بۆ هەرچوار تەوەری ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە.

**تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

خشتەی(9)

ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر تەوەرەکان

| تەوەر | ناونیشانی برگە | تەمەن | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا | ٢٥-٣٤ | 15.27 | 2.815 | 1 | 0.595 | 0.448 |
| | | ٣٥-٤٤ | 16.08 | 2.722 | | | |
| | | ٤٥-٥٤ | – | – | 26 | | |
| | | ٥٥بەرەوژوور | – | – | | | |
| دووەم | پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | ٢٥-٣٤ | 12.93 | 3.474 | 1 | 1.409 | 0.246 |
| | | ٣٥-٤٤ | 11.31 | 3.772 | | | |
| | | ٤٥-٥٤ | – | – | 26 | | |
| | | ٥٥بەرەوژوور | – | – | | | |
| سێیەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | ٢٥-٣٤ | 16.13 | 1.959 | 1 | 2.40 | 0.629 |
| | | ٣٥-٤٤ | 15.62 | 3.525 | | | |
| | | ٤٥-٥٤ | – | – | 26 | | |
| | | ٥٥بەرەوژوور | – | – | | | |
| چوارەم | پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان | ٢٥-٣٤ | 14.47 | 3.314 | 1 | 0.017 | 0.896 |
| | | ٣٥-٤٤ | 14.31 | 3.011 | | | |
| | | ٤٥-٥٤ | – | – | 26 | | |
| | | ٥٥ بەرەوژوور | – | – | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (9) دا دەرکەوتووە بەهای (ANOVA) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەنی پەیامنێران لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بۆ (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا)، (F)( 0.595 )یە بە ئاستی

بەڵگەداری( 0.448 )،کە زیاترە لە (0.05،) لە هەمانکاتدا لە تەوەری (پەیوەندییەکانی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان)بە بەهای (F)ی( 1.409 )و ئاستی بەڵگەداری (0.246) هەروەها بۆ تەوەری سێیەم (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان)بە بەهای (F)ی( 2.40 )و ئاستی بەڵگەداری( 0.629) هەروەها بۆ تەوەری چوارەم (پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان) بە بەهای (F)ی(0.017)و ئاستی بەڵگەداری(0.896) بەبێبوونی جیاوازی ڕایانوایە ،کە هەندێکجار ڕۆڵیان گێڕاوە.

**تاقیکردنەوەی (ANOVA) بۆ ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر تەوەرەکانی ساميڵی توێژینەوەکە**

خشتە (10)

ئاستی کاریگەری گۆڕاوی بڕوانامە لەسەر تەوەرەکان

| تەوەر | ناونیشانی برگە | بڕوانامە | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وکەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا | ئامادەیی | 12.67 | 2.082 | 4 | 3.424 | 0.025 |
| | | دبلۆم | 16.13 | 1.962 | | | |
